چاودێر

Aweekly Political, Educational & Social Press

THE OBSERVER

رۆژنامەیەکی سیاسی رووناکبیریی کۆمەڵایەتی هەفتانەیە

ژمارە (١٨) دووشەممە ٢٠٠٥/٢/٢٨

پارێزەرانی کورد لەکۆنگرەی پارێزەرانی (حەلەب) دەکشێنەوە

□ (٢٠٠٥/٢/٢٤) کۆنگرەی هەیئەتی گشتی پارێزەرانی لقی شاری (حەلەب)ی سوریا، سازدرا. پارێزەرێکی کورد (خالید محەمەد - خەڵکی شاری عەفرین) گوتەیەکی خوێندەوەو تیایدا گوتویەتی:

پێویستە لەناو سوریادا کرانەوەی سیاسی هەبێ و ئازادی دەستەبەر بکرێ، یاسای ئیستیسنائی و حوکمی عورفی هەڵبگیرێن. داواشی کردووە یاسای سەرژمێری ستەمکاری (١٩٦٢) هەڵبوەشێتەوە کە دەیان هەزار کورد لە ناسنامە بێبەش کراوون. جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە: پیلانی پشتوێنەی عەرەبی نەمێنێ کە سەرزەمینی جوتیارانی کورد زەوت کراوەو دراونەتە عەرەب. لەمیانی قسەکانیدا، پارێزەرە کوردەکە داوای نەهێشتنی تەعریبی لە ناوچە کورد نشینەکاندا کردووەو داواشی کردووە کە سەدان زیندانی سیاسی کورد، ئازاد بکرێن.

لەسەر ئەو قسانە، مەسئولی بەعسی شارەکە ڕێگەی نەداوە (خالید محەمەد)ی پارێزەر قسەکانی تەواو بکاو قسەی رەقی لەناو هۆڵەکەدا پێ گوتووە. پارێزەرە کوردەکانو عەرەبە دۆستەکانیان، ناچار هۆڵەکەیان بەجێهێشتووە.■

(ئەبو رەحاب)ی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەدزی گیراو نەهرۆی شێخ محەمەدو سێ برایشی موخابەراتن

نەهرۆی شێخ محەمەد لەمخابەراتەوە بۆ پەرلەمان د. قەلەندەرو سێ کوڕی تری شێخ محەمەدیش موخابەرات دەرچوون!!

□ بەپێی بەڵگەنامەیەکی (نوسخەی ئەسڵی- نەک لەبەرگیراو)ی بەرێوەبەری دەزگای موخابەراتی عێراقی لە (٨ی ئابی ١٩٩١)دا، داوا لە بەرێوەبەرایەتی گشتی ئیستیخباراتی عەسکەری عێراق دەکا، ناسنامە بۆ (١٢) کەسی خۆفرۆش (دەقی بەڵگەنامەکەو ناوەکانیش بخوێنەوە)، بکەن. لەناو ئەو خۆفرۆشانەدا کوڕە گەورەی (محەمەدی شێخ عەبدولکەریمی کربچنە، نەهرۆ)و (د. قەلەندەر حسێن عەبدولکەریم)یان تیادایە. هەروا، چەندین کوردی خەڵکی سلێمانیو کەرکوکو دانیشتووی بەغدا، لەناو لیستەکەدا، هەن. ئەو ناوانە، ژمارەی دەمانچە یان چەکەکانیشیان نوسراوە.

نەهرۆی شێخ محەمەد.. خۆیو سێ برای، لەو کەسانە بوون کە تەمەنیان لەخزمەتی موخابەراتو ئیستیخباراتدا بردۆتە سەر. کە لەگەڵ باوکیشیدا سێ ساڵ لەمەوبەر بەغدایان جێهێشتو هاتنە سلێمانی، ڕێژێکی زۆریان لێگیراوە، کە بۆتە مایەی گلەیی زۆری خەڵکی شارەکەو کوردستان. سەرەرای ئەمەش، نەهرۆ، لەهەڵبژاردندا لەگەڵ لیستێکی عەرەبیدا دابەزیو ئێستاش کە تەنها خۆی لەو لیستەدا دەرچووە، ئامادە نییە دەنگەکەی بخاتە پاڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان واسەرکەوتووە. بەمەش، دەردەکەوێ کە (نەهرۆ) چەندی پێناخۆشە لیستی کوردەکان دەرچووە. ئەمە جگە لەوەی بەم کارەی عەرەب بوون دەداتە پاشماوەی موخابەراتەکان.■

ت	الاسم الثلاثي	تاريخ الولادة	العنوان الدائم	رقم السدس	رقم البندقية
٠١	نهرو محمد عبدالكريم	١٩٦٩	بغداد	١٩٦٨٦	
٠٢	غاندي محمد عبدالكريم	١٩٧٢	بغداد	١٠٤٧٠	
٠٣	ملاص محمد عبد الكريم	١٩٧٤	بغداد	١١٣٣٧	
٠٤	عمار محمد عبد الكريم	١٩٧٦	بغداد	١١٣٨٠	
٠٥	هلكوردعبدالكريم عبدالقادر	١٩٦٢	كركوك		٣٣٢٢
٠٦	أزر عبدالكريم عبد القادر	١٩٦٥	كركوك	١٩٦٨٩	
٠٧	كوشق عبدالكريم عبدالقادر	١٩٦٧	كركوك		٤٨٩٠
٠٨	عقيل عبدالكريم عبد القادر	١٩٧١	كركوك		٤٧٦٠
٠٩	قلندر حسين عبدالكريم	١٩٥٥	كركوك		٧٩٩٣
٠١٠	سامان معروف عبدالكريم	١٩٥٥	سليمانية		٣٠٣٢
٠١١	جبار فتح الله محمد	١٩٥٥	كركوك	١٥٩٤٠	
٠١٢	علي هادي موسى	١٩٦٢	بغداد	Bk ٨٩٤١	

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
رئاسة الجمهورية
جهاز المخابرات
مكتب مدير الجهاز

سري

IRAQI
INTELLIGENCE SERVICE
IRIS

العدد / ١١٠ / ١ / ٣٤٥
التاريخ / ٢٩ / محرم / ١٤١٢هـ
٩ / ٨ / ١٩٩١م

الى / مديرية الاستخبارات العسكرية العامة

الموضوع / اصدار هويات

يرجى أصدار هويات حمل السلاح للاشخاص المدرجة أسماؤهم في القائمة المرفقة طيا" والتي تبدأ بالتسلسل (٠١ نهرو محمد عبد الكريم) وتنتهي بالتسلسل (٠١٢ علي هادى موسى).
للتفضل بالاطلاع ... مع التقدير.

المرفقات
قائمة.
صور شخصية

ع / مدير جهاز المخابرات
٨ أب ١٩٩١

روسیا:

مەترسی جیاکردنەوەی عێراق و تەقینەوەی دۆخی ناوچەکەی هەیە

□ روسیا، دوپاتی کردۆتەوە کەلەلایەن ئەمریکاوە هیچ جۆرە جەخت کردنەوەیەکمان بۆ پاراستنی یەکێتی عێراق، وەرنەگرتووەو دوو بۆچونیش لەم بارەوە لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا هەیە.

میخائیل ماغیلون سەرۆکی کۆمیتەی کاروباری نێونەتەوەیی لەئەنجومەنی فیدراڵی روسیادا رونیکردەوە کە: بیروڕایەکیان وای دەبینێ کەپاراستنی یەکێتی عێراق گرنگە. دووەمیشیان پێی وایە گرفتێک لەجیابونەوەی ئەم وڵاتەدا نییە. میخائیل دووەم بۆچونی پێ هەڵەیەو پێشی وایە رەنگە کاری وا ناوچەکە بتەقێنێتەوە.

بەرپەرسە روسیەکە وریاییداکە: هەڵوەشاندنەوەی عێراق رنگە دۆخی ئێران و سویاو تورکیاو دەوڵەتانی تریش بتەقێنێتەوە. گوتیشی: جیهان ئامادەی دابەشکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە.

وكاله الانباء الفكرية ٢٠٠٥/٢/٢٢

ئیخوان المسلمین..

رەخنە لەیەکگرتوو دەگرێتو یەکگرتووش کۆبونەوەی شورای لەسەر دەبەستێ

□ لەسەرەتای ئەم مانگەدا، ئیخوان المسلمین، نامەیەکی رەخنە ئامێزی ئاراستەی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کردووە کە: ئایا یەکگرتوو حیزبێکی ئیسلامییە، یان عەلمانی؟ ئەمەش لەسەرەنجامی ئەوەوە هاتووە کە یەکگرتوو، لە لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا بوو. بەپێچەوانەشەوە، حیزبی ئیسلامی عێراق، کە لەسەر ئاستی عێراقدا، وەکو یەکگرتوو سەر بە ئیخوان المسلمینن، بەشداری هەڵبژاردنیان نەکردووە. هەروا، حیزبەکانی سەر بە ئیخوان المسلمین لە وڵاتانی عەرەبیدا، بەتایبەتی هی ئوردون، لەسەر دۆخی نوێی عێراق، هەڵوێستیان نالەبارە. هەر بۆیە یەکگرتووی ئیسلامیش خراوەتە ژێر فشاری رەخنەی ئیخوانەوە. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم رەخنانەش، یەکگرتووی ئیسلامی رۆژی (٢٠٠٥/٢/١٧) کۆبونەوەی شورای ئەنجام داوە.■

پێکهێنانی هەیئەتی ئاسایی کردنەوەی کەرکوک و پابەندی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان

□ رۆژی (٢٠٠٥/٢/٢٢) ماوەیەکی کەم پێش گۆڕینی سەرەک وەزیرانی عێراق و کابینەکەی، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاری داوە هەیئەتێکی باڵا بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆخی کەرکوک پێک بێنێ و راستەوخۆش، پەیوەندی بەئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبێ، سەرچاوەیەکی رەسمی وەزارەتی دادی عێراق رایگەیاند کەوا: هەیئەتەکە لەحکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنرێ. سەرۆک و ئەندامەکان و بارەگاکەی، لەبڕیارێکی دیکەی ئەنجومەنی وەزیراندا دیاری دەکرێن. هەمان سەرچاوە گوتی: ئەم هەیئەتە، بودجەیەکی تایبەتی دەبێ کەجیایە لەو بودجەیەی بۆ کێشەی مولکدارێتی لەعێراقدا دیاری کراوە. هەیئەتەکەش، دەسەڵاتی دراوەتێ پێکهاتەو پێکەوەنانی کاروباری رێکخستنو ئیداری خۆی رێکبخا، هەروا، ئەو وەزارەتانەی پەیوەندییان بەکێشەکەشەوە هەیە، بڕیار دراوە پابەندی بڕیارەکانو کەبڕیارەکانیان دەبێ جێبەجێ بکەن، هەتا ئەرکەکانی رابپەڕێنێ.■

پارە ناکۆکی خستە ناو بنەماڵەی سەدامو جەزراوی و هەڕەشەی دەرکردنی رەغدە

□ ماوەیەکە ناکۆکیەکی توندکەوتۆتە نێوان کەسوکاری سەدامو تەها یاسین رەمەزانەوە. نادیەی کچی تەها رەمەزان، لەکانونی دووەمی ئەمساڵدا سەردانی رەغدە سەدامی کردووەو دانیشتنەکەیان تایبەت بووە لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو پارەیەی کەوتۆتە ژێر چنگیان، بەتایبەتی ساجدەی ژنی سەدامو رەغدەی کچی. دانیشتنەکەیان ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووە، بۆیە، ئێستا کۆڕو کۆبوونەوە بەدزینی پارەو ژێرو گەوهەر، دژبەیەکتر گەرم دەکەن.

هەروەها لەسەر جموجوڵی سیاسی رەغدەو موخابەراتی عێراقی، بڕیارە دەوڵەتی ئوردون دواهەڕەشەی دەرکردنی رەغدە بکات، ئەگەر دەست لەوجموجوڵانە هەڵنەگرێ.■

محەمەد خلیل مەعروف (ئەبو رحاب)

ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، سەرۆکی باندی دزان دەرچوو!!

□ رۆژی (٢٠٠٥/٢/٩)، محەمەد خلیل مەعروف (ئەبو رحاب) وەکو سەرۆکی باندی دزی، لەگەڵ چەندین کەس لە باندەکەی گیران، لەوانە: ١-ئارام برایم حەمەکریم (سلێمانی-تووی مەلیک) ٢-یاسر خلف خلیل (کەرکوک- حی العروبە)٣- کەریم ئیدریس ٤- نذیر خلیل عەبد (کەرکوک - حی العروبە) ٥- حەیدەر عەباس جاسم (بەغداد- کرادە الشرقیە).

ئەم باندە.. کارو پیشەیان سەیارە دزینو تاڵانکاری بووە. سەرپەرشتیارەکەیان (محەمەد خلیل مەعروف) عەرەبێکی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بووە، کەهەمیشە بەرگری لەتەعریب کردووە. تەنانەت هەندێک لەبەرپرسانی ئەمریکایشی چەواشە کردبوو، سوپاسنامەیان پێ دابوو. ناوبراو لەگەڵ دەستە دزەکەی گیران و دانیان بەتاوانەکانیان دا ناوە.■

(بعث)..

سەرکردایەتی مەیدانی دیاری دەکات

□ سەرکردە هەڵهاتوەکانی بەعس، لەچەند مانگی رابردووەدا، لەهەوڵێکی گەرمدا بوون بۆ دروست کردنی سەرکردایەتی مەیدانی بۆ سەرپەرشتی کردنی نەخشەی تیرۆر، چەقی هەوڵەکانیان لە (حەلەب)ی سوریادا بوو. ئەم کارانەش (عزت الدوری) سەرپەرشتی دەکا. رۆژی (٢٠٠٥/١/٩) کۆمیتەیەکی باڵای سەرکردایەتی کردنی کارە تیرۆریستیەکانیان پێکەوە ناوە، لەم ناوانەی خوارەوە:

١- عزت الدوری (سەرپەرشتیار).
٢- سەبعاوی برایم الحسن (ئەندام).
٣- محەمەد یونس الاحمد (ئەندام).
٤- تاهیر جلیل حەبوش (ئەندام).
٥- یاسر سەبعاوی (ئەندام).
٦- فەوزی الراوی (ئەندام).
٧- حامید سویدان (ئەندام).

ئەمانە بەناوی (لجنة العليا للمقاومة) لەمەودوا سەرپەرشتی کارە تیرۆریستیەکان، بەهاوکاری هێزە ئیسلامییە تیرۆریستەکان، دەکەن.■

لێکدانەوەی هەواڵ - ل (٢)

١- هەڵبژاردنەکانی عێراق و.. (مەلا بەختیار)

٢- مەرجی شەریعەت، سیناریۆیەکی.. (ئازاد عەلی)

٣- حیزبە سەرنەکەوتووەکانی.. (سیروان گەرمیانی)

ژنو بازنەی شوناس
ناهید حوسەینی
کوردستان سەرانسەر - ل (٥)

گفتوگۆی عەبدوڵلای موهتەدی سەبارەت بەپرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە
رەخنەو دیالۆگ - ل (٨-٩)

دوای جومعە، پشوویەک بۆ حسێن میسری
عوسمان عەبدولڕەحمان
هونەر - ل (١٤)

هەواڵو مەترسی

□ سکرتێری پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان.. پشتیوانی تەعریب دەکا

هەواڵێک بڵاوبۆتەوە کە (د. فایق گوڵپی) سکرتێری پارتی چارەسەری پەکەکە، سەردانی (سونگول چاپوک)ی ژنە تورکمانی شۆڤێنی کردووەو قسەو باسەکانیشیان پێچەوانەی سیاسەتو بەرنامەی حیزبەکوردستانیەکان بووە لەکەرکوک. تەنانەت بەرگریشیان لە تەعریب کردووە. ئەمەش دوور نییە، چونکە (پارتی چارەسەر) پەیڕەوی لە سیاسەتی (ئاپۆ) دەکاو ئاپۆش کە بەرگری لە کەمالیزم بکا، ئەی بۆچی بەرگری لەتەعریبیش نەکەن. دونیای سیاستە هەموو شتێکی تیادایە!!

□ **سەلمان پاک.. پاک نییە!**

شاری سەلمان پاکو دەوروبەری، کراوەتە مۆڵگەی تیرۆریستان، بەتایبەتی ناوچەی (البسماية)و لەنزیک پرۆژەی (الوحدة)ی باشوری بەغدا، کارە تیرۆریستیەکانی ئەو ناوە (سلام حامد الدليمی) سەرپەرشتی دەکا. ناوبراو لە (فەلوجە)شدا تاوانی ئەنجام دەدا. پاکی هەروا دەبێت!!

□ **جواد الخالصی.. کۆنە حەرەس قەومییە!!**

جواد الخالصی، رابەری (المؤتمر التاسيسی الوطنی العراقي)یە. ناوبراو و رێکخستنە گومان لێکراوەکەی، پشتیوانی تیرۆریستەکان بەناوی (مقاومة)وە دەکەن. (خالص)ی کۆنە حەرەس قەومییەو لەبکوژانی شیوعیەکانو کوردە لەشەستەکاندا، ئێستا لەژێر جۆرەها ناودا، هەر خەریکی تاوانو تیرۆرو دوژمنایەتی کردنی کوردە. بەشیری خواردوویەتی!!■

laparakan.qxd 19/01/1426 08:18 ª Page 1

هەڵبژاردنەکانی عێراق و هەڵبژاردنی سیاسەتێکی نوێی تورکیا

مەلا بەختیار

□ تورکیا.. وڵاتێکە ئەوەتەی هەیە، نەیتوانیوە کێشە گەورەکانی چارەسەر بکا. بەڵکو هەتا هاتووە خۆی دووچاری کێشەی ئاڵۆزتر کردووە. لەوانە، کێشەی قوبرس و باکوری کوردستان، پاشان، کێشەی تورکمان و کەرکوک. ئەمەش پەیوەندی بەفەلسەفەی حوکم و پێکهاتەی دەوڵەتی تورکیاوە هەیە. وەکو:

ئەم دەوڵەتە، دوای ئاوابوونی قەڵەمڕەوی عوسمانیان، بەگەرمی عەلمانیەت دەچەسپێنێ، کەچی بە ساردی دیموکراتی بەدیدێنێ.

ئەو گەرمییەی عەلمانیەت و ساردییەی دیموکراتیەت،

ئەم دەوڵەتە، دوای ئاوابوونی قەڵەمڕەوی عوسمانیان، بەگەرمی عەلمانیەت دەچەسپێنێ، کەچی بە ساردی دیموکراتی بەدیدێنێ. ئەو گەرمییەی عەلمانیەت و ساردییەی دیموکراتیەت، سیاسەتێکی دوو فاقی زیان بەخشە، کە هەم لەباری فەلسەفییەوە و هەم لەباری دەسەڵاتەوە، ناسنامەی کۆماری هەشتا ساڵەی تورکیای خستۆتە ناو گێژنگێکی مەترسیدارەوە

سیاسەتێکی دوو فاقی زیان بەخشە، کە هەم لەباری فەلسەفییەوە و هەم لەباری دەسەڵاتەوە، ناسنامەی کۆماری هەشتا ساڵەی تورکیای خستۆتە ناو گێژنگێکی مەترسیدارەوە. ناکرێ، رژێمێک دەستورەکەی لێوان لێو بێت لەعەلمانیەت و سیستمەکەی لەپەیڕەو کردنی دیموکراسیدا لەناو کۆمەڵ و لە چارەسەر کردنی کێشە نەتەوایەتیەکاندا، ئاوا سست و خەمساردبێ. دیموکراسی و عەلمانیەت و ئازادی ویژدان، سێ بنچینەی ئۆرگانێکی سەرخستنی پرۆسەی دیموکراسین. فەرامۆشکردنی یەکێکیان زیان دەگەیەنێتەوە دوانەکەی دیکەیان. سەرەنجامیش، هێزە دژە دیموکراتیەکان سوودی لێوەردەگرن و دەوڵەتەکەش دوا دەخەن.

لەم رووداوانەی عێراق و کوردستاندا، تورکیا بەهەمان پێوەرە سیاسی و ئەمنیەکانی رابردوو، هەڵسوراوە: چارەسەری فیدراڵی لا بڤە بووە؛ دەسکاری کردنی سنوری ئیداری پارێزگای کەرکوکی قبوڵ نەکردووە؛ هەر لەو نێوەندەشدا، لەگەڵ ئەمریکاش دووچاری گرفتارییەکی سیاسی و ئابوری و عەسکەری هات. هەڵبەتە لەگەڵ یەکێتی ئۆروپاشدا، دەمێکە لەکێشمەکێشدایە.

لەچەند ساڵی رابردوودا، تورکیا هەوڵێکی زۆری دا لەکوردستاندا فیدراڵ نەچەسپێندرێ، کەچی تەنانەت پێش ئەوەی سەدامیش بروخێ و راپرسیەک لەعێراقدا بکرێ، گەلی کوردستان فیدراڵی یەک لایەنەی جارداو سەریشی خست. ئەمەش لەئەزموونە دەگمەنەکانی وڵاتانی فیدراڵیستە کە گەلێکی ژێر دەستە، بەبێ رەزامەندی حکومەتی ناوەندی، سەربەست فیدراڵ رابگەیەنێ و بشتوانێ لەناوگەمارۆی ئابوری جیهانی و ئیقلیمی و ناوخۆییدا، سەریشی بخا. هەرلەو ساڵانەدا، تورکیا لەعێراقدا لەرادەبەدەر پشتیوانی تورکمانی کرد و کردنیە دەسکەلای پشت پێبەستراوی خۆی، کەچی لەمەشیاندا، هەر سەرنەکەوت و هەڵبژاردن دەری خست، تورکمان چین و چەندیان لەبارە.

ئێستا.. عێراق هەڵبژاردنی ئەنجام داوە. سەرەنجامی هەڵبژاردنیش لەباری لۆژیکییەوە دیاری کردووە چۆن مامەڵە لەگەڵ جەمسەرە سیاسییەکان و هێزە باڵا دەستەکاندا دەکرێ. بەکوردیشەوە. جەبهەی تورکمان ژمارەیەکی بچوکی هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقن. تەنها سێ کورسییان هەیە، بەم کورسیانە ناتوانن لەسەر چارەنوسی هیچ بریارێک و هاوپەیمانێتی هیچ لیستێک، کاریگەر بن. کەواتە، بۆ لەمەودوا تورکیا ئاخۆ چ بەرنامەیەکی سیاسی هەڵبژێرێ؟

ئەنجومەنی ئاساییشی تورکیا، رۆژی (٢٠٠٥/٢/٢٥) یەکەمین کۆبونەوەی ساڵی نوێی ئەنجام داوە، بۆ ئەوەی تاوتوێی سیاسەتی نوێی تورکیا لەبەررۆشنایی رووداوە تازەکاندا، بکات. سەرەنجام، چەندین بریاریان داوە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

یەکەم: پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ شیعەدا.

دووەم: کورداندنی کەرکوک.. هێڵی سوورە.

سێیەم: دژایەتی کردنی دروستکردنی بونیادێکی خۆیی کوردی.

چوارەم: ئەوپەری بایەخ پێدانی مافی تورکمان.

پێنجەم: یەکێتی خاکی عێراق و چەسپاندنی سیستەمی دیموکراتی.

ئەم پێنج خاڵە، بنچینەی سیاسەتی لەمەودوای تورکیا لەعێراق و کوردستاندا دەبن. هەر بۆ ئەو مەبەستەش، وەفدێکی راسپێردراوی سەرەک وەزیرانی تورکیا، سەردانی تاڵەبانییان لەم هەفتەیەدا، کرد. رۆژنامەکانی چەند رۆژی رابردووی تورکیاش، سەرەنجامی ئاڵوگۆری نامە لەنێوان تاڵەبانی و سەرەک وەزیرانی تورکیا، باسی ئەو ناکۆکی و گیروگرفتانەیان کردووە کەلەنێواندا هەن.

ئەو پێنج بنچینەیەی سیاسەتی لەمەودوای تورکیا، لەگەوهەردا، سەبارەت بە تورکیا گۆرانکارییەکی ئەوتۆیان تیدا نەکراوە. تەنها نەرمییەک بەرامبەر شیعە لەو سیاسەتانەدا بەدی دەکرێت. هەروا، جەخت کردنیش لەسەر عێراقێکی دیموکراتی باشە؛ ئەمیش شتێکی چاوەروان کراو بوو، نەک چاوەروان نەکراو. چونکە شیعە زۆرینەیە و زۆربەی دەنگەکانیشی هێناوە و پۆستی سەرەک وەزیرانیشیان مسۆگەر کرد. ئیتر هەر دەبێ بریارێکی نوێیان بەرامبەر شیعە هەبێ.

سەبارەت بەوەی جەخت لەسەر عێراقی دیموکراتیش دەکەن، وەکو پرنسیپ باشە و باشیەکەشی لەوەدایە هەم حکومەتی تورکیا لەناو رای گشتی تورکیا و حیزبە بەرهەڵستکارەکاندا، لێکدانەوەی بەشێوەی جۆراوجۆر دەبێ. هەم هێزە کوردستانیەکانیش دەستیان ئاواڵەی گفتوگۆی سیاسی و دیپلۆماسی دەبێ لەگەڵ تورکیا و دەوڵەتانی ئیقلیمی و جیهانیش. بۆ؟ چونکە:

دیموکراتی، لێکدانەوەی چەشناوچەشن هەڵدەگرێ؛ هەتا ئێستا، نەتەوە یەکگرتوەکانیش نەیتوانیوە لێکدانەوەیەکی تیۆری تایبەتی بۆ دیموکراتی هەبێ (١٩٠) لێکدانەوە لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا، لەسەر دیموکراتی هەیە. کەوابێ:

تورکیا، لەسەر دیموکراتی عێراق، بەفیدراڵیشەوە، هەر جۆرێک لێکدانەوەی دەبێ. هەڵبەتە عێراقیش لێکدانەوەی هەیە. لە عێراقیشدا، گەلی کوردستانیش لێکدانەوەی هەبووە و دەشبێ. لەدوا سەرەنجامیشدا، هەروەکو چۆن گەلی کوردستان، ساڵی (١٩٩١) توانی چەمک و لێکدانەوەی بۆ دیموکراسی و فیدراڵ بکاتە راستیەکی چەسپیو، بێگومان، عێراقیش دەتوانێ چەمک و لێکدانەوەی خۆی گەڵاڵە بکاو لەدەستوری هەمیشەییشدا، بیانچەسپێنێ. هەر ئەمەش، لەئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە یەکگرتوەکاندا قبوڵ دەکرێ و ژمارەی لێکدانەوەی نەتەوە یەکگرتوەکانیش دەبێتە (١٩١) لێکدانەوە. تورکیا.. ئەوکاتە، لە ئێستاش نەرمتر دەبێ، گەرچی هێشتا گۆرانکاری قوڵی بەسەر سیاسەتەکانیدا، بەرامبەر عێراق و کوردستان و کەرکوک، نەهێناوە. باوەر ناکەین لەبەرامبەر بریارو ستراتیژی پەسەند کراوی گەلانی عێراق و گەلی کوردستانیش، تورکیا، جگەلە مامەڵەی واقیعی لەگەڵ ئەو بریارو بەرنامانە، سیاسەتێکی دیکەی توند هەڵبژێرێ. لەبەرئەوەی، مەعلومەکە سیاسەتێکی ئاوا، لەم سەردەمەدا ناچێتە سەر. تورکیاش، لەو دۆخە سیاسی و بارە ئابوورییەدا نییە، دەرفەتی رووبەرووبونەوەی سەختی لەبەرامبەر عێراق یان کوردستان ببێ. باشترین بەڵگەش ئەزموونی قوبرسە. فشاری یەکێتی ئۆروپاشمان بیر نەچێ. ئەمە جگەلە قەیرانی ئابوری مەترسیداری تورکیا.. کە هەتا دێت، قەیرانەکە لەگرێژنە دەردەچێ!!■

مەرجی شەریعەت، سیناریۆیەکی مەترسیداری سونیگەراکانە

ئازاد عەلی

□ حیزبی ئیسلامی عێراق، لەو حیزبانەیە کە پێش روخاندنی رژێم خۆی مت و مات کردبوو، دوای روخاندنی رژێمیش خۆی ئاشکراکردو دەرگای بۆ سونیگەراکان کردەوە، لەم دەرگاکردنەوەیەدا، هەندێک لەبەعسییە بەزیوەکان و ناسیۆنالیستیە عەرەبییە شکستخواردوەکانیش، حیزبی ناوبراویان کردە پەناگای خۆیان. بەتایبەتی لەموسڵ و فەلوجەو رومادیدا.

ئەم حزبە.. لەمەجلسی حوکمدا بەشداریکردو لەئەنجومەنی نیشتمانی کاتیشدا، شەڕی لەسەر نوێنەری کەموزیادی سونیگەرا دەکرد، کەچی کاتێک مەسەلەی هەڵبژاردن بووبەڕاستو بەڕاستی سەنگی راستەقینەی خۆیان زانی، بەپاساوی جۆراوجۆر خۆیان لەهەڵبژاردن دزیەوە. چونکە، تەحەمولیان نەدەکرد لەشیعەکەمتر بهێنن، ئەمەجگ لەوەی لەناوخۆشیاندا سونیگەراکان، نەیاندەتوانی یەک لیستو یەک هەڵوێست بن. سیاسەتێکی تێکەوڵیکەیان هەیە لەبەرامبەر رووداوەکاندا.

دوای هەڵبژاردن، سەنگی سیاسی سونیگەرا کە هەڵبژاردنی رەتکردەوە، لەناو ئەو رەوتەشدا، سەنگی حیزبی ئیسلامی عێراق، بەشێوەیەکی گشتی دەرکەوتن. ئێستا ئەم حیزبەو لایەنەسونیگەراکانی دیکە، وەکو چەند لایەنێکی بەرهەڵستکاری داگیرکەران و خاوەن هەڵوێست و رەخنە، خۆیان دەردەخەن. واشی دەنوێنن گوایە هەڵبژاردنەکە کەموکوڕی تیایەو گەورەترین کەموکوڕیش لەوەدا دەبینن کە سوننەی تیانییە. لەوەش زیاتر، (موحسین عەبدولحەمید) لەدواچاوپێکەوتنی خۆیدا جەخت لەسەرئەوە دەکا کە دەبی (شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەی بنەڕەتی تەشریع بێ) هەروا، موحسین عەبدولحەمید دانی پیاناوە کە تیرۆریستەکان و هەیئەتی زانایانی ئیسلامی سوننە هۆکاری گەورەبوون لەبەشداری نەکردنی سوننەدا. ئەم بۆچونانە، سێ مەسەلەی گرنگ دیاریدەکەن و هەڵوێستەیان لەسەر پێویستە، ئەوانیش:

یەکەم: رۆڵی سوننی لەعێراقدا.

دووەم: شەریعەتی ئیسلام لەدەستوردا.

سێهەمیش: هەڵەی سوننەو هۆکاری هەڵەکردن.

سەبارەت بەسوننە.. حیزبی ئیسلامی عێراق و ئەو رەوت و هەیئەتانەی بەناوی سوننەوە قسەدەکەن، بەبێ هەڵبژاردن و بەبێ راسپاردن، هەریەکەیان خۆیکردووە بەنوێنەری سوننەو سوننەشیان کردۆتە جەماوەری خۆیان. هەرکەسێک لەم وڵاتەدا، لەکوردستانەوە بۆ بەسرە، لەناسنامەدا مەزهەبەکەی سوننی بێ، ئەم لایەنانە بەجەماوەری خۆیانی دەزانن و بە(ئیرادەی خوا!!) کردویانن بەئەندامی خۆیان. لەکاتێکدا سیاسەت و ئەندامەتی و جەماوەر بۆ حیزبەکان، بە(ئیرادەی خوا!!) حوکمیان لەسەرنادرێ. تازە رۆژگاری ئەو حوکمانە بەسەرچووە. زۆربەی هەرەزۆری کورد سوننەن و بەشداری هەڵبژاردنیشیان کرد. کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی سوننەن و بەشداری هەڵبژاردنیشیان کرد. سەدان هەزار سوننەی دیکەش بەشداری هەڵبژاردنیان کرد. ئیدی بەچ مافێکەوە حیزبی ئیسلامی، یان هەیئەتی زانایانی ئیسلامی سوننە، یان هەرلایەنێکی دیکەی ئایدیۆلۆژیەت سوننە، هەق بەخۆیان دەدەن، پێشڕەوی سەرجەم سوننیەکانی عێراق و کوردستان بن.

سەبارەت بەشەریعەتی ئیسلامیش کە دەبێ سەرچاوەی بنچینەی دەستوورو یاسا بێ، ئەمەیان نەخشەی شەڕێکی تازەیە بۆ دروستکردنی بشێویەکی دیکەی تایەفەگەری. بەچ هەقێکەوە، حیزبێک دەرکەوتووە کە خەڵکی کەمی لەگەڵە. خۆیان دەڵێن هەڵەمان کردووە بەشداری هەڵبژاردنمان نەکردووە. هەرخۆشیان لەیاسای کاتی بەڕێوەبردنی عێراقدا، رازیبوون کە شەریعەتی ئیسلام تەنها سەرچاوەیەک لەسەرچاوەکانی دەستورو یاسا بێ.. ئێستا، دوای ئەو هەموو ئاڵوگۆڕەو سەرکەوتنی هەڵبژاردن، دێن و دەیانەوێ بیری سەدەکانی ناوەڕاست بسەپێنن، کە سیستانی و مەجلسی ئەعلای ئیسلامی، هەتائێستا داوای وایان نەبووە. بێگومان بەقوتکردنەوەی ئەم مەرجە، هەڵەیەکی گەورەی دیکە لەلایەن حیزبی ئیسلامی عێراقەوە، ئەنجامدەدرێ کە کەمتر نییە لەهەڵەی بەشدارینەکردنی هەڵبژاردن. هەقیش وایە سیناریۆی پشتی پەردەی ئێستا، لەم مەرجی پێشوەختەی حیزبی ئیسلامی بخوێنرێتەوە. ئاخۆ.. حیزبی ناوبراو، بۆچی ئەو مەرجەیان لەمکاتەدا هێناوەتەگۆڕێ؟ چ لایەک هاندەریانەو چ نەخشەیەکی ئیقلیمی لەدوای مەرجی ئاواوەیە؟ یان بۆچی لەمکاتەدا کە پەرلەمان هەڵدەبژێردرێو یەکەمین دانیشتنی دەکاو حکومەت پێک دێ و پۆستە سیادیەکان دیاریدەکرێ، حیزبی ئیسلامی مەرجی قورس و قەبەی ئاوا قوتدەکاتەوە؟ زانینی ئەم راستییانە زۆر گرنگە. هەتا بزانرێ چی لەبنەوە سازدەکرێ.

دەربارەی ئەو رەخنانەی بەرپرسی حیزبی ئیسلامیش لەهەیئەی زانایانی ئیسلامی و تیرۆریستان گرتویەتی، لەسەر بەشدارینەکردنی هەڵبژاردن. ئەم رەخنەیە کارێکی باشە لەزمانی ناوبراوەوە، کە هەمیشە حسابی زۆریان بۆ هەیئەی زانایان دەکرد. بەڵام پرسیاریش ئەوەیە کە:

ئاخۆ ئەم حیزبەو سەرکردایەتیان چەند کەم ئەزمونی دونیای سیاسەتو کێشمەکێشەکانی بن، ئەوا بەئاسانی فریوی بەشدارینەکردنی هەڵبژاردنیان خوارد؟ ئەگەر لەباری دەروونشیکاریەوە بڕیاری بەشدارینەکردنی هەڵبژاردنەکەیان لێکبدەینەوە، بەسانایی دەردەکەوێ کە حیزبی ناوبراو بیری تایفەگەری وای لێکردووە فریوبخوا. هەر بیری تایفەگەریشە ترساندونی کە قبوڵی نەکەن کەمتر لەشیعە دەنگ بهێنن.

لەوەش خراپتر ئەوەیە کە ئەم تایفەگەرییە، باوەڕناکەین لەسەرئاستی نزیکی سیاسەتو رووداوەکاندا، بەرییان بدا. چونکە تایفەگەری، یان مەزهەبگەری، تێکەڵەیەکە لەئایین، مەزهەب، ئایدیۆلۆژیەت و فەلسەفە. ئەم تێکەڵەیە، بەتایبەتی ئایین و مەزهەب، لەوڵاتانی دواکەوتودا کە پێشینەی ریفۆرمی ئایینی نەدیبێ، رینسانسی تاقینەکردبێتەوە، رۆشنگەری رۆشنی نەکردبێتەوەو دیموکراتی نەبوبێتە نەریتی باو لەناویا، لەوڵاتێکی ئاوادا تێکەڵەی ئایین و مەزهەب دەبنە هێزێکی کاریگەری تایفەگەری. تایفەگەریش مەترسیدارترین تەوژمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوری دواکەوتووە لەسەر دیموکراسی و ئازادی و مەدەنیەت. هەربۆیە دەبینن، تەواوی هێزە تایفەگەرەکانی عێراق و کوردستان، چەند بونەتە مایەی کێشەی قوڵ لەبەردەم پرۆسەی دیموکراسیدا. روانگەیەکی رونیشیان نەک بۆ قۆناغەکە نییە، بەڵکو ئەندێشەی تەسکی تایفەگەری وایلێکردوون تەنانەت لەناوخۆشیاندا بەرنامەی رۆشنی سیاسی و حیزبییان نەبێ. تاونەتاوێ تێزێکی نەزۆک دەخەنەئاراوەو بەس.

حیزبی ئیسلامی.. یەکێکە لەو حیزبانەی نە پێش روخاندنی رژێم ستراتیژێکی سیاسی یەکاڵای هەبووە. نە دوای روخاندنی رژێمیش ستراتیژێکی پێویستی ساغکردۆتەوە. هەربۆیە، لەباتی ئەوەی پشت بەستراتیژو بەرنامەی سیاسی داهێنراوی خۆی ببەستێ، بەبێئەوەی لەهەڵبژاردندا، یان لەکۆبونەوەی هاوبەشدا، راسپێرابێ بەناوی سوننەوە قسەبکا، خۆیکردۆتە پێشەنگی سونیگەرا. هەروا، لایەنە سونیگەراکانی دیکەش. ئەمەش سیاسەتێکە، پێشوەخت، بڕیاری شکستی خۆی داوە. هەروەکو هەتائێستا دەرکەوتووە.■

حیزبە سەرنەکەوتووەکانی هەڵبژاردن بەرەوکوێ؟

سیروان گەرمیانی

□ لەم هەڵبژاردنانەدا، تەواوی حیزبە مۆڵەت پێدراوەکان، لەگەڵ دەیان لیستی سەربەخۆو کەسایەتی کە زیاتر لە (١٢٠) لیست دەبوون، بەشداری هەڵبژاردنیان کرد. سەرەنجام، تێکڕا (١٢) حیزب متمانەیان وەرگرت، ئەویش سێ لیستی یەکەم (١٤٠) کورسی و دووەم (٧٥) کورسی و سێهەمیش (٤٠) کورسیان بەدەستهێنا. باقیەکەی، لەلیستەکەی سەرۆک کۆمارەوە (٥) کورسی دابینکرد، هەتا دەگاتە حیزبی شیوعی عێراق کە بەداخەوە (٢) کورسی، جەبهەی تورکمانیش کە پێش روخاندنی سەدام لافیان لێدەدا تورکمان زیاتر لە (٣) ملیۆنن لەعێراقدا، کەچی ئەو سێ ملیۆنە، هەر ملیۆنێکی تەنها کورسیەکیان بەرکەوت لەم هەڵبژاردنەدا..!!

ئێمە.. لەسەر ئاستی عێراق هەقمان بەسەر حیزبە سەرنەکەوتوەکان نییە، چونکە بەرنامەو رابوردویان نازانین، بەڵکو ناویشمان لەبەرنەکردوون. پێشمان وایە زۆربەی ئەو حیزبانە پێش ئەوەی ناوبانگ دەربکەن، لەیادەوەری خەڵک دەکوژێنەوە. قسەمان لەسەر حیزبە کوردستانیە سەرنەکەوتوەکانە، بەتایبەتی سێ حیزبی ماندووی شۆڕشی نوێ ١- حیزبی شیوعی کوردستان. ٢- حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و ٣- حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان. باقی لایەنە سەرنەکەوتوەکان هی باسکردن نین. چونکە هی دەرچوون نەبوون. تەنانەت هەندێک لەو حیزبانەش، ئەگەر پەیژەی پارتی نەبوایە، لەهەولێردا هەرگیز سەرنەدەکەوتن. بەهەرحاڵ، بابێینە سەر کرۆکی باسەکەمان و هەڵوێستەیەک لەسەر ئەم حیزبە ماندوانە بکەین.

دەرنەچوون، مەحەکێکی گەورەیە بۆ زانینی سەنگی راستەقینەی هەموو حیزبێک. گەر وردتریش قسەبکەین، دەڵێین: دەرنەچوون بەڵگەی لاوازیی کاریگەری ئایدیۆلۆژی، سیاسی، ئاستی روناکبیریی و شێوەی کارکردنی حیزبە دەرنەچووەکانی هەڵبژاردنە هەروا بەڵگەی ئەوەشە سەرکردایەتی ئەو حیزبانە نەیانتوانیوە کاربکەنە سەر رووداوە چارەنوسسازەکان. وەکو:

-حیزبی شیوعی کوردستان: ئەگەر بەتێکۆشانی ناو حیزبی شیوعی عێراق و پاشان هی خۆیان بیانپێوین، (٧١) ساڵە دامەزراوون. دە مەعقولە دوای (٧١) ساڵ خەبات، کۆمەڵی ئیسلامی (٢٠) بەرامبەر حیزبێکی (٧١) ساڵە بهێنێ؟

-حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان (حسدک).. بەڕەگوریشەیدا بچینە خوارەوە، دەگەڕێنەوە بۆ (٣٠) ساڵ لەمەوبەر، چ مەعقولیەتێکی تیایە نەتوانێ یەک کورسی پارێزگایەکیش بەدەست بێنێ.

-حیزبی زەحمەتکێشانیش (٢٠) ساڵە هەیە، لەملاو لەولا گوتویانە (مفاجأة) مان بەدەستە. کەچی تاقە کورسیەکی پەرلەمانی کوردستانیان وەدەست هێناوە.

بەڕاستی ئەمە مایەی هەڵوێستو هەڵوێستەیە. خەفەتێکی سیاسی عەلمانی گەورەشە یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی، سێهەمو چوارەمی کوردستان بن، بەڵام ئەو حیزبانە کە سەدان شەهیدیان داوە، ئەمە سەنگی راستەقینەیان بێت. هەڵبەتە، دەرنەچوون روخانی سیاسی نییە. ئەم حیزبانەش یەکەمین و ئاخرین حیزبیش نابن لەهەڵبژاردندا، دەرنەچن. بەڵام لەماوەی (١٤) ساڵی هەڵسوڕانی ئازادی و ئاشکرادا، دوو خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان و هەڵبژاردنی شارەوانی بکرێ، ئەگەر ئەم حیزبانە لەلیستی هاوبەشدا نەبوبن، ئا ئەمە سەنگی سیاسییان بێت، ئەمەیان مایەی نیگەرانی سیاسی و گومانی قوڵی توانای سەرکردایەتی ئەم حیزبانەیە لەسەرکردایەتیکردنی رەوتی بەرهەڵستکاریدا. یان لەدارشتنی بەرنامەیەکی باشتر لەبەرنامەی حیزبە دەسەڵاتدارەکان، لەناو کۆمەڵ و لەجەرگەی ملمانێ سیاسیەکاندا. چونکە حیزبی بەرهەڵستکار ئەرکی قورسە. ناکرێ باجی ئەو ئەرکە قورسە لەبەرهەڵستکاریدا، رۆژانە نەداو رۆژانەش بیروڕای گشتی بەسیاسەتە جیاوازەکان گۆش نەکا. بەتایبەتی ئەو حیزبانەی چەپی بەرهەڵستکارن. یان خۆیان بەچەپ دەزانن.

ئەم حیزبانە، ئەگەر لەگەڵ حیزبە دەسەڵاتدارەکاندا کۆکن، هەقوایە یان لەسەر بەرنامەکانی هەڵبژاردن بەتەواوەتی لەگەڵیاندا رێک بکەون و بەکەموزۆر رازی بن. یان بەتەواوەتی هەرلایەکیان لایەک لەحیزبە دەسەڵاتدارەکان هەڵبژێرن و تەواو یەکیان لەگەڵدا بگرن. خۆ ئەگەر ناکۆکی فەلسەفیی و ئایدیۆلۆژی قوڵیشیان لەگەڵ حیزبە باڵادەستەکاندا هەیە (کە نیانە!!) هیچ نەبێ ئەم حیزبانەو حیزبۆکەکانی دیکەش، یەکبگرن و ببنە هێزێکی بەهێزتری گۆڕەپانی سیاسی. خۆ ئەگەر لەناو ئەم سێ حیزبەدا، یان حیزبۆکەکانی دیکەدا، هەن پەیوەندی گومانلێکراوی ئیقلیمیشیان هەیە (کەهەیە) بۆیە یەک ناگرنەوە، جێی خۆیەتی حیزبە گومانلێکراوەکان، سا ئیتر سەر بەئێران بوبن، یان سوریا، یان تورکیا، یاخودکاتی خۆی فایلیان لای رژێمی سەدام بوبێ، پێمان وایە دۆخەکەی پێگەییووە، ئەم حیزبە خۆفرۆشانە، پەیوەندیەکانیان ئاشکرا بکرێ و لەکۆڵی حیزبایەتی دابەبەزێنرێن.

لەدوای ئەم هەڵبژاردنانەو زانینی سەنگی راستەقینەی حیزبەکان، کەمترین بوار لەبەردەم حیزبە سەرنەکەوتووەکانی هەڵبژاردن دەمێنێ، خۆیان قەبەترلەوەی کە هەن، پیشان بدەن. تازە، ئەو حیزبەی لەپەرلەمانیشدا نەبێ، ناشکرێ بەپێی یاسا یارمەتیش لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە بدرێ. باوەڕیش ناکەین داهاتی پرۆژە ئابورییە نهێنیەکانی ئەو حیزبانە، بەشی مەسروفاتی حیزبەکانیان بکا. چونکە ئەم حیزبانە مەسرەفیان زۆرەو دەنگیان کەمە!

کەوابێ.. کاتی هاتووە ئەو حیزبو حیزبۆکانەی بەراستی دەیانەوێ درێژە بەخزمەتو خەبات بدەن، بڕیاری بوێرانە بدەن و بکەونە گفتوگۆ لەگەڵ هەرلایەنێک بەجێگەی ئومێدی ئەمڕۆو دواڕۆژی دەزانن. یان لەناو خۆیاندا.. چەند لایەنێکیان یەک بگرن و داهاتی رابوردوو، یان دانانی سکرتێر، نەکەنە لەمپەری بەردەم یەکگرتن. گەر وانەکەن، بێگومان ئایندەیان لەئێستایان باشتر نابێ. سەرەنجامیشیان دیارە؛ یان ناوبەناو باڵێکیان لێهەڵدەوەرێ. یاخود تاوناتاوێک پۆلێک کادرو سەرکردەیان خۆیان دەکەن بەناو حیزبە دەسەڵاتدارەکاندا. سیاسەتیش مەسئولیەتێکی گەورەیە، ناکرێ سەرەنجامی هەڵبژاردنی ئاوا هەروەکو رووداوێکی راگوزەر.. تەماشا بکرێ. لەمەودواش، وازهێنانی کادرو قەواعیدی ئەو حیزبانە، دوای دەرکەوتنی سەنگی حیزبەکان، زیاتریش دەبێ. لە (حسدک)یشەوە دەستی پێکردووە. خەیاڵی یەکگرتنیش لەناو حیزبی گچکەی دیکە، هەیە.■

laparakan.qxd 19/01/1426 08:18 ª Page 2

کورتیلە باس

د. بەرهەمو هوشیار زێباری ئەمجارە کامیان دەبنە وەزیری دەرەوە؟

□ لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی (الشرق الاوسط = ٢/٢٣) هوشیار زێباری، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانو وەزیری دەرەوەی عێراق، گوتویەتی: هاوپەیمانی کوردستان هەڵیان بژاردوەتەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی عێراق، بەڵام سەرجەم پۆستەکان بەستراوە بەو گفتوگۆیانەکە لەنێوان تەواوی لایەنەکاندا، لەئارادان.
ئەم لێدوانەی زێباری، لەگەرمەی کێشمەکێشی پاڵێوراوەکانی لیستی ئیئتلافی شیعە بۆ سەرەک وەزیران، دەیسەلمێنێ کەوا پۆستی وەزارەتی دەرەوە، دوای سەرەک وەزیران، پۆستێکی سیاسیو سیادی هەرە گرنگی عێراقە لەناو کابینەی عێراقدا. هەربۆیە، زێباری، تەنانەت پێش ئەوەی یەکێتیو پارتی دوا بریار لەسەر وەزارەتەکانی عێراقو چۆنیەتی دابەشکردنیان بدەن، لێدوانێکی وای داوە. ئەمەش یەکەمین ئاماژەی سایسی پارتییە، دوای هەڵبژاردن، کەسوورن لەسەر پۆستی وەزارەتی دەرەوە. بەتایبەتی لەکاتێکدا پارتی رازی بووە کە تاڵەبانی ببێتە سەرۆک کۆماری عێراق.
وەزارەتی دەرەوە، پێشترو ئێستاش، لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش دا، پاڵێوراوێکی وەکود. بەرهەمهەیە بۆی. پارلەدوا رۆژانی پێکهێنانی حکومەتی کاتی عێراق، بڕیاری دانانی د. بەرهەم درابوو، بەڵام پارتی سوور بوبوون لەسەر پۆستەکە. ئەمساڵیش، هەمان مەسەلە دوپات بۆتەوە. وا دیارە، دیسان پارتی سوورە لەسەر پۆستەکە. ئەمەش دەری دەخا کەوەزارەتی دەرەوە بۆ عێراق چەند گرنگو کاریگەرە. هەرواشە، چونکە لەریسای وریۆرەسمی کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی وڵاتاندا، هەمیشە وەزیری دەرەوە، دوای سەرەک وەزیرانو جێگرەکەی حسابی بۆ دەکرێ. ئەوە نییە، (کۆندەلیزا رایس)ی بەرپرسی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، کەزۆر جار بەهاوتای پۆستی جێگری سەرۆکی ئەمریکا حسابی بۆ دەکرێ، کە کراوە، بەوەزیری دەرەوەی ئەمریکا، دەگوترێ: بەرزتر کراوە!.■

هیلاری کلینتۆن: تیرۆریستەکان شکستیان خواردو تشاک هیگل: داوای گفتو گۆیان لەگەڵ دەکا

□ لەسەردانی وەفدێکی هاوبەشی سیناترەکانی دیموکرات وکۆماریەکانی ئەمریکا بۆ عێراق، هیلاری کلینتۆنی دیموکراتی گوتی: هەوڵی زۆری تیرۆریستان بۆ پەکخستنی هەڵبژارن شکستی خواردو پەلاماردانی مزگەوتەکانیش لەم دواییەدا، ئاماژەیەکی ئاشکرای شکست خواردنیانە. لەهەمان کاتدا، سیناتۆری کۆماری (تشاک هیگل) گوتی: دۆخی عێراق خەتەرناکەو تیرۆریستەکان بەردەوامن لەهێرش کردنە سەر مەدەنیو هێزەکانی ئەمریکاو عێراق. گوتیشی: لەعێراقدا دۆخێکی ئاڵۆزو ئێجگار مەترسیدارمان هەیە، بۆیە، دەبێ دەست بۆ هەموو لایەک درێژ بکەینو گەشە بەهەندێ پەیوەندیو تورەکانیشمان بدەین.
ئەم دوو لێدوانە، لەدوو سیناتۆری گەورەی ئەمریکا، دەربری دیدی ئازادو ناکۆکی هەردوو حیزبە باڵا دستەکەی ئەمریکان، لەناوخودی حیزبەکانو سیناتۆرەکانیش دا. حیزبی کۆماری.. حیزبی دەسەڵاتداری ئێستای ئەمریکایە. کەچی سیناتۆرەکەی داوای گفتوگۆ لەگەڵ ئەو تیرۆریستانە دەکا کە رۆژانە خوێنی چەندین سەربازی ئەمریکایی دەڕێژن، حیزبی دیموکراتیش، بەرهەڵستکارە، کەچی خانمە سیناتۆرەکەیان، ئاوا قسە دەکا. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆئەوەی بزانرێ کە لەناو ئەمریکادا، بۆچونی جیاواز لەسەر عێراقو سوپای ئەمریکا لەناو عێراقدا، زۆرە. ماوەیەکیشە ئەم بۆچونە جیاوازانە سەری هەڵداوەو لەمیدیاکانیش دا قسەیان لەسەر دەکرێ. هەر دەڵێی سەرەتای مشتومڕ کردنی بڕیارێکی چارەنوسسازە لەئەمریکا، سەبارەت بەسوپای ئەمریکا لەعێراقدا.■

لیستی ئیئتیلافی.. بەرۆشنی باسی پۆستی تاڵەبانی ناکەن

□ لەناو لیستی ئیئتیلافیداو لەپشتی پەردەی سەرجەم هێزە سیاسییەکانیش، کێشمەکێشێکی زۆر لەسەر پۆستە باڵاکان، هەروا، وەزارەتەکانیش هەیە.
پۆستی سەرۆکی کۆمار، بۆ کوردو لەناو کوردیشدا، جەلال تاڵەبانی کاندیدە. زۆربەی بەرپرسیارە حیزبیەکانی لایەنەکان، کاندید کردنی تاڵەبانییان پەسەند کردووە. تەنها هەندێک لە شیعەکان هێشتا بەرۆشنی باسی ناکەن. سیستانی، باسی (د. برایم جەعفەری) کردووە بۆ پۆستی سەرەک وەزیران. بەڵام جارێ باسی تاڵەبانی نەکردووە. د. برایمیش، لەدوا چاوپێکەوتنی خۆیدا، لەسەر تاڵەبانی دەڵێ: هەموو لایەک مافی خۆیەتی چی دەوێ لەسەری بدوێ. بەڵام ئێمە سەیری ئەم مەسەلەیە وا دەکەین کە بەدەر لەپەرلەمانو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سەیر نەکرێ.
وەڵامێکی سەیرە.. د. برایم جەعفەری، ، پێش ئەوەی پەرلەمانی تازە هەڵبژێردراو کۆ بێتەوەو تەنانەت پێش ئەوەی کابینەی وەزیرانی نوێ دیاریش بکرێ، خۆی بە پێی خۆی چۆتە خزمەتی سیستانیو موبارەک بایی بۆ پۆستی سەرەک وەزیران لێوەرگرتووە ، کەچی بۆ تاڵەبانی دەڵێ: بەدەر لەپەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیران سەیر نەکرێ.
ئەم چەشنە وەڵامەو بەرۆشنی باس نەکردنی پۆستی سەرۆک کۆماری بۆ کوردو تاڵەبانی، لایەنی کەم دەیسەلمێنێ شیعەکان، ئەم پۆستەیان بۆ دانو ساندن لەگەڵ کوردو سوننە هەڵگرتوە. رەنگە، مەرجیان هەبێ، یان بیانەوێ چەند وەزارەتێکی گرنگ دابین بکەن. یاخود، بۆ دەستوور بیانەوێ مەرجی مەزهەبی بهێننە گۆڕێ. یان ... یان یان... تاد.■

باوەژن.. باوە پیارە.. ئایا جێگای باوکو دایکێکی (خۆڵاسە) دەگرنەوە بۆ منداڵ؟

ریپۆرتاژی/ محەمەد رەزا

ئەگەرچی منداڵ ئەوجیهانە جوانو بێگەردەیە، هەمیشە چاوەڕوانی دەستی باوکو دایکێتی خەونەکانی بۆ بهێنێتە دی و لەپاڵ ئەوەشدا نازو رازەکانی دڵە بچکۆلەو جوانەکەی لەئامێزی خۆشەویستی بگرێت، بەڵام لەم وڵاتەی ئێمەدا بەهەزاران جگەرگۆشە کەوەک پەڕەی گوڵێکی تازە پشکوتو دەیانەوێت بگەشێنەوەو ئاسۆیەکی رووناک بۆ ئایندەیان دیاری بکرێت، کەچی بەپێچەوانەی ئەو داخوازیانەیانەوە هەندێکیان گیرۆدەی دەستی باوەژنەو هەندێکی تریشیان باوە پیارە، ریپۆرتاژی ئەمجارەمان پەیوەستە بەدوو تەوەری لەیەکچووەوە ئەویش بریتییە: لەگەشتێک بەناو چینو توێژەکانی کۆمەڵگەدا، سەبارەت بەدوو پرسیار کەپەیوەستن بەم ریپۆرتاژەوە کەبریتییە لە:

-ئایا باوە پیارە یان باوەژن جێگای باوکو دایکی راستەقینە (اصیل) دەگرێتەوە بۆ منداڵ؟

□ ئێمە هەر لەسەرەتای دەستپێکی ریپۆرتاژەکەمانەوە چەند رۆژێک دەرگای گفتوگۆمان لەگەڵ هاووڵاتیانی ریش سپیو دنیادیتە لەهەردوو رەگەزی (نێرو مێ) لەوبارەیەوە کردەوەو، زانیاری باشمان دەستکەوت لەوبارەیەوە، پاشان کاتێکیش دەستمان کرد بەسازدانی گەشتە رۆژنامەوانیەکەمان زۆربەی ئەو کەسانەی کەسەبارەت بەخودی خۆیان کەوەک باوەژن یان باوە پیارە دەژین لەگەڵ خێزانەکانیاندا، سڵیان لەوە دەکردەوە کەناویان بڵاوبکرێتەوە لەرۆژنامەدا، بۆیە ئێمەوامان بەباش زانی، ناوی هەموو ئەو کەسانەی کەراستەوخۆ پەیوەستن بەو دوو تەوەرەوە یاخود لەدەرەوەی بابەتێکی لەو چەشنەن ناوی هەموانیان بەحەرف بڵاوبکەینەوە، سەرەتاش داپیرە (ف.ح.ع) سەبارەت بەو دوو تەوەرە بۆمان دواو گوتی:
-بەخوا کوڕی خۆم هیچ کام لەباوەژن یاخود باوە پیارە ناتوانن نازی دایکو باوکی رەسەن ببەخشن بەزرکوڕیان، یان زرکچیان، مەگەر بەدەگمەن هەبێت بەدڵسۆزییەوە مامەڵەی ژیرانە لەگەڵ ئەو حاڵەتە پڕ لەئەندێشەیەدا بکات.
(حاجی ع، ز،م) دەڵێ:- منداڵ تەنیا دایکو باوکی خۆی بەجوانی دەتوانێت نازی جگەرگۆشەی خۆی هەڵبگرێت، چونکە ئەمە قسەی پێشینانەو وەک نەخشی بەرد وایە، کەگوتویانە باوەژن خواناناسێت، ئیدی من تەنها ئەوەندەی لێ دەزانم. (ش،م،س) تەمەنی ٨٢ ساڵ دەڵێت: راستە منداڵ کاتێک بێبەش دەبێت لەنازی دایکوباوکی خۆی، تەنیا منداڵەکە تووشی سەرگەردانیو ماڵ وێرانی دەبێت باوکو دایکەکە ئەویان ژن ئەهێنێتەوەو ئەویتریشیان بەپێچەوانەشەوە چەندین باوە پیارەش ژنی هێناوە ئەو ژنە چەند منداڵێکی هەبووە لەمێردەکەی تری، ئیدی مێردی پێشووی مردووە یان جیابوونەتەوە لەیەکتری نازانم، بەڵام ئەو پیاوەی ئەو ژنەی هێناوە لەباوکی ئەو منداڵانە زیاتر خزمەتی کردوونو نازی کێشاون، ئێستاش ئەوەتا لەم سەردەمەدا ئێستا لەخانوەکەدایەو هاتوچۆی ئێمەش ناکات، جگە لەوەی کەقسەی ساردو سوکیشمان پێ دەڵێت.
(ک،ش،م) من زۆر گەورە بووم کاتێک دایکم ئۆتۆمۆبێل کردی بەژێرەوەو ئەمری خوای کرد، پاش چەند ساڵێک کەباوکم ژنی هێنایەوە من ببوم بە ١٦-١٧ ساڵ، بەڵام لەبەر باوکم توانیم بکات و لەلایەکی تریشەوە خاڵیشمان زیاتر گوشاری خستبوە سەر ئێمەو لایەنی ژن براکەی خۆی دەگرت و هەڕەشەی لێدەکردین بۆ ئەوەی ژیان لەخۆی تێک نەچێت، هەروا ماینەوە تا گەروە بووین، هەزاران جار شەقو سۆندەو لێدانی دڵڕەقانەی ئەومان خواردووە، تا لەخوا بەزیاد بێت لەشەڕی عێراق ئێراندا لەفاوکوژراو لەدەستی رزگارمان بوو، بەڵام ئێستا من وەک خۆم بەهیچ شێوەیەک خاڵم خۆش ناوێتو خوازیارم ئەویش بەدەردی باوە پیارەکەم بچوایە، سەدی وەک خاڵیشم ئەکەم بەقوربانی دایکم.

(م،ح،ع) من کاتێک باوکم لەباڵەخانەیەکی (٣) نهۆمی کەوتە خوارەوە گیانی لەدەستدا خۆمو برایەکم لەگەڵ دایکما ماینەوە، خاڵم پاش (٣) ساڵ دایکمی دایەوە بەژن بۆ خۆی، بەڵام هەر لەسەرەتاوە باوە پیارەکەمان پاش چەند مانگێک لەئێمەی ئەداو بەدایکمی ئەگوت بۆ هەر شوێنێکیان ئەبەیت نابێت لای تۆ بنو من بەخێویان ناکەم

دوا سەرنج:
وا پێدەچێت لەکۆمەڵگەی کوردەواریماندا زۆربەی ئەو حاڵەتانە کەڕوودەدەن زیاتر پیاوەکەیە، لەبەر خۆشی خۆی سۆزو رەحمی بۆ زۆربەی ئەو حاڵەتانە کەڕوودەدەن زیاتر پیاوەکەیە، لەبەر خۆشی خۆی سۆزو رەحمی بۆ ئەوەی ژیان لەخۆی تێک نەچێت، هەروا ماینەوە تا گەروە بووین، هەزاران جار شەقو سۆندەو لێدانی دڵڕەقانەی ئەومان خواردووە، تا لەخوا بەزیاد بێت لەشەڕی عێراق ئێراندا لەفاوکوژراو لەدەستی رزگارمان بوو، بەڵام ئێستا من وەک خۆم بەهیچ شێوەیەک خاڵم خۆش ناوێتو خوازیارم ئەویش بەدەردی باوە پیارەکەم بچوایە، سەدی وەک خاڵیشم ئەکەم بەقوربانی دایکم.

(ش،م،س) تەمەنی ٨٢ ساڵ دەڵێت: راستە منداڵ کاتێک بێبەش دەبێت لەنازی دایکوباوکی خۆی، تەنیا منداڵەکە تووشی سەرگەردانیو ماڵ وێرانی دەبێت باوکو دایکەکە ئەویان ژن ئەهێنێتەوەو ئەویتریشیان شوو دەکاتەوە

شوو دەکاتەوە، بۆیە پێویستە ژنو مێرد چەندی پێیان دەکرێت بەخشندە بن لەگەڵ یەکتریدا لەبەر خاتری ئەوەی نازی منداڵەکانیان نەشێوێت، چونکە دڵنیا بن کاتێک منداڵ لەنازی دایکوو باوک بێبەش دەبێت بەشانو مل کزی ژیان دەگوزەرێنێت، تا ئەوکاتەی بەتەواوی گەورە دەبێت، جگە لەوەی توشی چەندان کێشەی کۆمەڵایەتیش دەبێت، سەرباری ئەوانیتر.
×لەلایەکی تریشەوە داپیرە (أ، ک، ن) کەپیرەژنێکی بەساڵاچووی دنیا دیتەیە، هەر سەبارەت بەو دوو تەوەرە بیروڕای جیاوازی هەیەو بەپێچەوانەی بۆچونەکانی تری هاوڵاتیانەوە قسەی بۆکردینو گوتی:
-کاکی خۆم مەرج نیە هەرکەس سمێڵی سوور بوو پێی بگوترێت (هەمزاغا)، واتە هەرکەسێک شوی بەپیاوێک کردو پیاوەکە منداڵی هەبوو لەژنێکی تربەوژنە بگوترێت باوەژنی خراپ، یان بەپێچەوانەی ئەم حاڵەتەوە، من تەمەنم لە (١٠٠) ساڵ بەرەو ژوورەو دنیا دیتەم، پاشان حاڵەتی لەو جۆرەرم زۆر دیووە، ئیدی وەک باوەژن، وەک باوە پیارە، ژن هەبووە شوی بەپیاوێک کردووە، چوار پێنج منداڵیشی لەژنێکی تر هەبووە، کاتێک هاتۆتە ناویان زۆر بەجوانی خزمەتی کردوونو لەدایکی خۆشیان زیاتر نازی کێشاون، من دەیان باوەژنی لەوجۆرەم دیوە، کەرەحمو (عاتیفە) زۆر کەم بۆتەوە دراوسێیەکمان ژنێکی هێناوە (٥) منداڵی هەیەو ماوەی (٧) ساڵە وەک گوڵ بەخێویان دەکاتو وا کچێکیشی لەو کچانە داوە بەشوو، سبەی دوو سبەی ئەگوێزرێتەوە، باوەژنیشم دیوە بەهەمان شێوە.
×بۆ زیاتر ئاشناکردنی هاووڵاتیان بەم دوو حاڵەتە لایەنێکی ترمان بینی کەبۆ خۆی وەک منداڵێک هەر لەمنداڵیەوە لەنازی دایکو باوک بێبەش بووەو ئێستا شووی کردووەو سێ منداڵیشی هەیە، خاتوو (پ،م، ک) کەفەرمانبەرە لەوبارەیەوە دەڵێت: من کەدایکم گیانی لەدەستدا خۆمو دوو خوشکی ترمو برایەکم بووین، دایکم بەنەخۆشیەکی کوشندە گیانی لەدەست دا، پاش مردنیشی باوکم هەردەگوت ژن ناهێنم لەپاش دایکتان ژنم ناوێت، کاتێکمان زانی باوکمان سەرقاڵی جێبەجێکردنی تفاقی دەست ماچ کردنەو هەر لەو کاتەشدا دەستیان ماچ کردو ئیدی ئێمە کەوتینە ژێر دەستی ئەو باوەژنەوە کەباوکم هێنایو لەجیاتی دایکی رەحمەتیمان، رۆژانە مامەڵەی لەگەڵدا ئەکردین، بەڵام زۆر خراپ بوو بۆمان پاش ماوەیەک کەچاوی کرایەوە، بەقسەی ناشرینو ئەشکەنجەدان نەریتی لەگەڵدا ئەکردین، کاتێکیش باوکم ئەهاتەوە بەلێدانی ئەداین، پاش ماوەیەک باوکیشم مرد دوو منداڵی لێی هەبوو، خۆم لەگەڵ باوەژنەکەمدا بگونجێنم وکێشەمان بەیەکەوە نەبێت، ئەوەتا شوم کردووەو (٥) منداڵم هەیە سوێند بەسەری یەکتری ئەخوێن.
(م،ح،ع) من کاتێک باوکم لەباڵەخانەیەکی (٣) نهۆمی کەوتە خوارەوە گیانی لەدەستدا خۆمو برایەکم لەگەڵ دایکما ماینەوە، خاڵم پاش (٣) ساڵ دایکمی دایەوە بەژن بۆ خۆی، بەڵام هەر لەسەرەتاوە باوە پیارەکەمان پاش چەند مانگێک لەئێمەی ئەداو بەدایکمی ئەگوت بۆ هەر شوێنێکیان ئەبەیت نابێت لای تۆ بنو من بەخێویان ناکەم، کێشەکە زیاتر پەرەی سەندو دایکم نەیدەویست لەنازی خۆی بێبەشمان هەرگیز (باوەژن و باوە پیارە) جێگای دایکو باوکێکی راستەقینە (اصیل) ناگرێتەوە بۆ هەر منداڵێک، کاتێک کەلەسۆزی دایک بێبەش دەبێتو باوەژنێک دەبێتەوە بەدایکی رۆژگارەکانی.■

laparakan.qxd 19/01/1426 08:19 Page 3

کێ بەرپرسە لەخنکانی رامیارو بەمۆی جوانەمەرگ؟
ئەو کۆمپانیایەی ئەم کارەی گرتۆتە ئەستۆ یان شارەوانی سلێمانی یاخود. !!

ئا/سالار خوارەحم

□ سەر لەئێوارەی رۆژی ٥ شەممە رێکەوتی ٢٠٠٥/٢/٢٤ لەگەڕەکی سەروەری کەدەکەوێتە پشت شەقامی مەلیک مەحمود تەنیشت کۆمەڵگەی ئاڵتون کۆمەڵێک منداڵو لاوی ئەم ناوە یاری دەکەن. ئەم گەڕەکە ماوەی ساڵێکە بڕیاری زێرابی سندوقی بۆ دەرچووەو زێرابەکان بەقوڵی چەند مەترێک هەڵکەنراونو بەڵام بەناتەواوی دەستی لێهەڵگیراوە. یەکێک لەزێرابەکان کەبۆری ئاوی پیا تێپەڕیوە بەهۆی باران و بەفرو ئاوەڕۆی ماڵانەوە پڕبۆتەوە لەئاوو پیسی، بەڵام ئەفسوس ئەم حەوزە دەبێتە هۆی خنکاندنی (رامیار یاسین)و (بەمۆ کەمال) کەبەم جۆرە هاوڕێیانو ئەوانەی لەو ناوە ئاگادار بوون باسی دەکەن:-

لەکاتێکدا رامیار تەمەنی (١٣) ساڵەو کوڕە تاقانەیە لەلێواری ئەم زێرابە سندوقیەدا دەبێت قاچی هەڵدەخلیسکێتو دەکەوێتە پەلەقاژە لەناو ئاوەکەدا هاوڕێکانیشی بۆ یارمەتی دانیو رزگارکردنی هەوڵ دەدەن بۆیە وەفاداری بەمۆ کەمال بۆ رامیاری هاوڕێی چەند ساڵە چاکەتەکەی دادەکەنێتو دەیداتە دەستی رامیار بەڵام بێ سوود دەبێت ئەمجارەیان بەمۆ دەستی دەداتە دەستی رامیار بەڵام مەرگ هەردوکیان بەرەو قوڵایی ئاوەکە رادەکێشێتو وەکو دوو خۆشەویستی یەکتریو وەفایەک بۆ چەند ساڵەی هاوڕێیەتیان باوەشیان بەیەکتردا کردووە تەمەنی کورتیان بەمەرگ سپارد، یەکێک لەو پیاوانەی کە لەو ناوەدا ئاگاداری

ئەو کەس و لایەنەی کەدادگا تاوانباری دەکات پێویستە ئاشکرا بکرێنو ببنە پەند بۆئەوەی کاری لەوجۆرە دوبارە نەبێتەوە

ئەو حەوزە نەگریسەی بەمۆو رامیاری تیا خنکا!

رووداوەکە بوو وتی کاتێک ئەم دوو لاوە کەوتنە ناو ئاوەکەوە نەمتوانی هیچ بکەمو رزگاریان بکەم بەڵام شیشێکی (٦) مەتریم بەدەستەوە بوو خستمە ناو ئاوەکە بەڵکو ئەو شیشە بگرنو رایانکێشم بەڵام بێ سوود بوو.

هاوڵاتیانی ئەم گەڕەکە زۆر بێزارن لەم کارانەکەماوەی ساڵێک زیاترە ئەم زێرابانە دروست کراونو تەواو نەکراون جگە لەمانە لەم گەڕەکانەدا لەهەندێ جێگادا پەیژەی تەختە دروست کراوە بۆئەوەی هاوڵاتیان بەسەر ئەو زێرابەدا بپەڕنەوە کەچەند مەترێک قوڵەو مەترسی زۆری هەیە.

ماوەیەک لەمەوبەریش بەهەمان شێوە چەند منداڵێکی دیکە کەوتوونەتە خوارەوە بەڵام بۆ وشکایی نەک ئاو

هاووڵاتیانی ئەم گەڕەکە لەو کاری دروست کردنی زێرابی سندوقییە بێزار بوون

چەند جێگایەکی گیانیان شکاوە.

ماوەتەوە بڵێین بەمۆ کەمال لەساڵی (١٩٩١) لەسلێمانی لەدایک بووە رامیار یاسین لەساڵی (١٩٩٢) لەدایک بووە هەردوکیان خوێندکاری پۆلی پێنجەمی سەرەتایی قوتابخانەی سلێمانی سەرەتاین.

بەر لەکۆتایی دەپرسین ئاخۆ کێ لەم کارە بەرپرسیارە؟ ئەو کۆمپانیایەی کەئەم کارەی گرتۆتە ئەستۆ یاخود شارەوانی سلێمانی یاخود..

تەنها پێشنیاری ئێمە ئەوەیە پاش ئەوەی کەخاوەنی رامیارو بەمۆ لەدادگا سکاڵایان تۆمار کرد ئەو کەسو لایەنەی کەتاوانبار دەکرێت بڕە پارەیەکی ئێجگار زۆری بەسەردا بسەپێنرێت تاچیتر کاری لەم جۆرە دوبارە نەبێتەوە ئەگەر نا مەرگی ئەم دوو لاوە بەملیۆنەها دۆلار مەزەندە ناکرێت.■

کاتێک بینایەکی چەند نهۆمی درووست دەکرێت سیاجی بەچوار دەوردا دەکرێت بۆئەوەی کەس نەیبینێت، بەڵام کارێکی لەم جۆرە بۆ سیاجی بۆ ناکرێتو مەرگی بەمۆو رامیاری لێ بپارێزرێت؟



ئامادەیی سلێمانی کوڕان: خوێندنگایە؟ یان گەراجو حەوزی مەلەکردن؟

بڕوانە لاپەڕەی ئاوێنەی رۆژنامەگەری و سکاڵایەک لەم بارەیەوە

laparakan.qxd 19/01/1426 08:19 ª Page 4

ژن و بازنەی شوناس

ناهید حوسەینی

ئەندامی ئەنستیتۆی فەرهەنگی توێژینەوەی کوردستانی خۆرهەڵات

□ ئەم ڕۆژانە بەدەیان وسەدان ناوی جۆراوجۆرەوە لەسەر تۆرە ئەنتەرنێتیەکان و ڕۆژنامەکان، باسی ژن و گرفتەکانی ژن بوون و پێگەی کۆمەڵایەتی ژن، لەکۆمەڵەکاندا، کەوتۆتە بەر لێکۆڵینەوە و توێژینەوە. ڕێژەیەکی زۆر نوسەرانی ئەم بابەتانە پیاوەکانن و ڕێژەیەکی کەمیش خودی ژنان. هەر کەسە و لەروانگە و بۆچوونی خۆیەوە، دەنگی خۆی هەڵبریوە. روانگەگەلی سیاسی و روناکبیریی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، نەشتەری ڕەخنەیان خستۆتە گەر بۆ هەڵدانەوەی قەتماغەی ئەم برینە بەسوێیە و دەرخۆنە لەسەر ئەم زامە لادەبەن. کوردەواری لەگەڵ کۆمەڵە پێشکەتو و مۆدێرنەکاندا، بەراورد دەکرێ، بەبێ ئەوەی تایبەتمەندیەکانی ئەم کۆمەڵە جیاوازانە ڕەچاو بکرێت. بەرێز خاتوو شەهلا دەباغی لەوتارێکدا لەزمانی (نینا بیۆرک)، ژنە فێمێنیستی سوێدییەوە، دەڵێ: (ژنان لەهەرەمی دەسەڵاتدا، لەپایەی ژیردا ڕاوەستاون و ئێمە دەبێ ژن وەک گروپ تاریف بکەین کەتەنانەت لەمۆدێرنێتەشدا نەیتوانیوە بەمافی خۆی بگات).

وتەیەکی گەلێ جوان و سەرنج ڕاکێشە، (تەنانەت لەمۆدێرنێتەشدا)، جا خوا پەنای ژن بدات لەکۆمەڵێکیشدا کەنەگەیشتۆتە قۆناغی مۆدێرنێتە و هێشتا لە لیتاوی سوننەتە کۆنەکاندا چەقیوە. نامەوێ لێرەدا هەموو سوننەتە کۆنەکان ڕەت بکەمەوە و بڵێم هەموو ئەو پردانەی دەمانبەستنەوە بە ڕابردومانەوە ناشرینن، نا، دەمەوێ بڵێم بەداخەوە هاوکات لەگەڵ زۆر سوننەت و یادگاری جوان و پڕ شانازی، گەلێ سوننەتی ناحەزیش لەو پردانە پەریونەتەوە و هەتا ئەمڕۆکەش وەک سێبەرێکی قەترانی دوای ژن کەوتوون و هەنگاو بەهەنگاوی دێن.

بەروانینێکی سەرەکی بەمێژووی کوردەواریدا، بۆمان دەردەکەوێ کەبەرامبەر وڵاتانی دیکە، کەلتوری کوردەواری، ڕابردوویەکی گەشتری هەبووە سەبارەت بەبایەخدان بە پێگەی ژنان لە کۆمەڵدا. ئێمە مێژوویەکی کۆن و دوورو درێژمان هەیە و لە نابەینی لاپەڕەکانی مێژووداگەلێ ژنی هەڵکەوتە و بلیمەتمان هەبووە لەهەموو بوارەکاندا، دەوری ئەکتیڤ و پۆزەتیڤیان هەبووە، وەکو خاتو خانزادو حەپسەخانی نەقیب و مەستورەی ئەردەڵان و.. تاد.

سەردەمانێک بە لەچکی ژنە کوردێک خوێن بەس دەکراو ئاگری قین و شەری عەشیرەتەکان دەکوژایەوە. ژنی کورد نمونەی ڕەوشت، گەورەیی، سوارچاکی، چەکداری و بەدەست و برد بوو. ڕێزو پلە و پایەی ژنی کورد لەژنانی وڵاتانی دراوسێ گەلێ زیاتر بوو، تەنانەت لەباری ئازادی و ڕادەی دەسەڵاتداریشدا، لەنێوان خێزان و عەشیرەت و گوندەکاندا.

گەشتێک لەنێوان فۆلکلۆرو بەیت و باوی کوردەواریدا، ئەم ڕاستیەمان بۆ ڕوونتر دەبێتەوە و بەلگەی حاشا هەڵنەگرمان وەدەست دەکەوێت بۆ چەسپاندنی پێگەی بەرزو پڕ شانازی ژنی کورد، دیارە هیچ شتێک لەسەدا سەد نییەو من تەنها بە بەراوورد ئەمە دەڵێم. ڕۆڵی خۆشەویستی ڕاستەقینەش هەر لەدوو توێی ئەو دەقانەدا بەجوانی دیارن و یان بەدەگمەن لە بەیت و بەندێکی کوردیدا بەچاوی سوکایەتی سەیری ژن کراوەو پێگەی کۆمەڵایەتی ژن نەکەوتۆتە بازنەی گومان و پرسیارەوە. ئەگەر ژن لەوکاتەدا وەکو مەعشوق و دڵدارو خۆشەویست زیاتر لە شیعرو نوسراوەکاندا ڕۆڵی هەبووە، لەهەمان کاتدا، بێگەردو خاوەن وێڵ بووە. زیرەک و لێهاتوو بووە. هاوکات لەگەڵ ئاڵوگۆڕ لەدنیای ئەدەبیدا کەدیارە هەموو ئاگادارین لەژێر کاریگەری ئاڵوگۆڕ لەئەدەبی وڵاتانی سەرەتا ئەورووپی و پاشان دراوسێ، ڕەنگدانەوەی خۆی لەکوردستانیشدا هەبووە لەسەر دەستی شێخ نوری شێخ سالح، گۆران، ڕەنگ و بۆنی ژن و پێگەی ژنیش گۆڕدراو ئەم ئاڵوگۆڕە بەرەو ڕەوتێکی باش و پێشکەوتووی بردین و ڕوانگەی ئەدیبان و خاوەن قەڵەمانی ئەو سەردەمە، بەلگەیەکە بۆ ئەم باسە، مامۆستا هێمن دەڵێ: (من تەشی ڕێسێکی وەک شیرینی وەفاییم بۆ چییە کیژە کوردی چاوکراوەی فێرە زانینم دەوێ)، یان کاک سوارە بەدەیان جارو لەدەیان شیعردا، دڵدارەکەی دەدوێنێ و کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی لا دەدرکێنینیت و هەرگیز خوێنەر هەست ناکات کچێکی کاڵ فامی نەزان لەبەرامبەر سوارەدا، گوێگری قسەکانێتی و ئەمەش هەڵگری پەیامی دەسپێکی ئاڵوگۆڕە لەعەقڵییەتی کۆمەڵێکدا. وەک دەڵێن ئەدەبی هەر میللەتێک ئاوێنەی باڵانمای ئەو میللەتەیە و ڕاستگۆ ترین مێژووە.

مەبەستم لەم باسە ئەوە بوو کەهەست بە کەموکوری و هەڵبزڕکانی ڕەنگی ژن لەم قۆناغەدا، سەرەتا هەر لەلایەن خودی پیاوەکانەوە هەست پێکراوە و ستارتی ئەم بزووتنەوەیان لێداوە کە کۆمەڵ بەرەو قۆناغێکی نوێ دەروات و پێویستە لەم قۆناغە نوێیەدا، بەهرەکان و توانای ژنان پتر ڕەچاو بکرێت و کەش و هەوا بڕەخسێت بۆ ئامادەبوونیان لەبوارو لەدنیایەکی نوێدا.

باسەکە گرێ دەدەم بەوەوە کەژنانی کورد لەکۆمەڵی تەواو سوننەتیدا بەپێی کەش و هەوای ڕەخساوو گونجاو، پێگەی خۆیان دیاری کردو لەلایەکانی مێژوودا بەشکۆوە تۆمار کران. ئەو ژنانە لەوپەری نەخوێندەواریدا، پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان دیاری کردو تەنانەت لەبواری سیاسەت و حکومەتیشدا، ئەزموونی باش و بەرچاویان هەبووە، وەکو خاتو خانزادو قەدەم خێرخان و گەلێ هەڵکەوتەی دیکە. لەسەنگەرەکانی بەرگری لەدێر زەمانەوە بۆ ئەم ڕۆژگارە، بەڵام لەسەردەمی جیهانگیری و ئەنتەرنێت و پەیوەندیانەدا، لەم سەردەمەدا کە من وەکو بەرزەخێک لەنێوان سوننەت و مۆدێرنێتەدا دەیبینم، پێگەی ژن چییەو کامەیە؟! بۆ دەبێ کێشەی ژن لەباتی چارەسەر بوون تۆختر و زەقتر بووبێتەوە و گەلێ کێشەی نوێشی لێ زیاد بوو بێت؟ خاتو شەهلا لەبەشێکی دیکەی وتارەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە (لەکۆمەڵی پیاو سالاردا، داوا لەژن دەکرێت ژنانە بژێت و هۆیەکەشی دەخرێتە پاڵ سروشت). زۆر ڕاستە، ئەمە داواکاری کۆمەڵی پیاو سالارە، بۆئەوەی دنیای ژیانی ژنانەی ئەمڕۆ ئەوەندە تەسکو بچووک کراوەتەوە، بۆتە ئامرازێک بۆ سوود وەرگرتنی دەسەڵاتی پیاو سالار. ژن بەهۆی لەشو لاری ناسکییەوە بۆتە ئامرازی سەرەکی ڕیکلام و گەلێ شتی دیکە کەهەموو دەیزانن و پێویست بەدووبارە کردنەوە ناکات. بازرگانی پڕ لەسوود بۆ بازرگانان و ساناترین ڕێگە بۆ گوزەرانی ژیان و دابینکردنی بژێوی بۆ ژنان، کەشو هەوایەکی ڕەخساندووە کەژنان خۆیان زیاتر، پەرە بەو بارودۆخە دەدەن و ئەو تایبەتمەندییە جەستەییانە جێگری عەقڵییەتێک بکەن کەئەمڕۆ پێویستە و شوناسی ئەوان دیاری دەکات. کوردەواری لە سەرەکی ترین کێشەی خۆیدا تووشی گێچەڵ و لەکێشەی چەسپاندنی بوونداید، وەکو نەتەوەیەک کە خاوەنی جوگرافیاو زمان و مێژووە. لەکێشەی شوناسی خۆیدایەو تەنیا عەقڵییەتێکی وریاو پێشکەوتوو، دەتوانێ لەم قەیرانە دەربازی بکات. ئەوسا، بەداخێکی زۆرەوە، ئاوا دنیای ژیانی ژن تەسکو بچوک دەکرێتەوەو ژنانیش بە ون بوونێک لەم بەرزەخەدا، تووشی سەر لێشێواوی دەبن. پێشینان دەڵێن، دوو شت زۆر ناشرینە: منداڵێک لاسایی گەورە بکاتەوە یان گەورەیەک لاسایی منداڵ بکاتەوە، منیش دەڵێم دووشت زۆر ناشرینە، ژنێک لاسایی پیاو بکاتەوە، یان پیاوێک لاسایی ژن بکاتەوە. ڕاستە سروشتی ژن و پیاو لەباری فیزیکی و ڕۆحیەوە زۆر جیاوازن. لەوانەیە سەردەمانێک زۆر ناشرین بووایە ژنێک بۆ وێنە ئاسنگەری بکردایە، یان قەساب بووایە. بە واتەیەکی دیکە ژن نە شان و باهۆی ئاسنگەری هەبووە و نە دڵ و دەروونی قەسابی و بەم هۆیەشەوە کار بەنیسبەتی ڕادەی توانایی و هێز، دابەش دەکرا. هەرچەند ئەو کاتەش ژن لەکاری دووقات واتە کار لەمەزراکان و باخەکان هاوکات لەگەڵ ماڵ، بێ بەش نەکرابوو.

بەڵام لەدنیای ئەمڕۆدا، کەخوێندەواری و ڕادەی کەلک وەرگرتن لەزانست و تەکنەلۆژیا، ڕۆڵ دەگێڕێ و توانایی هزری بۆتە جێگری توانایی فیزیکی، ئەوەی نەتوانێت جێ پەنجەی خۆی دیاری بکات کلاوی سەرچووە. دیارە مەبەستم لەو تاقمە ژنەیە کەکەرەستەکانی گەیشتن بە توانایی هزری بۆیان ئامادە بووەو کەش و هەوا بۆیان ڕەخساوەو دەرەخسێ، هەتا بگەن بەقۆناغی شوناس و عەقڵییەت. هەرکام لەپارچەکانی کوردستان لەژێر کاریگەری فەرهەنگی دەسەڵاتی زاڵدا، کولتوریان تووشی ئاڵوگۆڕ بووەو ڕوونە کە کولتوری دەسەڵاتە زاڵەکان و کولتوری دەرەوەی دەسەڵاتەکانیش کولتورێکی پیاو سالاری ڕیشەییە. لەیادمە لەپۆلی یەکەمی سەرەتایی لەکتێبی (فارسی)دا، وانەیەکمان هەبوو بەناوی (ئاش). لەو وانەیەدا دێت کە دایکی ئەکرەم و ئەمین ئاش دروست دەکات. ئەکرەم یاریدەدەری دایکیەتی و سەوزەی بۆ پاک دەکات و کەشک لە ئاشەکە دەکات و لەهەمان وانەدا، هاتووە کەئەمین حەزی لەئاشە. هەتا ئەو ڕۆژەی لەوانەکانی قوتابخانەدا، حەز، حەزی ئەمینەکانەو ئەکرەمەکان و دایکەکانیان ئاش دروست دەکەن. هیوای داهاتوویەکی ڕوون، هیوایەکی سوتاوە. جا بۆیە ئەم باسەم کردەوە کە منیش وەک شەهلا خان بگەمە ئەو ئاکامە لەباسەکەدا: (بۆ گۆرینی کۆمەڵ دروشم بەس نییە)، گۆرینی کۆمەڵ پێویستی بەتەقینەوەیەکە لە ئاڵوگۆڕ لەهەموو بوارەکانی سیاسەت، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ڕووناکبیری. بگەمە ئەوقەناعەتەی پێویست ناکات لاسایی پیاو بکەینەوە بۆ ئەوەی مافە خوراوەکانمان دەستەبەر بکەینەوە. ژن لەچوارچێوەی ژن بوونی خۆیدا وەکو مرۆڤێکی بیرمەند، گەلێ پرۆژە و پرۆگرام دەتوانێ بگەیەنێتە ئەنجام، بەبێ ئەوەی وەکو تایبەتمەندی گەلێکی ژنانە کەپەیوەندی بەخودی ژنەوە هەیە و دیاردەیەکی بەتەواوەتی تاکییە سەیر بکرێ. تەنانەت لەڕوانگەی خودی ژنیشەوە.

نوسینی وتارگەلی جۆراوجۆر لەلایەن پیاوانەوە لەسەر ژن و کێشەو گرفتەکانی، بەتۆزێک گەشبینییەوە، لەباربوونی کەش و هەواکە دەگەیەنێ و ئامادەبوونی کۆمەڵ بۆ ئاڵوگۆڕ. بۆ ئەوەی لەکەش و هەوایەکی هێمنداو بەدوور لەتیرۆرە کەسایەتیەکان کە لەم ڕۆژانەدا بۆتە باو و کێشە سەرەکیەکەی خستۆتە پەراوێزەوە، بەچارەسەرکردنی برینی ساڵەها دروشمی بێ سوود، قۆڵ هەڵماڵین. زۆر دوور لەئینسافە ئەگەر هەوڵ و تێکۆشانی گەلێ لەپیاوانی ڕۆشنبیر و خاوەن هزر لەم خولەدا ڕەچاو نەکەین.

بەڕاشکاوی دەڵێم ئەوەی هانی دام بۆ نوسینی ئەم بابەتە، خوێندنەوەی وتارەکەی، خاتو کازیوە ساڵح بوو لەسایتی کلاورۆژنەدا. زۆر بەرێکوپێکی و دوور لەهەراوزەنایەک کە ئەم ڕۆژە باوەو بەهێنانی وشەگەلی قورس و گران تەنها سەر لەخوێنەر دەشێوێنن، بەچڕوپڕی و ئینسافەوە مەبەستەکەی خۆی گەیاندبوو. فارس گوتەنی: (جانا سخن از زبان ما می گویی)، واتە گیانە قسەی دڵی ئێمە دەکەیت.

لەوتارەکەدا باس لەخۆشەویستی و ئازادی سێکسی و ئایدیای فێمێنیزمی دەکات. وتارەکە تازەیە و لەسایتەکەدا لەبەر دەستدایە و من نامەوێ بە دووپاتکردنەوەی خوێنەر ماندوو بکەمو هەر کەس دەتوانێت بەپێی ڕوانگەو زەوقی خۆی لێی بکۆڵێتەوە. تەنیا وەکو هاوبیریی خۆم لەگەڵ فکرەکەیدا، حەزم کرد چەند دێڕێک بنوسمو کۆتایی بە باسەکەم بێنم.

ئەگەر واز لەو قۆناغە بێنین کەمرۆڤ وەکو ئاژەڵ دەژیا، هەرچەند بروا ناکەم ئەو کاتەش مرۆڤ هەستی بە بەرامبەرەکەی نەکردبێت. لەو ڕۆژەوە کەمرۆڤ خۆی وەکو بونەوەرێکی خاوەن هەست، وەکو گیاندارێکی جیاواز لەئاژەڵ دۆزییەوە. خۆشەویستی هەبووەو پیرۆز بووە بەلایەوە. بەرەبەرە هەتا ئەمڕۆ لەگەڵ بەرەو پێشچوونی مەدەنیەت ڕەنگی خۆشەویستی کاڵ و کاڵتر بۆوەو لەزاتی ڕاستەقینەی خۆی دوور کەوتەوە. بازرگانی پێدەکرا، سیاسەتی پێدەکراو... سیاوەش کەسرایی، شاعیری ناسراوی ئێرانی دەڵێ: (ڕاستە، ڕاستە ژیان جوانە، ژیان ئاتەشکەدەیەکی لەمێژینەی وەستاوە، گەر دایگیرسێنیت، سەمای بڵێسەی ئاسۆ بە ئاسۆ دیارە، ئەگەر نا کوژاوەتەوەو کوژاوەیی تاوانی ئێمەیە).

خۆشەویستی هەیەو ژیان بەرەگەزی ژن و پیاوەوە جوانەو جیاوازییەکان و ناحەزییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەلاقەیەی کەلێیەوە دەروانینە دنیای دەرەوەی خۆت. دەگەڕێتەوە بۆ کەشوهەواو شوێنی پەروەردەبوونی مرۆڤەکان و دەبەسترێتەوە بەچۆنیەتی پەروەردەکردنی بەرەی نوێوە.

کازیوە خان، ئاماژە بەسێ خاڵ دەکات بۆ دەست نیشان کردنی کەموکورییەکردەوەییەکان لەلایەن پیاوەکانەوەو وەک خۆی دەڵێ، ویستوویەتی لە (١٢) خاڵدا، مەبەستەکەی بگەیەنێت و من دڵنیام زۆر خاڵی تریش هەن کە ئاماژەیان پێنەکراوە. بەڕاستی ئەگەر مرۆڤەکان بەگشتی بەژن و پیاوەوە، تێگەیشتنێکی دروستیان سەرەتا بەرامبەر بەخۆیان و ئینجا بەرامبەرەکەیان و پاشان کۆمەڵێک کە تیایدا دەژین هەبێت، زۆر لەکێشەکان و بۆ نمونە کێشەی ژن لەژێر ساباتی مرۆڤایەتی و ڕێز نەگرتن لەکەسایەتی و مافی تاک و کۆمەڵ، چارەسەر دەکرێن.

بەڵام مرۆڤ بەئارەزوو ناژی، بەخەیاڵ بەختەوەر نابێت. ڕاستە کۆمەڵی ئێمەش وەک زۆربەی کۆمەڵەکانی دیکە شمشێرەکەی لەڕوو هەڵبەستووە بۆئەوەی زۆربەی تاوانەکان بخاتە ئەستۆی ژن. دیاردەی ئازادی سێکس وەکو مافێکی تاکی بۆ مرۆڤ بەگشتی لەچوارچێوەی خۆشەویستییەکی قوڵی ڕۆحیدا شەرعیەتی پێدەبەخشرێ. بەڵام ئەم مافە لەکۆمەڵێکدا ڕەنگی هەیە کەپێناسەیان بۆ هەموو مافەکانی مرۆڤ هەیەو بەکردەوەیان کردووە. کۆمەڵی ئەوروپی شوناسی خۆی هەیە بەهەموو تایبەتمەندیەکانیەوە. ئازادی سێکس یان ئازادی جنسی بەشێوەیەک لەکۆمەڵدا پێناسەکراوەو چەسپاوە کەمرۆڤەکان وەکو دیاردەیەکی نامۆ سەیری ناکەن. بەتێگەیشتنێکی تەندروست ڕووبەڕووی دەبنەوەو درۆو دەلەسەو خیانەت لەو پەیوەندیانەدا، پێگەی نییە. بەڵام ڕاستیەکانی کۆمەڵی ئێمە وەکو کوردەواری و نەتەوەیەک بەناوی کورد شتێکی دیکەن؛ کێشەی ئێمە، کێشەی شوناسێکی باوەڕ پێنەکراوە. کێشەی شوناسێکە حاشای لێدەکرێ. هێشتا بەتەواوەتی دانمان پێدا نانێن و جوگرافیاو زمان و ڕوناکبیری و باوەڕبوونمان لەجوغزی پرسیاردایە. کێشەی ئێمە کێشەی لێک نەگەیشتمانەو کەفارەی ئەم تاوانەش مێژوویەکە بە خۆ خۆری و براکوژی دەدرێت. گۆمێکی مەنگە، هێندە بەردی نەزانی تێ هاوێژراوەو لێڵ کراوە بەهەزار زانا ڕوون ناکرێتەوە. ئێمە بەکۆنترین و ڕەسەنترین کەلتورەوە، لەجێی بەرەو پێش چوون، بەردەوام دەکشێینەوەو لەجێی چارەسەرکردن، بەردەوام بەدوای تاوانباردا دەگەڕێین و کورد وتەنی بۆ گورچیلەیەک، گایەک مردار دەکەینەوە. چاومان لەڕاستیەکان نوقاندووەو دنیا بەتاریکی تاوانبار دەکەین و هەرگیز هەوڵمان نەداوە بەشێوەیەکی پراکتیکی و پۆزەتیڤ، بۆ ئەکتیڤ کردنی دروشمەکان هەوڵ بدەین. هەربۆیە زۆرجار دەبینە لادەروون دەبین لەڕاستی کێشەکاندا.

لەنێوان ئەم هەموو بۆشایی و کەلێنە پڕ نەکراوەدا ئایا دروشمێک وەک ئازادی جنسی لە کۆمەڵی ئێمەداو بۆ نەتەوەی کوردو بەرەی تازە پێگەیشتومان، کەلە مەترسی هەموو جۆرە پیلانێکی پڕ لەڕەنگ و بۆندان، بۆئەوەی لەپرسیاری شوناسی خۆیان دوور بکەونەوەو بە ئامادەبوونی کەشوهەوایەک کەبەسانایی بەرەو مادە سڕکەرەکان و.. تاد، یان دەبات. دروشمێکی پڕلەمەترسی و ڕەنگێکی دیکەلەپیلان نییە؟!

یان کەلێنێکی دیکەی کۆمەڵی ئێمە، نەخوێندەواری و دوور بوونی ژنان نییە لەبوارەکانی پێشکەوتن لەدنیای ئەمڕۆدا؟! ژنێکی هەژاری، چەوساوەی، نەخوێندەواری گوندی و تەنانەت شاریش، نەفێمینیزم ئەناسێ و نەمافی خۆی و نەبەستن و گێرانی سەدان کۆرو کۆنگرەش دەتوانێ ساریژی چەرمەسەری ئەو بکات.

بەهیوای ئەو ڕۆژەی ژنانی چالاکی کورد بەشێوەی پراکتیکی و بەرەچاوکردنی ڕێگە چارەیەکی سەرەکی هەوڵ بدەن بۆ ڕزگاری لەوابەستە بوونی لەسەدا سەدی ژن بەکۆمەڵی پیاوسالارەوەو هاندانی ژنان بەرەو بەرژەوەندییە فیکرییەکان و دەستەبەرکردنی بنەما ئابوورییەکان. وەک دەزانن زۆربەی ئەو ژنانەی لەشفرۆشی دەکەن، بەهۆی نالەباربوونی باری ئابوورییانەوەیە و تەنها ژنانێکە متمانە بەخۆیان دەکەن بۆ دابین کردنی بژێوی خۆیان، دەتوانن لەسەر بنەمایەکی دروستی بەرژەوەندی فیکری، بیر لەداهاتووی خۆیان و هاوڕەگەزە چەوساوەکانیان بکەنەوە.■

خالید محەمەد زادە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بێدەنگییەکی مەرگهێنەر

□ کریس کۆچێرا ساڵی ١٩٩٧ لەکتێبی (خەباتخوازیی کورد...) نوسیبووی (بزووتنەوەی میللی کورد لە ئێران ئەمڕۆ تاڵترین سەردەمی داکشانی خۆی تێپەڕ دەکات)(١)، ئەمە ئەو سیمایە بوو کەناوبراو بەسەرنجدان بەو بارودۆخەی کەبزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەرانسەری دەیەی ٩٠و بەتایبەتی لەکۆتاییەکانی ئەو دەیەیەدا تێی کەوتبوو، کێشابوو. بێگومان ئەگەر دەیەی ٩٠ی زایینی بۆ بزووتنەوەی سیاسی کورد لەعێراق، دەبێت بەدەیەی ڕاپەرین و دەست پێکردنی پرۆسەی لەبەعس خستن و هەوڵدان بۆ بنیاتنانەوەی کۆمەڵێکی هاوچەرخ و لەهەمان کاتدا ئاوەڵابوونی دەروازەکانی جیهان بەرەو ڕووی، بۆ بزووتنەوەی سیاسی کوردەکانی ئێران، ئەم دەیەیە دەبێ بە دەیەی چاوەڕوانی، پاشەکشەو داسەپاندنی سانسۆری خەبەری و داخستنی دەروازەکانی جیهان بەرەو ڕووی کە ئەم فەزایە ئێستاش لەکۆمەڵێک فۆرمی جیااوازدا درێژەی هەیە.

هۆکارە دەرەکیەکانی ئەم فەزایەو میکانیزم و هۆکارەکانی هەر چییەک بن تا ڕادەیەکی زۆر کەوتونەتە بەر خوێندن و ئاماژە پێکردن. بەڵام لەهۆکارە نێو خۆییەکانی یا بێ دەنگی لێکراوە، یا سەرجەم پرسیار و گومانەکان، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک شیعاری ڕووتی سیاسی و وەعدو بەڵێنی بێ ئاکام کراوەتەوە. ئەوە لەحاڵێکدایە کەلەسەرانسەری دەیەی ٩٠و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەمدا جموجوڵە ئەدەبی و فەرهەنگی و خوێندکاری و ڕۆشنبیرییەکان لەنێو خۆی کوردستانی ئێراندا بەئاستێکی بەرچاو دەگەن. بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەم جموجوڵانەدا ئەحزابی سیاسی ڕۆژهەڵات لەئاستی چاوەڕوانیەکاندا نابن. ئەمە ئەو ڕاستیەیە کەخودی ئەحزابی سیاسیش ئیعترافیان پێکردووە. بەڵام هەتاوەکو ئێستاش هیچ ڕێگە چارەیەک بۆ دەربازبوون لەو بازنەیەی کە ئەحزابی سیاسی تێی کەوتوون نەدۆزراوەتەوە.

بێگومانم لەوەی کەئەحزابی سیاسی بەشدار لەبزووتنەوەی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەو قەیرانی فیکری و ساختاریدا دەستو پەنجە نەرم دەکەن کەبشێکی زۆری پتانسیل و توانا فیکری و مادیەکانیشیان لەم قەیرانەدا سەرف دەکرێن، بێ بوونی بەرنامەو ڕێگە چارەیەکی سەردەمی و مۆدێرن. لەبیرمان نەچێ لای ئێمە بوونی قەیران بەرهەمی بێ بەرنامەییەکی کوشندەیە کە لەسەر ژێرخانی موژدەو چاوەڕوانی و بەرهەم هێنانەوەی دوێنێ دامەزراوە. لەئاکامیشدا هەموو قەیرانەکان، خۆی لە لەت بوون و لێک ترازان و پاسیڤ بووندا بینیوەتەوە.

ئاوردانەوەیەکی خێرا لەسایتە ئەنتەرنێتیەکانی تایبەت بەکوردستانی ئێران و چاوخشاندنێک بە بڵاوکراوەکانی ئەحزابی سیاسی ڕۆژهەڵات کۆمەڵێک دەرەنجام لەتوانای فیکری و ساختاری کارییان بە دەستەوە دەدا کەلە باشترین حاڵەتدا وەڵامدەری پێویستی و داخوازیەکانی ئەمڕۆی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان نییە. سایتە ئەنتەرنێتیەکان بۆتەمەیدانی جنێوفڕۆشتن و سوکایەتی کردن بەیەکتر و ئالەتی ڕابواردنی کۆمەڵێک کەسی بەناو سیاسی تاراوگە نشین. گۆڤار و ڕۆژنامەکان زۆر بەدگمەن دەگەنەوە نێو خۆی وڵات.. هتد.

بێگومان ئامانجی ئەم چەند دێڕە تیشک خستنە سەر هەموو لایەنەکانی کارکردی ئەحزابی سیاسی ئەم پارچەیە نییە. بەڵام ئەم ساتەوەختە دەتوانێ ساتەوەختی پێداچوونەوەو خۆناسین بێت، دەتوانێ ساتەوەختی هەنگاونان بەرەو گۆڕانە کراوەو گەورەکان بێت. بەو مەرجەی لەدەمار گرژی ڕێکخراوەیی و عەقڵییەتی سەدەکانی ناوەڕاست دەرباز بین و باوەڕ بەوە بێنین کەگۆڕان پێداویستیەکی حەتمییەو دەبێ هەموو ئەو ساختارو عەقڵییەتە هەڵوەشێتەوە کە ئەم بزووتنەوەی لەچاوەڕوانی گۆدۆدا هێشتۆتەوە. بەو حاڵەش تیشک خستنە سەر لاوازی کارکردنی ئەحزابی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەواتای بەهێند نەگرتنی ئەو چالاکیانەی کەهەیانە نییە، بەڵکو ڕاست بەپێچەوانە هەوڵدانە بۆ کاراتر کردنی کارکردنی ئەحزابی سیاسی لەهەموو بوارەکانی خەباتدایە. کەئەمە وەک پێویستیەکی مێژوویی و حەتمی ڕۆڵ لەمێژە خۆی دەرخستووە. هەنگاونان بەرەو گۆڕان و نوێ بوونەوەش جێگۆڕکێ کردنی کۆمەڵێک شیعاری سیاسی و گۆڕانی ڕواڵەتی نییە کە ڕۆژانە گوێ بیستی دەبین، بەڵکو پێکهاتەی ئەم بزووتنەوەیە لە بێ بەرنامەییەکی تەواودا دەژی و ئەوەش باوەڕ بەخۆبوونی هێناوەتە خوارێ و هیواو ئومێدی بریوەتە هێزە ڕزگارکەرەکان بۆ ڕزگار بوون لە تاراوگە نشینیدا!! ئەم نوسینە بەقسەیەکی شەهید دکتۆر قاسملۆ کۆتایی پێ دێنم، کە دەڵێ: (هەر جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێرانە بکەوێتە سەر باری ئەوەی کە سیاسەتێکی دیفاعی بەخۆوە بگرێ، بەدەستی خۆی گۆری خۆی هەڵدەکەنێ، جوڵانەوەی شۆڕشگێرانە... دەبێ هەموو وەختێک هەلومەرجێکی ئەو تۆ بخوڵقێنێ کە تووشی مەندی و ڕاوەستان نەبێ)(٢).■

سەرچاوەکان:

(١) کتێبی خەباتخوازی کورد، نوسینی کریس کۆچێرا، وەرگێرانی ئاسۆ حەسەن زادە، لاپەڕە ١٢٢.
(٢) کتێبی (چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادیدا)، عبدالرحمن قاسملۆ، لاپەڕە ١٤٥.

laparakan.qxd 19/01/1426 08:19 Page 5

پواز

سیستمی پەروەردە بەرەو کوێ؟

□ ئاشکرایە یەکێک لەو بوارانەی بەدرێژایی زیاتر لە سیانزە ساڵی حوکمی خۆماڵی، جیاواز لەدەسەڵاتی بەغدا مایەوەو هەمان ئەو سیستمە کۆنەی پێش راپەرینی ساڵی ١٩٩١ی بەخشیە نەوەیەکی نوێو پەروەردە بوو، کە جگەلە هەندێک لابردنو خستنە سەری چەند بابەتێکی بچوک نەتوانرا گۆرانکارییەکی ئەوتۆو پێویستی تیادا ئەنجام بدرێت، خۆ لەراستیدا هەر ئەوکات کۆمەڵێک بیانوو هەبوون کە بەرپرسان لەکاتی وروژاندنی ئەم باسەدا خۆیان پێ قوتار دەکرد، سەرەرای ئەوەش ئەوکات زۆر کەسو لایەن قسەیان لەو خەمساردییە دەکرد، هەر بۆیە من مەبەستم نییە تاوانی ئەو چەند ساڵەی پاش راپەرین لەپێدانی سیستمێکی نا دروست بەمندالان و نەوەی زەمەنی ئازادی زیندوو بکەمەوە، لەبەر ئەوەنا کە پشتگوێ بخرێت، بەڵکو لەبەئەوەی رەنگە زیاتر لەوە قسە هەڵبگرێت کە لە وەها رەشنوسێکدا باس بکرێتو هەموو لایەنو رووەکانی لێک بدرێتەوە، ئەوە یان بۆکاتوکەسی خۆی، یان هەرکەسێکی دی بیەوێت قسەی لەسەر بکات.

ئەوەی گرنگو پێویستە زۆر بەوردیو ژیرانە کارو بەرنامە رێژی بۆ بکرێت، هەرچی زووتر گۆرانکاری ریشەییو دروستە، لەسیستمی نوێی پەروەردەی عێراق بەگشتیو کوردستاندا بەتایبەتی، بەجۆرێک کە هەر زووبەزوو لێژنەی پسپۆرو شارەزا لەهەر یەک لەقۆناغەکانی خوێندندا ئامادە بکرێتو پرۆپۆزەڵی ئەرک وکاری خۆیان ئامادە بکەن، بە جۆرێک لەئاست پێویستیو گرنگی پەروەردە کردنی نەوەی نوێدا بێت، نەک وەک هەرکاتێکی تر ئەم بوارە پشتگوێ بخرێتەوەو ئەو کارەساتە بخولقێت کەچەندین دیاردەی سەلبی لێدەکەوێتەوەو هەندێک لەبەرپرسانی ئەو بوارە درکی پی ناکەن، وک چۆن تا ئێستا درکیان پێ نەکردووە، یان تاوانی خەمساردییان خستۆتە ئەستۆیان.

گرنگو پێویستە، حکومەتی هەرێمو وەزارەتی پەروەردە، ئەرکی هەرە گرنگو پێشوەختیان کارکردنێکی جدی بێت لەپێناو گۆرانی بنەرەتیو دروست بۆ هێنانە کایەی سیستمێکی نوێو هاوچەرخ، کە لە خزمەت پرۆسەی خوێندنو زانستدا بێت.

خۆ ئەگەر نا چیتر ئەرکی بێ چەندو چوونی رێکخراوە خوێندکاریەکانو لەپێشیانەوە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانو یەکێتی قوتابیانی کوردستانە، کە کەمتەرخەمی دەسەڵات لەو رووەوە قبوڵ نەکەنو هەموو شێوازەکانی خەباتی دیموکراتیو پیشەیی بگرنە بەر، لەپێناو سیستەمێکی مۆدێرن، بەو جۆرەی کە لەخزمەت خوێندکارانو پرۆسەی خوێندندا بێت، ئەمەش دیارە بەگەڕانەوە بۆ پرەنسیپە رێکخراوەییەکان دەبێت، ناشبێت بەرژەوەندی حزبی لەهەڵوێستی رێکخراوەییاندا وەک پێشتر هەبووە رەنگ بداتەوە، لەپێناو دووبارە وەرگرتنەوەی متمانەی زۆرینەی خوێندکارانو ناساندنەوەی خۆیان وەک دوو رێکخراوی راستەقینەی خوێندکاری. ■

رەنج قەرەداغی

پەژارەی هاوولاتی

■ سکاڵایەک لەئامادەیی سلێمانی کوڕانەوە. (مامۆستایانو خوێندکارانی..)

■ با شۆستەکان هەڵواسین!. (داریاس)

■ چەمچەماڵ.. فراوانبوونی شارو نەبوونی بینا بۆ فەرمانگەو دەزگاکان. (د. برایم)

■ مامۆستایانو خوێندکارانی ئامادەیی سلێمانی کوڕان

بۆ بەرێز (حاکم قادر) پاش سڵاو لەئامادەییەکەمانەوە بۆ بەرێزت...

سەرەتا بەدەرخستنو روونکردنەوەی سکاڵاکەمان دەست پێدەکەین، دیارە خوێندنگەکەمان چەندەها ساڵە دروستکراوەو لەم ساڵانەی دواییدا سووکە چاکردنێکی بەخۆوە بینی بوو، بەڵام ئەمەش بەپێی پێویست نەبوو، تا جوانییەک بەناوچەکەی دەوروبەری بگەیەنێت. دیارە ئێمە کەباسی خوێندنگەکەمان دەکەین، دەبینین لەناو ئەو پۆلانەی کەوانەی تیادا دەخوێندرێت دیمەنی دیوارەکان درزو قڵیشاندنێکی زۆری پێوە دیارە، لەگەڵ بوونی ئەم دیاردانەدا، هەندێ لەپۆلەکان لەکاتی باران باریندا لەسەقفەکانەوە ئاو دێتە ناو پۆلەکانەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی سارد بوونەوەی پۆلەکەو بێزاربوونی خوێندکارانو مامۆستایانو ئارەزووی خوێندنیان نامێنێت. وەک دیارە وشەی خوێندنگەلەلای خوێندکار پیرۆز کراوە هەر لەسەرەتای خوێندنییەوە، بەڵام ئایا ئەوگیروگرفتانەی کەباسمان کرد خوێندنگەیەکی ناو شاری سلێمانییە؟ زۆربەی ئەو کەسانەی کە رۆشنبیرنو بەتوانان هەموویان پەروەردەی ئەم خوێندنگەیەن کە ئێستا بوون بە بەرێوەبەری ئەم وڵاتەو خزمەتی ئەم شارە جوانە دەکەن، وەک (هونەرمەندو پارێزەرو مامۆستاو پزیشکو...هتد) کەخزمەتی چەندەها بواریان کردووە. داواکارین لەبەرێزتان چاوێک بەم کێشەی خوێندنگەکەمان بخشێنن کە هەڵسن بە چاکردنی دەرەوەی خوێندنگەکەمان، بۆ جوانکردنی سیمای خوێندنگەکەمان پێویستمان بەرابەریی کردنی ئێوەیە، وەک دەبینین بەردەم خوێندنگەکەمان ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبیل دەوەستن کە سیمای خوێندنگەکەمان بەرەو ناشرین تر چووە، لەوانە ئۆتۆمبیلی بار هەڵگرو ئۆتۆمبیلی تایبەتی، رۆژانە ئەم دیاردانە لەبەردەم خوێندنگەکەمان دووبارە دەبێتەوە. بێ ئەوەی هیچ بەرپرسێک بەرپرسیارێتی خۆیان لێ رابگەیەنن. وەک دیارە خوێندنگەکەمان دەکەوێتە ناو کۆڵانێکەوە وەک ئاماژەمان پێکرد زۆر ئۆتۆمبیل دەوەستێت لەوانەیە لەکاتێکدا روداوێکی دڵتەزێن رووبدات کەئەمەش زەرەرو زیانێکی زۆر بەخوێندکارانی خوێندنگەکەمانو ئەو ماڵانەی دەکەوێتە دەوروبەری خوێندنگەکە دەگەیەنێت. هەروەها چاکردنی شەقامی بەردەم ئامادەییەکەمان کەئەمەش قورو لیتەو پیساییەکی زۆر لەو شوێنەدا کۆدەبێتەوەو چاڵاییەکی زۆر دروست بووەو لەکاتی باراندا ئەم چاڵانە پڕ دەبێتەوە، کەئەمەش دەبێتە هۆی بێزار بوونی خوێندکاران. ئەمە بەشێکی داواکارییەکانمان بوو کە ئاراستەی ئێوەی بەرێزمان کرد، بەئەنجام گەیاندنی بەزووی ئەم کارە، مایەی دڵسۆزی ئێوەیە بۆ ئێمە. زۆر سوپاسی بەرێوەبەرایەتی خوێندنگەکەمان بەتایبەتی بەرێوەبەر (م. صباح محمد) دەکەین، کەیارمەتیدەرو پشتگیرمان بووە بۆ ئەم مەبەستە. ■

ئامادەیی سلێمانی کوڕان

■ داریاس

بەسەدان جار وتمانو نوسراو بڵاوکرایەوە کە راستە شەقامان نییەو.. ناردوشمانە بۆ دەرەوەی کوردستان کە (دەمامک)مان بۆ بێنن و قورگمان لەو تەپوتۆزە بپارێزین!.. راستە شەقامەکانمان نەک (گێڕای ئۆتۆمبیلەکانی خوار کردووە، بەڵکو گێڕو واشەرو کابرێتەری خۆشمانی لەرەگو ریشە هەڵکێشاوە!.. ئێستە با لە شەقام گەرێین و بێینە سەر شۆستە نایابەکانمان!..

شۆستەکانی شار گەورەترین گرفتن بۆ هەموو شتەکان.. بەتایبەتی رۆیشتنی رێبواران.. شۆستەت نییە بەسەدانو بگرە زیاتریش شیشی (تیغ) ئاسا سەری نەهێنا بێتە دەرەوە.. پێڵاوی بەسەر قاچەوە نەهێشت، پەنجە نەما زامی تێنەکەوێ.. ئەوەندە قەفەزیان لەسەر دروست کردو بریانەوە.. دواجار هیچ چارەسەرێک بۆ پاشماوەکانی نەدۆزرایەوە.. ئەمە لەلایەک.. لەلایەکی ترەوە نارێکیو دەیان جۆر خشتو کاشیو بەرزیو نزمی.. کە شێوەی پلیکانەی وەرگرتووە.. دیسانەوە دانانی ئەو هەموو شمەکەی کە دوکانداراەکان بێ گوێدانە هیچ شتێک لەسەر یەک ریزی دەکەن.. نەبوونی چەرداخی رێکو پێک تا هیچ نەبێ لەکاتی باران باریندا تەڕنەبین.. ئەمانەوزۆرشتی تر!.. بەڵام لەهەمووی ناخۆشتر.. ئێستە ئەم شۆستانە بوونەتە گەراج بۆ ئوتومبیلەکان.. بەهیچ شێوەیەک رێگەی رۆیشتن نەماوە.. لەکۆڵانو شەقامە دوورەکانو بەردەم دوکانو شوێنە گشتیەکانو چەندین شوێنی تر.. نارەزایی خەڵک لەنارەزایی نەبوونی نەوتو بەنزینو ئاوو کارەباو گرانیەکە زیاتر بەرزبۆتەوە!..

بەیانییەک چوومە دەرەوە.. کە سەیر دەکەم هەرچی شۆستەی ناوشار هەیە هەڵواسراون.. خەڵکی هەرچی بڵێی کێشە نییانە.. ئۆتۆمبیل بەبێ کێشە دەروات.. خەڵک دڵشادەو خەندە دەبارێنن.. شۆستە هەڵواسراوەکان (تیغ)یان تێدا نییەو شمەکی دوکانەکانیان لەسەر نییەو بێ کێشەی عەرەبانەیە!.. خۆشیەک جەستەمی گرتەوە.. پڕ بە گەروو، بەدەنگێکی بەرز هاوارم کرد: بژی حکومەت.. بژی شارەوانی.. بمرێ شۆستەو شەقامی جاران.. ئەوەندەم هاوار کرد.. تا بەخەبەر هاتمەوە! ئاهێکم هەڵکێشاو خەونەکەم هاتەوە یاد.. تێر تێر پێکەنیم. (خۆزگە چارێک بۆ گەراجی ناو کۆڵانو سەر شۆستەکان دەدۆزرایەوە). ■

هەندێ لەپۆلەکان لەکاتی باران باریندا لەسەقفەکانەوە ئاو دێتە ناو پۆلەکانەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی سارد بوونەوەی پۆلەکەو بێزاربوونی خوێندکارانو مامۆستایانو ئارەزووی خوێندنیان نامێنێت

مامۆستایانو خوێندکارانی ئامادەیی سلێمانی کوڕان

چیتر ئەرکی بێ چەندو چوونی رێکخراوە خوێندکاریەکانو لەپێشیانەوە (ک.خ.ک)و (ی.ق.ک)ە، کە کەمتەرخەمی دەسەڵات لەو رووەوە قبوڵ نەکەنو هەموو شێوازەکانی خەباتی دیموکراتیو پیشەیی بگرنە بەر، لەپێناو سیستەمێکی مۆدێرن، بەو جۆرەی کە لەخزمەت خوێندکارانو پرۆسەی خوێندندا بێت

رەنج قەرەداغی

■ د. برایم

چەمچەماڵ یەکێکە لە شارۆچکە دێرینەکانی کوردستان، هەرچەندە، مێژووی دروست بوونی بەتەواوەتی روون نییە. بەڵام بەهەمان شێوەی هەولێرو کەرکوک قەڵای سەربەرزی (سپی حەسار) دەکەوێتە ناوەراستی شارۆچکەکەوە، کە بەڵگەی دێرینی شارەکەیە، مێژووی دروست بوونی قەڵاکان بەگشتی هاوسەردەمن لەمێژوودا بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خەڵکو کەسانی فەرمان رەوا دروست کراون.

ئەم شارۆچکەیە لەسەردەمی ئەنفالو سوتماک کردنی کوردستاندا ئۆردوگایەکی گەورەو ئەنفالنشینی لەنزیکەوە دروستکرا، کەبە ئۆردوگای شۆرش ناسراوە، هەرچەندە، ئێستا شۆرش لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە کراوە بەناحیە، بەلام لەگەڵ چەمچەماڵدا یەک شارەوانیو سنوری هاوبەشیان هەیە، زۆربەی فەرمانگەو دەزگاکان تێکەڵن، ئێستا دانیشتوانی هەردوو شارۆچکەکە گەلێ زۆرن.

لەرووی فراوانی شار، شەقامو شۆستە، باخچەو یاریگا شارەکە پێشکەوتنو بەرفراوانی گەورەی بەخۆوە بینیوە.

لەم ساڵانەی دواییدا حکومەتی هەرێم بەرێوەبەرایەتی پەروەردە، خانەنشین، دووپەیمانگە، نوسینگەی ئاوارەو ئەنفال، سریەی ئینزیبات و زۆر فەرمانگەی تری تیادا کردۆتەوە.

بەڵام شارەکە لەرووی بیناو تەلارەوە هەر هەمان بیناو تەلارەکانی پێشووترە، سێ تا چوار فەرمانگە لەبینایەکدان، زۆربەی فەرمانگەو دەزگاکان خانووی کرێیان گرتووە، کەهەر فەرمانگەو دەزگایەک بکەوێتە کۆڵانو گەرەکەکانەوە، جگەلەوەی دیاردەیەکی نا ئاساییە بەیەکداچوونی وەستانی سەیارەو هەراسان کردنی هاوڵاتیانی لێ کەوتۆتەوە.

وەک فەرمانگەکانی رەگەزنامەو باری شارستانی، خانەنشینی لەخانوی کرێو کۆڵانەکاندان.

سیمای گشتی شارۆچکەکە، قەرەباڵغیو بەیەکداچوونی بازارو دوکانەکان سەرسورمانێک لای رێبوارو گەشتیاران دروست دەکات.

پێویستە حکومەتی هەرێم بیر لەدروست کردنی کۆمەڵگەی فەرمانگەکان یان چەند بینایەکی نوێ لەشارۆچکەکەدا بکاتەوە، تا چیتر سیمای شارەکە نا ئاسایی نەبێتو هاوڵاتیانیش لەبەیەکداچوونو قەرەباڵغی فەرمانگەکان لەچەقی شارۆچکەکەدا هەراسان نەبن.

لەلایەکی ترەوە چەندەها دەزگاو رێکخراوو سەندیکا بەدەست بێ جێگەییەوە دەناڵێنن، کاروانی شارستانیو مەدەنیەت زۆر دەمێکە دەواری پشووی هەڵداوە.. ■

تەنیشت کۆمەڵگای ئاڵتون

ئاڵتون یان کۆمەڵگای زبڵدانی بێ چەندو چوون؟

laparakan.qxd 19/01/1426 08:19 ª Page 6

چۆنێتی دروست بون و پێویستی پێکهێنانی فدراسیۆنی رێکخراوە دیموکراتیەکان لەشاری کەرکوکدا

برایم محیدین عارف

□ پاش پرۆسەی رزگارکردنی عێراق و ئازادکردنی شاری کەرکوک و ناوچە تەعریب کراوەکانی کوردستان، رەنگدانەوەی فەزای ئازادی چەند ساڵەی کوردستانی ئازادو روو وەرگێڕان و وەرچەرخاندن بۆ جیهانی دیموکراسی وەک پێویستیەکی مێژوویی هەنوکەیی ئەم قۆناغەو دەرەنجامی خواستی توێژو چینەکانی کۆمەڵ بەگشتی و نەتەوەکانی پێکهاتەی شاری کەرکوک بەتایبەتی، چەندەها رێکخراوی پیشەیی و سەندیکای جۆاروجۆر لەدایک بوون. کەبەشێکیان تەواو لەژێر سێبەرو شنەبای ئازادی فەراهەم هاتودا راستەوخۆ هاتنە مەیدان و بەشێکی تریان دەرەنجامی رەنگدانەوەیەکی کاریزمایی حیزب و نەتەوە لەدایک بون و بەشیری داچۆراوی مەمەی حیزب و نەتەوە گۆش کران.

لەمینبەرو کلاورۆژنەی حیزب و نەتەوەو حکومەت و فەزای ئازادەوە دەتوانین دروست بونی رێکخراوە دیموکرات و پیشەییەکان لەشاری کەرکوکدا بەچوار شێوەی سەرەکی پۆلێن بکەین:

١-لەدایک بون و دروست بونی رێکخراوەکان وەک بنەماو پێکهاتەی نەتەوەیی شاری کەرکوک، کەرێکخراوەکان وەک پێکهاتەی پێنج نەتەوەی شاری کەرکوک، کورد، عەرەب، تورکمان، ئاشوری، کلدان دروست بون، کەبێگومان دەمارگیری نەتەوەیی و کاریگەری حزبە نەتەوە پەرستەکان لەسەر شێوازی پێکهاتەی ئەم رێکخراوانە هەیە و بەشێکیان ناوی نەتەوەکەی لکاندۆتە ئارمی ناونیشان و کارکردنیەوە، بەجۆرێک جگە لەئەندامانی ئەو نەتەوەو حزبە نەتەوەییانە رەنگە بەئاسانی کەسی تر وەرنەگرن ئەم جۆرە رێکخراوانە لەرووی ژمارەی ئەندامەوە سنوریان دیاریکراوە، ناتوانن تەواو گەشە بکەن و نوێنەری گشتی توێژو چینەکەیان بن لەشاری کەرکوکدا.

٢-پێکهاتەو دروست بونی رێکخراوە دیموکراتیەکان لەسەر بنەماو گەڕانەوە بۆ رێکخراوو سەندیکا مەرکەزیەکانی حکومەتی عێراقی لەو روانگەوە کەرێکخراوە مەرکەزیەکان لەشاری بەغداد هەن و نوێنەرایەتیان لەگشت پارێزگاکاندا هەیە، ئەم جۆرە رێکخراوانە بەشێکیان هەر رێکخراوو سەندیکاکانی سەردەمی بەعسن بەڵام لەشێوازو گۆڕانکاری تردا، زۆر بەدەگمەنیش توانیویانە لەشاری کەرکوکدا لق و بارەگا دابنێن، ئەگەر هەشبن زۆر بەدەگمەن ئەندام و لایەنگری کوردیان هەیە، لەسەرەتا چەند رێکخراوێک بەم جۆرە هاتنە مەیدان و ویستیان لایەنگیری گشتی رێکخراوەکان بگەڕێننەوە بۆ مەرکەزو بەغدای پایتەخت، بەڵام سەرکەوتو نەبون و رێکخراوو سەندیکا کوردستانیەکان هیچ هاوکاریەکیان لەگەڵدا نەکردن.

٣-رێکخراوو سەندیکاکانی لەلایەن حکومەتی هەرێم/ ئیدارەی هەولێرەوە پشتگیری دەکرێن و زۆربەیان مۆرکی حزبایەتی زەقیان پێوە دیارەو پارتی دیموکراتی کوردستان سەرپەرشتیان دەکات، لەبرپیارو هاوکێشەکاندا دەگەڕێنەوە بۆ حزب و دەسەڵاتی حزبی ئەم رێکخراوانە لەسەر ئاستی کوردستان هەن، رێژەیەک ئەندامی جیا لەنەتەوەکانی تریان هەیە بەڵام زۆر بەحزبایەتیەوە لکێنراون، لەڕووی بارەگاشەوە بارەگاکانیان چڕبۆتەوە لەچەند بینایەکیدا بەفراوانی دەرناکەون، تائێستا چەند جارێک دانیشتن لەسەر یەکگرتنەوەی رێکخراوە کوردستانیەکان هەبوە کەیان یەک بگرنەوە یان فدراسیۆن دروست بکەن، بەڵام سەرکەوتو نەبون، وەک سەرەتا سەندیکای کرێکاران هاوبەشە بەڵام کێشە و گرفتیان زۆرە (ل/لق) کە بڕیار بوە دەوری بێت تائێستا لەلایەن سەندیکاکەی ئیدارەی هەولێرەوە جلەو کراوەو وەک پێشێلکارییەکی پێک هاتەی یەکگرتنەوەیان (ل/لق) نەلادەچێ نە کەش و هەوای هەڵبژاردنێکی ئازاد لەدایک دەبێ.

٤-رێکخراوو سەندیکاکانی لەلایەن مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکانی ی.ن.ک وەسەرپەرشتی دەکرێ ژمارەیەکی بەرچاوی، رێکخراون وەک پێویستی مێژویی و نوێنەری چین و توێژەکانی کۆمەڵ، زۆربەیان درووست بون ئەندام و لایەنگری زۆریان هەیە، هەمویان کوردستانین لەناو هەمو نەتەوەکاندا ئەندامیان هەیە بەشێکی زۆری ئەندامەکانیان لەحکومەتی هەرێم/ ئیدارەی سلێمانی دامەزراون بەعەرەب و تورکمان و نەتەوەکانی تریشەوە، دەوریان لەکاروانی تازە رێکردوی شارستانیەت و مەدەنیەتدا هەیە. کۆمەڵێک چالاکی و ڤیستیڤاڵیان کردوە، کەمتر کارو چالاکیەکانیان رەنگدانەوەی حیزبیە، تاڕادەیەک فەزای ئازادی لەپێکهاتەو دروست بون و هەڵبژاردنیاندا بەدی دەکرێت بەڵام لەناو چوارچێوە گشتیەکەی ماڵی حیزبدان، سەرچاوەی داراییان حکومەت و حزبە، لەم روانگەوە ئەندامەکانیان ئەندامی حیزبین بەڵام تەلیسمی ئازادو دروشمی جیاجیایان هەلگرتوە، هەموو جۆرە کەسێکی بێ لایەن وەردەگرن و سڵ لەهیچ نەتەوەو حزبێک ناکەنەوە تاڕادەیەکی باش نوێنەرایەتی پێک هاتەی کەرکوک دەکەن بەهەموو نەتەوەکانەوە گرفت و کێشەیان هەیە وەک کەمی بارەگا، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ رێکخراوەکانی تردا ئەندام و لایەنگریان لەهەموو رێکخراوەکانی تر زیاترە.

دابەشکردنی رێکخراوە دیموکراتیەکان بەچوار ئاراستەی دروست بون و سەرچاوەی داراییەوە دیاردەیەکی ناشارستانیە، ئەندام و لایەنگری رێکخراوە دیموکراتیەکانی توشی رامان و هەڵوێستەی جیاجیاکردەوە، بەوەی جاری وا هەیە حزب دەست دەخاتە کاروبارەکانیان، ئەندامی حزبە نەتەوەییەکان دەچنە رێکخراوە نەتەوەییەکانەوە، لەسەر ئاستی گشتی هیچ رێکخراوێک ناتوانێت نوێنەرایەتی گشتی هەموو توێژەکەی خۆی بێت لەشاری کەرکوکدا و بەهەموو نەتەوەکانەوە پارێزگارو فەرمانگەکانیش بەئاستی میزاجیان مامەڵە لەگەڵ رێکخراوەکاندا دەکەن و ئەو رێکخراوانەی کەمۆڵەتیان لەحکومەتی مەرکەزی بەغدا هەیە زۆرتر پێوانەیان لەپارێزگای کەرکوکدا بۆ دەکرێ بەتایبەتی لەلایەن لێپرسراوە غەیرە کوردەکانەوە، رێکخراوی کوردستانیش هەیە مۆڵەتی لەحکومەتی مەرکەزی وەرگرتووەو ئازادە لەکارکردن و ئەندام وەرگرتن، زۆربەی رێکخراوە کوردستانیەکانیش مۆڵەتی حکومەتی هەرێمیان هەیە، حکومەتی هەرێمیش لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی مامەڵە دەکات، کەواتە لەڕووی یاساییەوە هەموو رێکخراوە کوردستانیەکان رەوایە لەکەرکوک و گشت بەشێکی کوردستاندا کاربکەن بۆ شەرعیەتی راستەقینەی رێکخراوەکان و کەم بونەوەی فەزای ململانێ و کارکردن مامەڵەکردن لەگەڵ دەرگاکانی حکومەتدا تا ئەو رۆژەی شاری کەرکوک بەتەواوی دەگەڕێتەوە باوەشی هەمیشەکراوەی کوردستان.

پێویستە رێکخراوە دیموکراتیەکان بۆ فدراسیۆن و یەکگرتنەوە کار بکەن و هەر نەبێت رێکەوتن لەبرپیارو هاوکێشە چارەنوس سازەکاندا بکەن تا زیاتر رۆبچن بەناخ و زەمینەی کارکردنی رێکخراوەکاندا، چونکە لەفەزای تەمومژاوی سەربەخۆیی ئەمڕۆی رێکخراوە دیموکراتیەکان لەشاری کەرکوکدا کارکردن و پەیوەست نەبون بەحزبەکانەوە ئەرکێکی قورسە.■

لەشاری کەرکوکدا و بەهەموو نەتەوەکانەوە پارێزگارو فەرمانگەکانیش بەئاستی میزاجیان مامەڵە لەگەڵ رێکخراوەکاندا دەکەن و ئەو رێکخراوانەی کەمۆڵەتیان لەحکومەتی مەرکەزی بەغدا هەیە زۆرتر پێوانەیان لەپارێزگای کەرکوکدا بۆ دەکرێ

گومان لەشەرعییەتی یەکێتی مامۆستایان، یان راپێچکردنی بەرەو بەرپرسیارێتی هەستیاری رێکخراوەیی

سەلام عەبدولکەریم

□ هەموومان بەئومێدو گەشبینیەوە دەربارەی چەسپاندنی زیاتری کۆمەڵی مەدەنی و دیموکراسیەوە لەکۆمەڵی کوردیدا دەڕوانین و زۆرجاریش قسە دەکەین، بەڵام هەمیشە وتومانە، بۆ خۆی کۆمەڵی مەدەنی خەبات و تێکۆشانی رێکخراوە ناحکومیەکانەو ئاراستەکردنی چین و توێژەکانە بەجیاوازی پیشەو وەزیفەکانیانەوە لەلایەن ئەو رێکخراوانەوە بەرەو بەدەست هێنانی مافەکانیان.

لەم کۆمەڵی ئێمە هەموو جۆرە رێکخراوێکمان هەیە، بەڵام زۆر بەدەگمەن توانیویانە بەکردار لەئاستی داواکاری و کێشەو مافەکانی هاوپیشەو ئەندامەکانیاندا بن.

رێکخراوی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، یەکێکە لەو رێکخراوانەی کەبەهەزاران ئەندامی هەیەو لقی لەسەرجەمو بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردستاندا کردۆتەوەو ئەو شەرعییەتەی وەرگرتووە کە بەناوی مامۆستایانەوە بدوێ و قسە بکات.. بەڵام کەم تا زۆر ئەوەی بەفیعلی خەمی نەخواردبێت (لەداواکاری، لەکێشە، لەپێداویستی، لەماف.. تاد)ی مامۆستایان، ئەوە بووە لەتەواوی دونیا هەر ئەوە نیە رێکخراوێک ناوێک لەخۆی بنێت، کەچی نەتوانێ شتی گرنگو گەورە بۆ ئەندامەکانی دەستەبەر بکات.

خەمساردی ئەم رێکخراوە لەوەدایە تا ئێستا نەیتوانیوە. مامۆستایانی بهێنێتە سەر شەقامو لەخۆپیشاندانێکی دیموکراسیو مەدەنیو هێمنانەدا لەسەر مافەکانیان پێدابگرن

ئەندام بوون لەیەکێتی مامۆستایان تەنها ئەوە نیە ناسنامەی ئەم رێکخراوەت لەگیرفاندا بێ و بەس، ئیتر بەگشتی لەکێشەو نەهامەتیەکانی مامۆستایان نەپرسێتەوە. لانیکەم ئەم رێکخراوە کەهەموو مامۆستایەک بەجیاوازی ئینتیمای سیاسیشیەوە هەویەکەی لەگیرفاندایە نەیتوانیوە مەسەلەی سیاسی بوون و حزبیەتی خۆی تێپەڕێنێت، بەجۆرێک هەرچی مامۆستایە کەپۆستێکی لەبچوکەوە بۆ گەورە، لەم رێکخراوەدا بۆ خۆی وەرگرتبێت، ئیتر لەبەر دەسکەوتنی ئیمتیازاتی شەخسی خۆی نەیپەرژاوەتە سەر ماف و داواکاری ئەو مامۆستایانەی تر کە لەدەوروبەریدا وجودیان هەیە. مەعقولە مامۆستا هەبێت هەر لەم رێکخراوەدا بەناوو پۆست و بیانووی جیاوازەوە (٢-٣) پارچە زەوی وەرگرتبێ، کەچی مامۆستای دیکەش هەیە، سەرەڕای بوونی خاڵی گونجاوی خۆی هێشتا چاوەڕێی مەرحەمەتی ئەوان بکات. لانیکەم ئەگەر مامۆستاش هەبی خاڵی تەواوی نەبێت، ئەوا ژمارەی ئەو مامۆستایانەی کەبەبێ رەچاوکردنی خاڵ زەوییان وەرگرتووە. یەکجار زۆرەو یەکێتی مامۆستایان خۆشی باش دەزانێ.

لێرەوە دەمەوێ ئەم رێکخراوە راپێچ بکەمە سەر ئەو بەرپرسیارێتیە گرنگەی کە لەئەستۆی دایە. کەچی زۆر خەمساردە لێی، گەورەترین خەمساردی ئەم رێکخراوە لەوەدایە تا ئێستا نەیتوانیوە. مامۆستایانی بهێنێتە سەر شەقامو لەخۆپیشاندانێکی دیموکراسیو مەدەنیو هێمنانەدا لەسەر مافەکانیان پێدابگرن. هەروەک تائێستاش لەخەیاڵیدا نیە بابەتی ئا لەم شێوە. جگە لەوەی خەمساردییەکی گەورەی تری ئەم رێکخراوە بێدەنگیو خۆ لادانیەتی لەئاستی ئەو موچەیەی دەدرێ بەمامۆستا لەبەرامبەر چینو توێژەکانی تردا بەگشتی و بەتایبەت بە (پۆلیس). لەگەڵ هەموو حورمەت و رێزێکم بۆ برادەرانی پۆلیسو ئەرک و ماندووبوونیان لەپاراستنی باری ئاسایشی کوردستاندا بەرز دەنرخێنین و خوازیارین موچەکەیان زیاتریش بکات لەوەی کەئێستا هەیە، بەڵام بۆ دەبێ زیادکردنی موچەی چینێک لەفەرمانبەران لەسەر حسابی چینێکی تر بێت، کەمامۆستا خوارترینی ئەو چینانەیە کەحسابی تەواو بۆ موچەکەی نەکراوە. بەجۆرێک ئەو هەموو شەونخونی و کەمدەستی و ئەو بڕوانامەیەی کە بەشەڕە شەق و کوللەمەرگی بەدەستی دێنێت، کەچی بەقەدەر کەسێکی نەخوێندەوار کەدەبێتە (پۆلیس) جارێکی تریش لەگەڵ رێزدا حسابی بۆ ناکرێت، بەجۆرێک ئەو گومانە لای بەشێکی زۆری مامۆستایان دروست بووە کەهەست دەکەین بەم هەڵسوکەوتانەو بەم بێدەنگیانە کۆمەڵی کوردی بەرەو نەخوێندەواری دەڕوات. چونکە ئەو خوێندکارەی لەبەردەستی ئێمەی مامۆستادا لەسەرەتاییەوە تا ناوەندیش دەخوێنێ، تێبینی ئەوە دەکات کە لانیکەم بە (١٠-١٥) ساڵی تر دەگاتە ئاستی مامۆستا لەرووە زانستیەکەوەو پاش ئەو ساڵانە موچەی (١٥٠) هەزارو کەمێک بەرەو ژوورتر وەردەگرێت، بەڵام بیردەکاتەوە هەر یەکسەر واز لەخوێندنەکەی بهێنێ و ببێ (بەپۆلیس) دووقاتی مامۆستاکەی وەردەگرێت و جا ئیتر ئەم هەموو ئەزیەت و سەرئێشەیەی بۆ چییە؟!.

بۆیە گومان دەخەینە سەر شەرعییەتی ئەم رێکخراوەو ناچارین راپێچیان بکەین بەرەو بەخۆداچوونەوەی زیاتر لەئاستی ئەرک و بەرپرسیارێتیاندا، ئەگینا بوونو دروست کردنی ناسنامەیەک بەناوی یەکێتیەکەیانەوە بۆ مامۆستایان جگە لە کردەیەکی رۆتینی هیچی دیکە نیە. رەنگە ئەم رێکخراوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم سەرنجو رەخنەو تێبینیانە، پاساومان بۆ بهێننەوەو لیستێکیشمان بۆ برازێننەوە لەوەی کە لەسەرەتاوە تا ئێستا چییان کردووە؟. ئێمە هەموو ئەوانەمان لەپێش چاوە بەڵام هێشتا مامۆستا زۆری ماوە بۆی بکرێت و لەچاو چین و توێژەکانی تر.

هێشتا زۆر کێشەی مامۆستا چارەسەر نەکراوە، هەر (لەزیادکردنی سەر موچە، هەر لەمەسەلەی دامەزراندن و گواستنەوە.. .. تاد). بەئومێدی وردبونەوەی زیاتر لەماف و داواکاری ئەو چینەی کەقوربانی هەموو کێشەیەک بووە بەگشتی و بەو هیوایەش کە ئەم رێکخراوە گۆڕانکاری لەئاستی بەدەمەوەچوونی نەهامەتیەکانی مامۆستایاندا ئەنجام بدات. چونکە بەڕاستی چیتر دەرفەتێک نەماوە بۆ بێدەنگی لەئاست ئەم خەمساردییانەدا. ئەگەر مرۆڤ خۆشی بەتەنها بێت.■

گفتوگۆی عەبدو

سەبارەت بەپرۆژەی رۆژهە

چاودێر: ئەم گفتوگۆیەمان لەسەر پرۆژەی رۆژهەڵاتی گەورەیە، کەپرۆژەیەکی تازە پێشکەش کراوی ئەمریکاو ئەورووپایە، دڵنیام بەرێزت ناوەرۆکەکەیت بەووردی سەرنج داوەتێ، ئەشزانی دوو ساڵ دەبێت ئەو پرۆژەیە لەمیدیاکانو لەناو هێزە سیاسیەکانو ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە، گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر دەکرێ. پرۆژەکەش بۆ هەموو رۆژهەڵاتی گەورەیە، لەپاکستانو ئەفغانستانەوە تادەگاتە باکوری ئەفریقا، (٨٤) وڵات لەناو پرۆژەکەدان، من پرسیارەکەم ئەوەیە، چ جیاوازیەک لەم پرۆژەیەدا دەبینی لەچاو پرۆژەکانی دیکەی سەرمایەداری، یان پرۆژەکانی رۆژئاواو ئەمریکا کەلەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە تاکۆتایی جەنگی سارد پێشکەشیان کردووە بۆ رۆژهەڵات؟

عەبدوڵڵای موهتەدی: وا بزانم گۆڕانی گەورە هەیە لەنێوان ئەم سەردەمەی ئێستای ئێمە لەگەڵ سەردەمەکانی پێشووتری، ئەوەش هەم هۆکاری ئابووری جیهانی هەیە، هەم هۆکاری سیاسیو کۆمەڵایەتی لەدەیەکانی پێشوودا، لەراستیدا زۆربەی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و بگرە هەموو جیهانیش بەتایبەت لەلایەن ئەمریکاوە پشتگیریان لێدەکرا، کودەتا سەربازیەکانی کەدەکرا، زۆریان بەدەستو پشتیوانی راستەوخۆو ناراستەوخۆی ئەمریکا بوون، (د. مصدق) لەئێران کە هەڵبژێردراوی خەڵک بوو، لەچاو سەردەمی خۆی ئەزموونێکی دیموکراسی بوون لەئێران، لەسەر دەستی ئەمریکاو ئینگلیز رووخا، بەتەرحو گەلاڵەو پشتیوانی ماڵیو مادی ئەوان لەئەمریکای لاتین (سالڤادۆر ئالێندا) کە حکومەتی یاسایی و هەڵبژێردراوی شیللی بوو، هەر بەکودەتای ئەمریکایی رۆیی، سەرجەم دەیەکانی رابردووە وابوو کەئەمریکا پشتیوانی لەحکومەتە دیکتاتۆریەکانو نیزامیەکان دەکرد. لەبەرامبەر زۆرێک لەجوڵانەوەی دیموکراسیخوازی ئەم وڵاتانە دەوەستا، بەڵام لەساڵانی رابردوودا گۆرانێک دەبینرێت، ئەوگۆرانەش گۆرانێکە کە پێمویە دنیای رۆژئاواو بەتایبەتی ئەمریکای بەو برویە گەیاندووە کە مۆدێلی دەسەڵات وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە دەبێت بگۆڕدرێت. بۆچی ئەو مۆدێلە دەبێت بگۆڕێتو پێویستیەکەی لەکوێوە هاتوە؟ وابزانم یەکێک لەپێویستیەکانی پێویستی ئابوورییە، دەزانم هەرچی گەشەکردنی سەرمایەداری جیهانی وای کردووە کە پێویستییە شەپۆلەکانی ئەم گەشەکردنە بگاتە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، دەرگای ئەوانیشی داکوتاوەو هەر دەشبێ دەروازەی خۆیانی بۆ بکەنەوە. ئەگەر بەمێژوودا بچینەوە، دەبینین کە زۆرجار ئەم پەرەسەندنی ئابووری سەرمایەداریە لەگەڵ خۆی شەپۆلێکی بەجیهانی بوونیشی هێناوە.. ئەم جیهانی بوونەی سەردەمی ئێستا تەنها بەجیهانی بوونێک نییە کە دنیای سەرمایەداری بەخۆیەوە بینیوە، زۆرجار وابووەو سەدەی نۆزدەیەمیش هەروابووە، ئەمەی ئێستا شەپۆلێکی نوێی جیهانی بوونە.

چاودێر: ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بەوەوە هەیە کەپێویستە لەدنیای دواکەوتوودا مۆدێلێکی سیاسیو ئابوری بەدی بهێنین، یاخود زەرورەتی گۆرانو پەرەپێدانی دنیای سەرمایەداریە. مەترسی دنیای سەرمایەداریە لەوەی کەقەیرانێکی گەورەیان توش بێت، بۆیە دەیانەوێت پەرە بسێنن بۆ وڵاتانی دەرەوەو وڵاتانی دواکەوتوو؟

عەبدوڵڵای موهتەدی: خۆیان پێویستیان بەئاڵوگۆڕێکی گەورەیە، من ئەوە بەهۆکارێکی سەرەکی دەزانم سەرمایەداری جیهانی پێویستیان بەو ئاڵوگۆڕو پەرەسەندنە هەیە.. لەراستیدا دەتوانین بڵێین ئەو سنورانەی کەکاتی خۆی داینابوون، یان گەشەی سەرمایەداری لەسەردەمێکدا داینابوون، ئێتر پێویستی بەوەیە کەئەو سنورانە لەباری ئابوریو سیاسیشەوە ببەزێنێ، بەڵام ئەم وڵاتانەش پێویستیان بەئاڵوگۆڕ هەیە، ئەمەش حەقیقەتێکی گەورەیە.

چاودێر: کەوابێ سەرمایەداری دەورانێکی تری ژیانی بە بەرەوە ماوە کەگەشە بکاتو پەرە بسێنێو هەژموونی هەبێ، نەک لەئەورووپا بگرە لە وڵاتانی تریشدا؟

عەبدوڵڵای موهتەدی: ئەسڵەن من بەپەرەسەندنی، نازانم چۆن بڵێم، وەکو چۆن کەوای دەزانم کەسەرمایەداری هەموو کەلێنو کەلەبەری دنیا پڕ دەکاتەوە. بەڵێ، من بە شەپۆلێکی گەشەکردنی دنیای سەرمایەداری دەزانم وەکو گلۆبالیسێۆن، چۆن لەم سەردەمەدا هەیەو چەندین شتی لێدەکەوێتەوە، من وابزانم رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورەشی لەبواری ئابوریدا، لەم قۆناغە دیاری کراوەی پەرەسەندنی سەرمایەداری سەرچاوەی وەرگرتووە.

چاودێر: ئێمەی وڵاتانی رۆژهەڵات، نەمان توانی شۆڕشی دیموکراتی بەو چەمکانەی کەلەرۆژئاوا سەرکەوت، سەربخەین، ماینەوە بۆ ئەم رۆژگارە کەجیهانگیرییە، جیهانگیری دەیەوێ شەپۆلەکانی دیموکراتی بۆ وڵاتانی ئێمە بێت، کەوابێ ئێتر وڵاتانی ئێمە پێویستی بەو شۆڕشە نییە کە جاران خەونی گەورەی شۆڕشگێڕەکان بوو، یان لەئەورووپا لەسەدەکانی ناوەراستدا دیموکراتیان پێ سەرخست، کەوابێ بەبێ شۆڕش، بەبێ قوربانیەکی بێ شومار کەهەمیشە لەشۆڕشەکاندا دراوە، ئەم شەپۆلانەی دیموکراتی بەرەو وڵاتانی ئێمە دێت، کە دێت سەردەکەوێ، کێشەو گرفتەکانی پێ چارەسەر دەکرێ یان نەخێر هێشتا ماومانە ئێمەش شۆڕش بکەینو بتوانین ئەم هەلومەرجەی جیهان بقۆزینەوە؟

عەبدوڵڵای موهتەدی: من پێمویە، تەعریفێکی کورت لەشۆڕش بدەین خراپ نییە، شۆڕش لەروانگەی منەوە بریتی نییە یان مەرج نییە بریتی بێت لەتوندو تیژی، مەرج نییە شۆڕش ئاوا پێناسە بکەین کە توندو تیژیو قوربانیو خوێنرێژی تیدایە، شۆڕش بریتییە لە گۆرانکاری قوڵ، بەم حسابە شۆڕشێکی دیموکراتیزەکردن نەک هەر لێی بێ نیاز نین،

بەڵێ، ئامادەین گفتوگۆی لەگەڵ بکەین، ئەمریکا هێزێکی گەورەی گۆڕانە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوژمنی دوژمنەکەی ئێمەشە.. ئێمە ئامادەین گفتوگۆی لەگەڵ بکەین بەکوێ دەگەین جارێ پێشبینیەکەی پێش وەختە

پێویستمان بەشۆڕشێکی دیموکراتیزەکردن بەو مانایە هەیە. ئەوە نییە کە ئەو شەپۆلانە ئۆتۆماتیکی بێنو هیچ نەکرێ، یەعنی پێویستی بەوە ناکات کەخەڵکی ئەم وڵاتانە خۆیان هیچ بکەن.. ئەگەر بێتو ئەنجامێکی وا وەربگیرێ لەجیهانی بوون، لەپرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستو لەهەموو ئەوانە بەئەنجامێکی هەڵەی دەزانم. من پێمویە، ئەنجامی دروست ئەوەیە، بڵێین بارودۆخ لەحاڵی گۆراندایە. باردۆخەکە جاران بەزیان بوو، بەڵام ئێستا لەبارو لەبەرژەوەندی دیموکراتییە بەتایبەتی کە ئێمە لەکۆمەڵی کوردی قسەی لێدەکەین. بەڵام لەم بارودۆخەدا ئەوە بەخەڵکی ئەو کۆمەڵە کەوتووە کەچۆن کەڵکی لێوەردەگرن، ئایە دژی دەوەستنەوە؟ ئایا بێ تەفاوت دەمێننەوە؟ یان لەپەراوێزیدا خۆیان مەڵاس دەدەن؟ یاخود خۆیان دەبنە هۆکارێکی ئەکتیڤی ئەو گۆرانە، کەتەنها لەحاڵەتی سێیەمدایە کەکۆمەڵانی خەڵک ببن بەئاکتۆرێکی ئاکتیڤی ئەم گۆرانکاریانە، دەشتوانن ئەم گۆرانکارییانە بەئاقارو ئاراستەیەکدا بەرن کەلەبەرژەوەندی خۆیاندایە.. نەبن بە مۆنۆشترنجێک لەگەمەی سەرمایەداری جیهانداو بڵێن تازە دەسەڵاتێکمان نییە.

چاودێر: ئەمەیان بەدیوی دنیای دەرەوە.. بەدیوی دنیای ناوەوەی رۆژهەڵات.. لەوڵاتی وا هەیە رەنگە ئاسان بێ ئەو پرۆژەی دنیای دەرەوە بێتو جێی خۆی بکاتەوە.. وڵاتی واش هەیە، زۆر کەلە رەقە، مەحاڵە بەئاسانی خۆی بەدەستەوە بدات، بۆ ئەم گۆرانکاریانە، پێت وانییە، بەچەشناوچەشن دەکەوێ مەسەلەکە.. لەشوێنی وا هەیە کێشەی زۆر گەورە دەقەومێ، لەشوێنی واش هەیە کێشەی کەم، بۆنمونە، لەئوردندا کێشە نابێت حکومەتو پێکهاتەی ئوردنی هەموو ئەو شتانە هەڵدەمژێو قبوڵی دەکات.. لەتورکیاش باوەر ناکەم ململانێی توندو تیژ لەنێوان تورکیاو رۆژئاوا دروست بێت.. بەڵام ئایە لەئێران وا دەکەوێتەوە، لەسوریا وا دەکەوێتەوە، لەعەرەبستانی سعودی وا دەکەوێتەوە.. ئەی ئەم چەشناوچەشنییە پرۆژەی جیاوازو دۆخی جیاواز دەبینین و دەبین بەشایەتی ئاڵوگۆڕی زۆر توندو زۆر نەرم لەچەند ساڵی ئایینده؟

عەبدوڵڵای موهتەدی: ئاخر ئێمە وەختێک دەستەواژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە بەکاردەبەین، ئەمە ناوی دەستەواژەیە.. بەڵام جوگرافیایەکی پانو بەرین، کۆمەڵی جیاواز زمانو کلتوروفەرهەنگی جیاواز، رادەی گەشەکردنی ئابوری جیاواز، ساختارو قەوارەی سیاسی جیاواز، ئایینی جیاواز لەم بەشە لەسەر گۆی زەویدا هەیە، لەبەرئەوە هەر وڵاتە تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەر وڵاتەش رەنگ بێ بەشێوەیەکی جیاوازی ئەو پرۆسەیە تێ بگات، یان لەوانەیە ساڵەهای ساڵیش تێپەڕی نەکات. ناتوانی بڵێی هەموو کۆمەڵێک بەیەک شێوە گۆرانکاری دیموکراتیزەبوون تەجربە دەکات. منیش لەو بروایەدام رەنگ بێت نازانم بۆ ئوردن، بەڵام رەنگ بێت ئەگەری زۆرتر ئەوەیە کە تورکیا ئەو گۆرانکارییە بەبێ توندو تیژی گەورە بەرێوە بەرێ. بەڵام تورکیاش هەر پێویستی بەگۆرانکاری قوڵ هەیە، لەوانەیە شێوەکەی شێوەی توندوتیژی نەبێ، بەڵام بەزەحمەتی دەزانم وەکو وڵاتێکی ئێرانو عەرەبستانی سعودی ئاوا لەجوڵانەوەی رۆژئاوایی، ئەمانە ئەمریکاو ئەورووپای بەو برویە گەیاندووە کەپێویستە لەئابوریو لەسیاسەتدا مۆدێلەکەیان بگۆڕن. کەئەمەش لەم سەردەمەدا دەکرێ بۆ دیموکراتیزەکردن بقۆزرێتەوە، ئێستا وا دیارە، بەڵام ناتوانی ئەم برگەیە لەمێژووی مرۆڤایەتیو لەبرگەی سەرمایەداری هاوچەرخ بکەین بەمیلاکێکو دابەشبوونێکی وای تێدا بکەیت بۆ هەمیشەی دنیای سەرمایەداری. ئەی بۆ ئەوە دەڵێی چی کەئەڵمانی هەرە پێش کەوتووی نێوان جەنگی یەکەمو دووەمی جیهانی، فاشیزم سەری هەڵدا، شەش ملیۆن جولەکەیان سوتاند بەبێ هیچ تاوانێک. ئەی بۆ فاشیزمی ئیتاڵیا دەڵێی چی. کەئەمانە تارادەیەک وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی ئەورووپا بوون، کەچی هۆکاری واش هاتە ئاراوە کەبوو بەهۆی ئەوەی لەم وڵاتانە فاشیزم سەری هەڵدا.. ئەی راسیسو رەگەزپەرستی دەستە راستی کە دەبینین لەهەندێک وڵاتی ئەورووپا کەئێستا هەیە، جاری وا هەیە (٥٪، ١٥٪، ٢٠٪)یش دەنگەکان دێننەوە، لۆپێن لەوانەبوو حکومەت بەرێتەوە، بۆیە جاک شیراک بەدەنگێکی ئاوا زۆرەوە هات کەهەموو فەرەنسا بەچەپو راستەوە لەترسی لۆپین دەنگی دا بۆ جاک شیراک، ئەگینا مونافیسی زۆر کەوتەوە.. ئەی ئەگەر لۆپینەکان ئەوا سیستمی مەترسیدار لەئەورووپا سەری هەڵدا دەڵێی چی؟ مەبەستم ئەوەیە ناتوانی چەکی سپی بدەی بە سەرمایەداری کەتا ئەبەد لەپرۆژەی دیموکراسی دیفاع دەکات.

چاودێر: با تۆزێک بێینە سەر وردەکاری پرۆژەکە، پرۆژەکە ستراتیژێکی تەواوی سیاسییە، ئابوورییە، ئازادییە، مەسەلەی پەروەردەییە، مەسەلەی کۆمەڵی مەدەنییە، زۆر شتی تیدایە، لەئەوەڵدا پرۆژەکە، پرۆژەیەکی سیاسی بەرجەستە دەکرد، وورده وورده لەگەڵ وڵاتە پیشەسازییە گەورەکان کەئەمریکا نزیک کەوتەوەو رێک کەوتن لەسەری، هەست دەکەی مەسەلە سیاسیەکان ، قورساییان لەپرۆژەکە کەم کراوەتەوە، بایەخ پێدانی مەسەلەکانی مەدەنیەتو بازاری ئازادو کۆمەک کردن بەسەرمایەداری بچوک و گۆرینی فلسەفەی خوێندن، ئەمە ئێستا زاڵکراوە لە پرۆژەکەدا. پێت وایە، هۆی ئەم ئاڵوگۆڕە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەئاسان نەبوو ئەم هەموو حکومەتە ئیستیبدادو نادیموکراتیانە بتوانن بەپرۆژەیەکی سیاسی بگۆڕن، بۆئەوە دەگەڕێتەوە، یان کاتیان دەویست بۆئەوەی بتوانن کە ئیشەکانیان بکەن؟

عەبدوڵڵای موهتەدی: بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی میتۆدی هەڵسوکەوتی ئەورووپاش لەگەڵ ئەفریقا دەگەڕێتەوە لەدنیادا، ئەگەر بەهەڵە نەچووبم ئەم پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە لە پێشدا کۆمەڵێک رۆشنبیری دنیای عەرەب ئامادەیان کردو پێشکەشیان کرد بەنەتەوە یەکگرتووەکان، وەکو بەرنامەیەک بۆ گۆرانکاری.. دوای ئەمریکا بەدەستیەوە گرتو گۆرانی تیدا کردو کردی بەم پرۆژەیە، دواییش پێشکەشی کرد بەهەشت وڵاتە پیشەسازیەگەورەکەی دنیا، ئەم ئاڵوگۆڕەی ئاخیری تێدا کرد. رەنگ بێ ئەمریکا بەپەلەتر بێت لە پێکهێنانی گۆرانکاری سیاسی، ئەورووپا بەشێنەیی تر بێت کەخوازیاری ئەوە بێت لە قۆلاییەوە لەریگەی کۆمەڵایەتیو گرنگیو دامەزراندنی موئەسەساتو پێکهێنانی ئاڵوگۆر لەپەروەردەو ئابوری وڵات ئیش بکرێ. کەئەمە مەبەستێکی نا دروست نییە، بەڵام بەمەرجێک مانای ئەمە نەبێ سازشێکی سیاسی لەگەڵ دیکتاتۆرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بکرێ. ئەگەر مانای ئەوە بێ کە سازشێکی سیاسی بکرێ ستاتوئۆسکۆ (ئەمری واقیع) دەپارێزرێ.

چاودێر: لەرۆژئاوادا دیموکراتی لەسەدەکانی ناوەراست، بەتایبەتی سەدەی هەژدەو نۆزدە بەو پەری توندوتیژی سەرکەوت، هەتا توانی دەسەڵاتی ئایینی ببەزێنێ، دەی باشە دەسەڵاتی ئایینی ئیسلامی بەهێز ترەو کاریگەرترە لەسەر رۆحی گەلانی رۆژهەڵات، ئیتر چۆن دەتوانرێ پرۆژەیەکی ریفۆرمیستی بەبێ توندو تیژی، بەبێ شۆڕش، بەبێ ئاڵوگۆڕی رادیکاڵ ئەم سەرکەوتنە ستراتیژییە گەورەیە لەتەواوی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورەدا بەدی بهێنرێت، بە هەنگاوی شێنەیی ریفۆرمیستی؟

عەبدوڵڵای موهتەدی: نەخێر، ناتوانێ، منیش لەو بروایەدام ناتوانێ، بەڵام ئەو هەنگاوە شێنەییو بەئەسپاییانە پێویستە، بەڵام هەرگیزجێگەی ئاڵوگۆڕی گەورەو شۆڕشو گۆرانکاریە گەورەکان ناگرنەوە، هەرگیز جێگەی بزووتنەوە جەماوەرییە گەورەکانو هاتنە مەیدانی خەڵک بۆ ئەو گۆرانکارییە ناگرنەوە. بێگومان پێویستی بەهەڵتەکاندنی ئەو نیزامانە هەیە، زیاد لەئەندازە بەئەسپایی حەرەکەت کردن، منیش لەو بروایەدام ئەنجام نادات، بۆمەسەلەی دەوری ئایین لەم کۆمەڵانەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا من لەو بروایەدام، تا کاتێک کە ئایین قەڵەمرەوی گشتی بەجێ نەهێشتووە، دەست لەدەسەڵاتی سیاسیو پەروەردە هەڵنەگرتووە، تا ئەو کاتەش رۆژهەڵاتی ناوەراست گۆرانکاریەکی دیموکراتی راستەقینە بەخۆیە نابینێ. بۆیەش من دەورێکی زۆر دادەنێم بۆئەوەی کە گۆران لەنێو فکری ئایینیدا، کەئەمە بەشتێکی گرنگی دەبینم لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا، ئەوەی کەپێی دەڵێت ریفۆرمیستی ئایینی لە ئەورووپا رووید، بەبێ رووداتی شتێکی وەکو ئەوە شۆڕشێکی ئاوا، من پێمویە رۆژهەڵاتی ناوەراست ناتوانێ بەهاو پرەنسیپە دیموکراتیەکان هەزم بکات.

چاودێر: ئەو بزوتنەوە بەرفراوانە ریفۆرمیستیەی کە لەناو جەرگەی ئایینی مەسیحی رویدا، لەراستیا، ئایینی مەسیحی خۆی یارمەتیدەری ئەو کارەیە، ئایینی مەسیحی قابیلی ئەوە بوو بزوتنەوەیەکی بەرینی ئاوا تیایدا سەرکەوێ، مەسیح خۆی وتبوی: ئەوەی هی خوایە بۆ خوای جێبهێڵنو ئەوەی هی قەیسەریشە بۆ قەیسەر بەجێی بهێڵن، مەسیح قەت ئیدعای ئەوەی نەکردووە دەسەڵاتی مەسیحی هەبێت، خیتابی مەسیح لەگەڵ تاک بوو، لەگەڵ پاکژکردنی رۆح بوو، لەگەڵ ئاسودەیی سایکۆلۆژی ئینساندا بوو، بەڵام خیتابی ئیسلام خیتابی دەسەڵاتە، خیتابی سەپاندنی دەقە، خیتابی رێگەنەدانە بەهیچ دەقێکی تر لەبەردەم دەقی ئیسلامیدا، ئاخر ئەم بزوتنەوە ریفۆرمیستییە چۆن دەتوانێ بناغەکانی ئەم ئاینە لەبنچینەیەکەوە بۆ بنچینەیەکیتر وەربچەرخێنێ.

عەبدوڵڵای موهتەدی: ئاخر ئەو جیاوازیانەی کە لەنێوان ئایینی ئیسلامو ئایینی مەسیحیەتدا ئاماژەت پێکردن، راستن ئەوانە، ئایینی مەسیحیەت زۆرتر وەکو چالاکیەکی عیرفانی وایە، کەئینجیلەکان دەخوێنیتەوە وەک دەقێکی عیرفانی دانا نەک دەقێکی یاسایی و، دەقێک بۆ ئیدارەکردنی دەوڵەتو دەسەڵات، بەڵام بەهەموو ئەو جیاوازیانەشەوە، پێم وایە لایەنێکی دیکە نابێت فەرامۆش بکرێت، ئەوە هیچ ئاینێک و، لەوانە ئایینی ئیسلام، بەگشتیتر قسە بکەین هیچ ئایدیۆلۆژیایەک کەقابیلی تەفسیری جیاواز نەبێت، تەفسیری جیاواز دەتوانیت بکەیت لەئیسلامدا، هەر ئێستا تەفسری جیاواز هەیە.

چاودێر: تەفسیری جیاواز هەیە بۆ قسەی خولەفا، تەفسیری جیاواز هەیە هەتا بۆ هەندێک لەسوننەتی محەمەد، بەڵام ئیجتهاد لەدەقی قورئاندا نییە.

عەبدوڵڵای موهتەدی: ئایینی ئیسلام لەلایەن خولەفاو حوکامی دەسەڵاتدارەکانیەوە کاتی خۆی لەسەدەکانی ناوەڕاستو دوای هاتنی ئیسلام بۆ ئەم وڵاتانە کەڵکی لێوەرگیراوە بۆ چەوساندنەوەی خەڵکو بۆ داسەپاندنی دەسەڵات، عەینی ئایینی ئیسلام لەهەمان کاتدا بەڵام بۆ چینو توێژێکی تری کۆمەڵ، بۆ چەوساوەکان یا بۆ خەڵکی تریش یا بۆ شعوبییەکان، بوو بۆ جاک شیراک. ئەی ئەگەر لۆپینەکان ئەوا سیستمی مەترسیدار لەئەورووپا سەری هەڵدا دەڵێی چی؟ مەبەستم ئەوەیە ناتوانی چەکی سپی بدەی بە سەرمایەداری کەتا ئەبەد لەپرۆژەی دیموکراسی دیفاع دەکات.

چاودێر: با تۆزێک بێینە سەر وردەکاری پرۆژەکە، پرۆژەکە ستراتیژێکی تەواوی سیاسییە، ئابوورییە، ئازادییە، مەسەلەی پەروەردەییە، مەسەلەی کۆمەڵی مەدەنییە، زۆر شتی تیدایە، لەئەوەڵدا پرۆژەکە، پرۆژەیەکی سیاسی بەرجەستە دەکرد، وورده وورده لەگەڵ وڵاتە پیشەسازییە گەورەکان کەئەمریکا نزیک کەوتەوەو رێک کەوتن لەسەری، هەست دەکەی مەسەلە سیاسیەکان ، قورساییان لەپرۆژەکە کەم کراوەتەوە، بایەخ پێدانی مەسەلەکانی مەدەنیەتو بازاری ئازادو کۆمەک کردن بەسەرمایەداری بچوک و گۆرینی فلسەفەی خوێندن، ئەمە ئێستا زاڵکراوە لە پرۆژەکەدا. پێت وایە، هۆی ئەم ئاڵوگۆڕە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەئاسان نەبوو ئەم هەموو حکومەتە ئیستیبدادو نادیموکراتیانە بتوانن بەپرۆژەیەکی سیاسی بگۆڕن، بۆئەوە دەگەڕێتەوە، یان کاتیان دەویست بۆئەوەی بتوانن کە ئیشەکانیان بکەن؟

عەبدوڵڵای موهتەدی: بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی میتۆدی هەڵسوکەوتی ئەورووپاش لەگەڵ ئەفریقا دەگەڕێتەوە لەدنیادا، ئەگەر بەهەڵە نەچووبم ئەم پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە لە پێشدا کۆمەڵێک رۆشنبیری دنیای عەرەب ئامادەیان کردو پێشکەشیان کرد بەنەتەوە یەکگرتووەکان، وەکو بەرنامەیەک بۆ گۆرانکاری.. دوای ئەمریکا بەدەستیەوە گرتو گۆرانی تیدا کردو کردی بەم پرۆژەیە، دواییش پێشکەشی کرد بەهەشت وڵاتە پیشەسازیەگەورەکەی دنیا، ئەم ئاڵوگۆڕەی ئاخیری تێدا کرد. رەنگ بێ ئەمریکا بەپەلەتر بێت لە پێکهێنانی گۆرانکاری سیاسی، ئەورووپا بەشێنەیی تر بێت کەخوازیاری ئەوە بێت لە قۆلاییەوە لەریگەی کۆمەڵایەتیو گرنگیو دامەزراندنی موئەسەساتو پێکهێنانی ئاڵوگۆر لەپەروەردەو ئابوری وڵات ئیش بکرێ. کەئەمە مەبەستێکی نا دروست نییە، بەڵام بەمەرجێک مانای ئەمە نەبێ سازشێکی سیاسی لەگەڵ دیکتاتۆرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بکرێ. ئەگەر مانای ئەوە بێ کە سازشێکی سیاسی بکرێ ستاتوئۆسکۆ (ئەمری واقیع) دەپارێزرێ.

چاودێر: لەرۆژئاوادا دیموکراتی لەسەدەکانی ناوەراست، بەتایبەتی سەدەی هەژدەو نۆزدە بەو پەری توندوتیژی سەرکەوت، هەتا توانی دەسەڵاتی ئایینی ببەزێنێ، دەی باشە دەسەڵاتی ئایینی ئیسلامی بەهێز ترەو کاریگەرترە لەسەر رۆحی گەلانی رۆژهەڵات، ئیتر چۆن دەتوانرێ پرۆژەیەکی ریفۆرمیستی بەبێ توندو تیژی، بەبێ شۆڕش، بەبێ ئاڵوگۆڕی رادیکاڵ ئەم سەرکەوتنە ستراتیژییە گەورەیە لەتەواوی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورەدا بەدی بهێنرێت، بە هەنگاوی شێنەیی ریفۆرمیستی؟

عەبدوڵڵای موهتەدی: نەخێر، ناتوانێ، منیش لەو بروایەدام ناتوانێ، بەڵام ئەو هەنگاوە شێنەییو بەئەسپاییانە پێویستە، بەڵام هەرگیزجێگەی ئاڵوگۆڕی گەورەو شۆڕشو گۆرانکاریە گەورەکان ناگرنەوە، هەرگیز جێگەی بزووتنەوە جەماوەرییە گەورەکانو هاتنە مەیدانی خەڵک بۆ ئەو گۆرانکارییە ناگرنەوە. بێگومان پێویستی بەهەڵتەکاندنی ئەو نیزامانە هەیە، زیاد لەئەندازە بەئەسپایی حەرەکەت کردن، منیش لەو بروایەدام ئەنجام نادات، بۆمەسەلەی دەوری ئایین لەم کۆمەڵانەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا من لەو بروایەدام، تا کاتێک کە ئایین قەڵەمرەوی گشتی بەجێ نەهێشتووە، دەست لەدەسەڵاتی سیاسیو پەروەردە هەڵنەگرتووە، تا ئەو کاتەش رۆژهەڵاتی ناوەراست گۆرانکاریەکی دیموکراتی راستەقینە بەخۆیە نابینێ. بۆیەش من دەورێکی زۆر دادەنێم بۆئەوەی کە گۆران لەنێو فکری ئایینیدا، کەئەمە بەشتێکی گرنگی دەبینم لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا، ئەوەی کەپێی دەڵێت ریفۆرمیستی ئایینی لە ئەورووپا رویدا، بەبێ رووداتی شتێکی وەکو ئەوە شۆڕشێکی ئاوا، من پێمویە رۆژهەڵاتی ناوەراست ناتوانێ بەهاو پرەنسیپە دیموکراتیەکان هەزم بکات.

چاودێر: ئەو بزوتنەوە بەرفراوانە ریفۆرمیستیەی کە لەناو جەرگەی ئایینی مەسیحی رویدا، لەراستیا، ئایینی مەسیحی خۆی یارمەتیدەری ئەو کارەیە، ئایینی مەسیحی قابیلی ئەوە بوو بزوتنەوەیەکی بەرینی ئاوا تیایدا سەرکەوێ، مەسیح خۆی وتبوی: ئەوەی هی خوایە بۆ خوای جێبهێڵنو ئەوەی هی قەیسەریشە بۆ قەیسەر بەجێی بهێڵن، مەسیح قەت ئیدعای ئەوەی نەکردووە دەسەڵاتی مەسیحی هەبێت، خیتابی مەسیح لەگەڵ تاک بوو، لەگەڵ پاکژکردنی رۆح بوو، لەگەڵ ئاسودەیی سایکۆلۆژی ئینساندا بوو، بەڵام خیتابی ئیسلام خیتابی دەسەڵاتە، خیتابی سەپاندنی دەقە، خیتابی رێگەنەدانە بەهیچ دەقێکی تر لەبەردەم دەقی ئیسلامیدا، ئاخر ئەم بزوتنەوە ریفۆرمیستییە چۆن دەتوانێ بناغەکانی ئەم ئاینە لەبنچینەیەکەوە بۆ بنچینەیەکیتر وەربچەرخێنێ.

عەبدوڵڵای موهتەدی: ئاخر ئەو جیاوازیانەی کە لەنێوان ئایینی ئیسلامو ئایینی مەسیحیەتدا ئاماژەت پێکردن، راستن ئەوانە، ئایینی مەسیحیەت زۆرتر وەکو چالاکیەکی عیرفانی وایە، کەئینجیلەکان دەخوێنیتەوە وەک دەقێکی عیرفانی دانا نەک دەقێکی یاسایی و، دەقێک بۆ ئیدارەکردنی دەوڵەتو دەسەڵات، بەڵام بەهەموو ئەو جیاوازیانەشەوە، پێم وایە لایەنێکی دیکە نابێت فەرامۆش بکرێت، ئەوە هیچ ئاینێک و، لەوانە ئایینی ئیسلام، بەگشتیتر قسە بکەین هیچ ئایدیۆلۆژیایەک کەقابیلی تەفسیری جیاواز نەبێت، تەفسیری جیاواز دەتوانیت بکەیت لەئیسلامدا، هەر ئێستا تەفسری جیاواز هەیە.

چاودێر: تەفسیری جیاواز هەیە بۆ قسەی خولەفا، تەفسیری جیاواز هەیە هەتا بۆ هەندێک لەسوننەتی محەمەد، بەڵام ئیجتهاد لەدەقی قورئاندا نییە.

عەبدوڵڵای موهتەدی: ئایینی ئیسلام لەلایەن خولەفاو حوکامی دەسەڵاتدارەکانیەوە کاتی خۆی لەسەدەکانی ناوەڕاستو دوای هاتنی ئیسلام بۆ ئەم وڵاتانە کەڵکی لێوەرگیراوە بۆ چەوساندنەوەی خەڵکو بۆ داسەپاندنی دەسەڵات، عەینی ئایینی ئیسلام لەهەمان کاتدا بەڵام بۆ چینو توێژێکی تری کۆمەڵ، بۆ چەوساوەکان یا بۆ خەڵکی تریش یا بۆ شعوبییەکان، سەرچاوەی گرتبوو، ئەڵتەرناتیڤەکانی تر نەیانتوانی ئەڵتەرناتیڤێک بدەن جا لەژێر دیکتاتۆری چیدا بوون بەهەرحاڵ.

چاودێر: ئێستا ئێمە لەدوو مەیداندا تاقیکردنەوەی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە ئەبینین، یەک لەئەفغانستانو دووش لەعێراق، دیارە زووە حکووم لەسەر بەرەنجامەکانی ئەم تاقیکردنەوانە بدەین، بەڵام دەتوانین پێوانەکانی بەراوردکاری بەکاربهێنین لەعێراقو ئەفغانستاندا هەتا پێوەرێک بۆ حوکمدان دەست بخەین وەکو: ئاخۆ لەئێراندا چۆن دەبێت، ئێران وڵاتێکی زۆر گرنگترە لەعێراقو ئەفغانستان بەبڕوای من، بەبێ ئاڵوگۆڕی قوڵ لەئێراندا پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە لانی کەم لەرۆژهەڵاتی نزیکدا سەرناکەوێ پێت وا نییە رۆژئاواو ئەمریکا لەئەفغانستانو عێراق توشی ئەم هەموو کێشەیە بوون، لەئێران دووچاری کێشەی زۆر گەورەتر نابن؟

عەبدوڵڵای موهتەدی: منیش پێم وایە ئەگەر تەماشای مێژووی سەد ساڵی رابردووی ئێران بکەین دەبینین کەئێران لەناوخۆ ئاڵوگۆڕی کردووە، بەڵام هەموو جارێک ئەو ئاڵوگۆڕانە کاریگەری گۆڕانی جیهانی بەسەردا دەبینی، بۆ نمونە: هەر بڵێین شۆڕشی

کوردی ئێران وەک کوردی پارچەکانی تر، ناتوانێ بەتەنیا ئەو گۆڕانکاریە بکات، ئەگینا بۆ راپەڕینیش ئامادەیە، گەر بارودۆخەکە لەبار بێت، واتا ئامادەی ئەوەی هەیە، دیاردەکان وامان نیشان دەدەن، جموجۆڵی سیاسی زۆرە لەکوردستانی ئێران، جموجۆڵی رۆشنبیری زۆرە، هەر شتێکی بچوک دەکرێت بەبیانویەک بۆ ئامرازێک تا ناڕەزایی قوڵپ بدات، کورد مەحتەلی هەلە لەکوردستانی ئێران

■ عەبدوڵڵای موهتەدی

عەبدوڵڵای موهتەدی

هەڵاتی ناوەڕاستی گەورە

مەشروتیەتی ئێران کەساڵی ١٩٠٥ کرا ئەو وەختیش زیاتر لەماوەی سەد ساڵ بۆ سەدو پەنجا ساڵ دەبوو ئێران کەوتبووە ژێر کاریگەری سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی دنیای رۆژئاوا، وانەبوو کەشۆڕشی مەشروتیەت تەنیا هەڵقۆلاوی ناوخۆی ئێران بێت، بەڵام کرا بەشتێکی ناوخۆی و تەبیعەتێکی ئێرانی بەخشی بەو حەرەکەتە، حەرەکەتی سەردەمی موسەدیقیش وابوو، ئەو حەرەکەتە هۆکاری جیهانی زۆربوو بەسەریەوە، شەرت نییە کەسیناریۆی گۆڕان وەکو ئەوەی عێراق و ئەفغانستان بێت.

چاودێر: دوو شت گرنگە دەبینین، یەک دەسەڵات و رەگ و ریشەی شیعەگەرا لەئێراندا، دووش ئێرانێکی مێژوو شارستانی هەتا رادەیەکیش خەڵکی مەدەنی و پێشکەوتووی عەشق بەئاڵوگۆڕ، ئەم دوو شتە دەبینین کەزۆر ناکۆکە، هەناوی ئێران جۆش دەخوات بۆ دنیای مۆدێرنێتە، دەسەڵات و رۆحیشی سیخناخە لەئایین، یەعنی ئەم دوانە کامیان بەسەر کامیان زاڵ دەبێت لەپرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا.

عەبدوڵڵای موهتەدی: درەنگ یا زوو پرۆژەی مۆدێرنێتە و پێشکەوتنخوازی و شارستانیەت و سکولاریزم سەردەکەوێت لەئێراندا، هیچ گومانێک نییە ئەسڵەن خۆی لەو رەوتەدا بوو ئەوەی بەناو شۆڕشی ئیسلامی و فێندە مێنتالیزمی ئیسلامی لەئێران، من بەقۆرتێک یا وەنەوزێکی دەزانم لەرێگەی چونی ئێران بەرەو شارستانیەتێکی باڵاتر.

چاودێر: وەنەوز، قۆرت لە ٧٨-٧٩ ی خایاندوە ئەم وەنەوزە یا هاوارێکی مێژووی فۆندەمێنتالیستییە لەسەدەی بیستەمدا دەنگی دایەوەو، پێشبینیش ناکرێ وا بەئاسانی ئەم دەسەڵاتە چۆک دابدات، ٢٧ ساڵ وەنەوزی سایسی زۆرە!؟

عەبدوڵڵای موهتەدی: راستە من نایێم ئەو وشەیەی بەکارم برد، لەباری کۆمەڵناسیەوە زۆر دەقیقە، بەڵام مەبەستم ئەوە بوو بڵێم ئێران لە ١٠٠ ساڵ لەوەو پێشەوە تا ئێستا هەوڵیدا رێگە ببڕێ لەرێبازی مۆدێرنێتە، درەنگ یا زوو هەر دەبێ بەوە بگات، حەرەکەتی ئیسلامی فێندە مینتالیست راستە ٢٧ ساڵە لەسەر کارە پێم وا نییە توانای مانەوەی دینی بەحوکمی مانەوەی سیاسی و مێژووی مابێتەوە، زۆر دەمێکە بەزەبرو زەنگو توندوتیژی لەسەرکار ماوەتەوە، بۆچی سەدام کەم لەسەر کار مایەوە ئایە وڵاتی بەرەو ئاوادانی برد، بەرەو گەشەکردنی برد، بەرەو عەدالەتی برد، بەرەو ئازادی برد بەپێچەوانەوە چەندین شەڕی ماڵوێرانکەری توشی عێراق کرد کەچی هەر لەسەر کاریش مابۆوە، تا ئەمریکا لێیدا.

چاودێر: وازلەعەدالەت و دیموکراتی و ئازادی بهێنین، رژێمی ئێستای ئێران لەباری تەکنەلۆژیەوە، لەباری عیمرانیەوە، لەباری ئاوەدانیەوە لەباری کارەباوە، بیمارستانەوە، تەلەفون بەراوردی بکەیت بەزەمانی شاسەد بەرامبەر خزمەتی کردووە.

عەبدوڵڵای موهتەدی: حکومەتی ئێران لەچاو ئەو سەروەت و سەرمایە سروشتیەی کەهەیەتی و، لەقەدەر ئەو هێزە ئیسانیە بەتوانایەی کەهەیەتی و، ئەو هەڵکەوتە جیۆپۆلەتیکەی کەهەیەتی، دەیتوانی زۆر زۆر لەوە باشتر بکات. لەراستیدا حکومەتی جمهوری ئیسلامی مۆدیلێکی لەپەرەسەندنی ئابوری نەهێناوە بەڵکو چۆن هاتن و ئێرانیان تاڵان کرد، ئەلعان خەریکن ئێران تاڵان دەکەن.

بەرهەمهێنان لەگەورەترین قەیرانی خۆیدایە، ئێران دەیتوانی لەم ٢٠-٣٠ ساڵەدا دواکەوتویی لەبواری پیشەسازیدا بەجێ بهێڵێ و ببێتە یەکێک لەو وڵاتانەی وەک ئاسیای دوو، یا لەو ئاقارەدا بڕوات.

چاودێر: ئێران قەرزار نییە، تەکنەلۆژیای بەهێزی هەیە.

عەبدوڵڵای موهتەدی: قەرزارە

چاودێر: قەرزار نییە، قەرزارێکی وا نییە کە کەوتبێتە ژێر بارێکەوە خەریک بێت بخنکێ، ئێران چەکی ئەتۆمی دروست دەکات، ئێستا زۆرترین ئاڵەتی جەنگی خۆی، کارخانەکانی، ماشینەکانی خۆی بەرهەمیدەهێنێ و وە ئێستا هەناردەی هەیە، ئێستا ئێران هەرەشەی ئابوری گەورە دەکات لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایە ئەمە ئاڵوگۆڕ نییە لەباری ئابوریەوە؟

عەبدوڵڵای موهتەدی: با چەند نمونەیەک بێنمەوە کەدەریخات خەسڵەت و ماهیەتی ئابوری ئێران چییە، یەکەمیان ئەوەیە هەموو ئابووری ئێران لەبەردەم چەند موئەسەسەیەکدایە، ئەمانە بەحساب بۆ بازرگانی نین بەڵکوو بۆ کاری خێرخوازین، بەڵام لەراستیدا بۆ کاری بازرگانین و، ئەو موئەسەسانەن لەبن چنگی ئاخوندەکاندان، تۆ هیچ پرۆژەیەکی سەنعەتی بەرێوەبەری ئەگەر نەیانکەی بەشەریک لەگەڵ خۆت یەعنی تویژێکمان هەیە کەئیمتیازاتێکی هەیە کەهیچ کەس نیەتی، ئەوە لەحکومەتێکی مافیایی دەچێت لەباری ئابوریدا، دووەمینیان ئەوەیە بچۆ رۆژنامەکانی ئێران بخوێنەرەوە لەسەر کارخانەی ئێران لەسەدا هەشتایان ناتوانن موچەی کرێکارانی خۆیان بدەن نەک بەمانگ، بەشەش مانگ بەساڵ بەدوو ساڵ موچە دوا دەکەوێت، کوا بەرهەمهێنانێکی زۆر و رو لەگەشەی صادراتی زۆر بێت، بۆ دنیا پرسیار ئەوەیە بۆ وایە؟ چونکە مافیای ئیقتصادی کەژمارەیەک لەئاخوندەکانن، ئەو مافیایە خۆی بەدائیمی نابینێ، بەرژەوەندی خۆی لەگەڵ گەشەکردنێک نابینێتەوە، هەر ئێستا ئێران رفێن رفێنە، هەموو کەس گیرفانی خۆی پڕ دەکات، بۆیە بازرگانی دەکەن، تولید ناکەن، لەچەندین دەربەندی ئێران سەرانی ئێران بەندەری تایبەتیان هەیە، بەشێکی تایبەتیان هەیەو قۆرخیان کردوە، هەر کاڵایەک بیانەوێت داخڵ بەئێرانی دەکەن بەبێ ئەوەی بچوکترین گومرگ بدەن، نەتیجەکەی ئەوەیە بەرهەمهێنان هەڵناستێ لەئێران، خێر ناکات بەرهەمبهێنی دەبێ بچی قاچاخ بهێنی.

چاودێر: ئەگەر مەسەلە قاچاخ بێت، کام وڵاتی سەرمایەداری دنیا هەیە قاچاخی تیا نەبێت، بڕۆ سنوری ئەمریکاو مەکسیک لەهیچ شوێنێکی دنیا ئەو فرکان و فرکان و قاچاخچێتییە نییە کەتۆ باسی دەکەیت.

عەبدوڵڵای موهتەدی: بەڵام لەوی دەوڵەت نایکا، لەئێران دەوڵەت دەیکات.

چاودێر: دەوڵەتیشی تیایە.

عەبدوڵڵای موهتەدی: قەیناکە لەوانەیە شەریفی شارێکی بچکۆلەی تیادایە، دەمێ ئەو چەور دەکەن، وەلی لەئێران موئەسەساتی ئەسڵی، کەسانی ئەسلی کەدەسەڵاتی سیاسین گەورەترین بازرگانانن، ئەمانە سەرۆکی مافیای ئیقتصادی ئێرانن، ئەمانە لەفکری ئەوە نین کەمۆدیلێکی پەرەسەندنی ئابوری بۆ ئێران دابێنن، لەفکری ئەوەن هەرچی زووتر حسابی بانکەکانی سویسرایان پڕکەن، بۆیە بەم حسابە بازرگانیەکی بێ حساب و بێ گومرگ هەیە، ئەی نا پرسی بزانی، فرۆکەخانەی تازەی تاران بۆ نەکرایەوە، لەرۆژی کرانەوەیدا قەرار وا بوو خاتەمی بچێت بیکاتەوە، لەهەمان رۆژ سوپای پاسداران پێشی پێگرت، کەداوای دەکرد تەرمینالیک تایبەت بکەن بۆ کاڵای ئەو، ئەویش فرۆکەخانەکەی پێداخستن، ئێران بەزەرفیەت و تواناکانی خۆی کارناکات، بچۆ ئامار وەربگرە بزانە چەند دەتوانێ بەرهەمبهێنێ، بەڵام چەند بەرهەمدەهێنێ، کەم جێگا هەیە لەژێر زەرفیەت و توانستی بەرهەمهێنانی خۆیدا بێت، وڵاتێک کەرەونەقی بەرهەمهێنانی پێوەیە بێکاری کەم دەبێتەوە، ٢٥ ساڵە بێکاری ٣٠-٤٠٪ دەبێت ئەی ئەو خەڵکە بۆ وا بێکارە.

چاودێر: کەواتە بەپێی لێکدانەوەی جەنابت بێ، ئێران ئامادەیە بۆ گۆڕانکاری گەورە، ئەگەر ئامادەیە بۆ گۆڕانکاری گەورە، پێت وایە تەقینەوەیەک، راپەڕینێک، حەرەکەتێکی بەرینی سیاسی بەرهەڵستکار دەتەقێتەوە؟

عەبدوڵڵای موهتەدی: کێشەی ئێران ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنەکەی (کوردی لێبەدەر) ئۆپۆزسیۆنەکەی پەراگەندەیە، یەکنەگرتووە، کەم هێزە، ئەلتەرناتیڤێکی سەنگین و جێگای بڕوای خەڵک هێشتا شکلی نەگرتووە و سەری هەڵنەداوە.

چاودێر: ئەوەی من بزانم بەدرێژایی مێژوو، ئۆپۆزسیۆنی ئێران جەبهەیەکی یەکرگتوو و رادیکاڵی نەبووە، هەمیشە پەراگەندە بوون، چریکەها بەلایەک، حیزبی دیموکرات بەلایەکی تردا، کوردە بەلایەکی تردا رۆیشتووە، ئیسلامیەکان بەلایەکداو موجاهیدین بۆ لایەکیتر، ئێستا سەڵتەنەتخوازەکان بەلایەکیتردا رۆیشتوون، چریکەکان بون بەچەندین چریک، چەپەکان بون بەچەندین چەپ، هێزەکانی کوردستانی ئێران بوە بەچەندین هێز، ئێستا پەراگەندەتر لەجاران و، بەجەبهەیەکیش نییە.

عەبدوڵڵای موهتەدی: نازانم بەکەی بڵێین جاران، نازانم، سەردەمی وا هەبووە ئەوەندە پەراگەندە نەبووە.

چاودێر: ئاخر هێزی کەم بوو.

عەبدوڵڵای موهتەدی: ئاخر من پەراگەندە بەوە نایێم کەپڵۆرالیزمی تێدا بێت، من ئەوە بەدیاردەیەکی سلبی نازانم لەئۆپۆزسیۆنداء، پلۆرالیزم هەبێت شەرت نییە پێش لەدەسەڵاتدا پلورالیزم هەبێت، پێش دەسەڵاتیش پلۆرالیزم دەبێت، بەڵام دەبێت لەدەوری تەوەرەیەک کۆبنبەوە، هەوڵ هەیە بۆ ئەوە.

چاودێر: باشە وەک جەنابت باسی دەکەیت، برسێتی و بێکاری و ئەوانەی تۆ باس دەکەیت گەیشتبێتە بیناقاقای خەڵک، تازە کام هێزە سیاسیانە لەهەوڵی ئەوەدان بەڵکو یەکبگرن؟ شتی وا هەشبێ کەمە، ئەوانە لەئاستی ئازارەکانی خەڵکیشدا نین ئێستا؟!.

عەبدوڵڵای موهتەدی: نەخێر نین، گەر وا نەبوایە وەزعیان وا نەدەبوو، بێگومان بەڵام خۆ لەو سەر کۆنەکردنە دەردێکمان دەرمان نابێت مەگەر ئەو دەرسەی لێوەرگرین، گەر سەردەمێکیش لەدەست چووە، زوتر قەرەبوو بکرێتەوە بۆیە من پێم وایە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بەچەپ و دیموکرات و لیبراڵ و بەهەموو ئەوانەوە جێی خۆیەتی لەدەوری بەرەیەکی فراوانی دیموکراسی یەکبگرن و یەکێتیەکیان هەبێ لەناو خۆیاندا، پێم وایە ئەگەر لەسەر پلاتفۆرمێکی ئاوا یەکبگرن، دەتوانن هەم سەرنجی خەڵکی ئێران و، رای گشتییەکەش و، هەم دەتوانن سەرنجی دنیای رۆژئاوا بۆ لای خۆیان رابکێشن.

چاودێر: ئەم گۆڕانکاریانەی کەپرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بەئێرانیشەوە، زیاتر کار لەچ رەوتێکی سیاسی و وە رێبازێکی سیاسی و کام ناوەندی سیاسی ئێران کاریگەر دەبێت و، زووتر کۆیان دەکاتەوە بۆ قبوڵ کردنی ئەم گۆڕانکاریە.

عەبدوڵڵای موهتەدی: دەبوایە چەپەکان زوتر لەخەڵکیتر بەئاگا بێتەوە، ناو ماڵی خۆیان رێک و پێک بکەنەوە و ببن بەتەوەرێک بۆ کۆکردنەوەی هێزی پێشکەوتنخواز لەئێراندا، ئێستا من ئەوە بەدی ناکەم بەداخەوە، موجاهیدی خەڵق خاوەنی جێگەو پێگەو مەحبوبیەتێک نییە لەناو خەڵکی ئێراندا، یەعنی لەم رێگەیەوە کە لەناو جەماوەرەوە شت هەڵقوڵێ و ئەوان ببن بەشت، من زۆر بەزەحمەتی دەزانم.

چاودێر: بەڵام دەتوانی نکوڵی لەوە بکەیت کەموجاهید یەکێکە لەهێزە بەهێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی.

عەبدوڵڵای موهتەدی: نەخێر، بەڵام ئەگەر موجاهید لەناو دڵی خەڵکدا جێگەیەکی نییە، رێکخستنێکی ناوخۆی بەهێز، هێزێکی سەربازی بەهێز، دیسپلینی هەیە، باوەڕێکی نیوە ئاینی نیوە سیاسی دۆگمای هەیە، لەبەرئەوە شتێکی باشە هێزە خاریجییەکان بەکاریبهێنن ئامادەشە بۆ فرۆشتنی خۆی ئەگەر نرخی چاکی بدەنێ.

چاودێر: دۆگمە یا تۆتالیتاریە؟

عەبدوڵڵای موهتەدی: بڕوام وایە رابەری بوچکترین دۆگما نییە، بەڵام ریزەکانی دۆگماتیک بارن رابەریەکەی پراگماتیستە، بەنرخی رۆژ نان دەخوات، بەڵام بەزنجیری دۆگماتیزم ریزەکانی خۆی دەبەستێتەوە، بەهەرحاڵ من بەهێزێکی گۆڕانکاری دیموکراتی نازانم، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کارتێک بێت لەدەستی دەوڵەتان و هێزەکانی دەرەوەدا.

چاودێر: پێت وا نییە لەئێراندا کوردستان ئامادەتر بێت بۆ وەرگرتنی ئەو گۆڕانکاریانەی بەرێوەن، بەحکومی ئەوەی عێراق وای لێهاتووە، ئەوە کوردستانی عێراق سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە، ئەمە پێت وا نییە بۆ کوردستانی ئێرانیش جۆش خواردنێک بەرێوەیە؟

عەبدوڵڵای موهتەدی: کوردی ئێران وەک کوردی پارچەکانی تر، ناتوانێ بەتەنیا ئەو گۆڕانکاریە بکات، ئەگینا بۆ راپەڕینیش ئامادەیە، گەر بارودۆخەکە لەبار بێت، واتا ئامادەی ئەوەی هەیە، دیاردەکان وامان نیشان دەدەن، جموجۆڵی سیاسی زۆرە لەکوردستانی ئێران، جموجۆڵی رۆشنبیری زۆرە، هەرشتێکی بچوک دەکرێت بەبیانوێک بۆ ئامرازێک تا ناڕەزایی قوڵپ بدات، کورد مەحتەلی هەلە لەکوردستانی ئێران.

چاودێر: ئەگەر رووداوەکان، روو لەگۆڕان بن، پێشبینی دەکەیت ئەمجارە کوردستانی ئێران جیاواز بێت لەشۆڕشی پێشووی گەلانی ئێران.

عەبدوڵڵای موهتەدی: زۆر، ئەی ئەگەر وا نەبێت ئێمە چی دەکەین و ئەی خەڵک چی فێر بووە، لەم ماوەیەدا.

چاودێر: جاران سیاسەتتان دەکردو ئێستاش هەر سیاسەت دەکەن، مەبەستم ئەوەیە لەڕوی بابەتیەوە ئاڵوگۆڕەکان جیاوازتر نابێت لەجاری پێشوو.

عەبدوڵڵای موهتەدی: بێگومان، یەکەم لەو جیاوازیانە دەتوانم بڵێم: وشیارییەکی سایسی هەیە، هەست دەکەیت خەڵک پێگەیشتووە و مافەکانی خۆیان ناسیوە، بەرچاویان روونە، دەزانن چیان دەوێت، لەپرۆسەی شۆڕشی پێشوی ئێراندا، لەپرۆسەیەکدا ورده ورده خەڵک هەستیان کرد چیان دەوێ، ئێستا لەرۆژی ئەوەڵەوە دەزانن چیان دەوی، کەئەمە شتێکی گەورەیە، بێجگە لەوە مەسەلەی کورد لەئاستی جیهانیدا زۆر گۆڕاوە، خەڵک هەست بەهیواو ئومێدێکی زیاتر دەکەن، پێیان وایە دنیایەک هەیە دادیان بپرسێ، وەک جاران دەنگیان کپ ناکرێ و بێدەنگ ناکرێن و بێکەس کوژ ناکرێن، مەسەلەی ئەزموونی کوردستانی باشور تەئسیری گەورەی هەیەو ئەو دەسکەوتانەی لێرە بەدی هاتون، لەوێ خەڵک بەدەسکەوتی خۆیانی دەزانن، پێیان وایە سەنگەرێکە لەخەباتی ئەوان کەئاوەدان کراوەتەوە.

چاودێر: کۆتایی قەسکانم ئەمەوێ بەوە بێنمەوە، پێشبینی چی ئەکەی بۆ بزوتنەوەی چەپو کرێکاری لەئێران یان لەکوردستان.. پێشبینی سەردەمی مصدق و بەهێزی حزبی (توده)ئەکەی؟ پێشبینی ئەو پەرش و بڵاوییەی دوای سەرکەوتنی ئینقلابی ئێران و پاشەکشێی چەپ ئەکەی؟ پێشبینی ئەوە ئەکەی

> **ئێران بەزەرفیەت و تواناکانی خۆی کارناکات، بچۆ ئامار وەربگرە بزانە چەند دەتوانێ بەرهەم بهێنێ، بەڵام چەند بەرهەم دەهێنێ، کەم جێگا هەیە لەژێر زەرفیەت و توانستی بەرهەمهێنانی خۆیدا بێت**

کەئەم جارەیان چەپ بەئەندێشەیەکی مۆدێرنترو رێکوپێک تر، بەئەزموون تر بێتە پێشەوە؟ یان پێش بینی ئەکەی هەروەکو عێراق ئەو بزوتنەوە چەپە رادیکاڵەی لەئێران خەوی پێوە ئەبینن، رەنگە رونەداتەوە؟

عەبدوڵڵای موهتەدی: ئەگەر ئیزنم بدەی تەنیا یەک دێڕ زیاد ئەکەم لەسەر قسەکەی پێشوو، ئەویش مەسەلەی کورد لەئێرانە، بەهەموو ئەو قسانەشەوە من بەهەڵەی دەزانم کەبەرلەوەی گۆڕانکاری لەئێران بگاتە ئاستێکی دیاری کراو، بەتەنیا کورد دەبێ شەڕی مان و نەمانی لەگەڵ حکومەتی کۆماری ئیسلامی بکا.. کورد ئەبێ سیاسەتێکی ژیرانەی هەبێ، قۆناغەکان بناسێت، هەلومەرجەکە بناسێت و بەقەدەر توانای خۆی کار بکات. بەڵام بۆ ئێستا حیزبی تودە و، زۆرێک لەو حیزب و حەرەکەتە سوننەتیانەی پێشوی ئێران، پێم وا نیە تازە بەو ناوەو بەو کەسایەتیانە جێگەی پێشووی خۆی لەئێران بدۆزێتەوە.

حیزبی تودە هەر بەتەواوی ئیفلاسی کردووە، زۆر لەمێژ ساڵەو هیچ نییە، جەبهەی میللی ئێران ئەوانە من لەو بڕوایەدا نیم بتوان بەناوی ئەو حیزبەوە کارێک بکەن.. بەڵام پێم وایە وەکو خەت و رێبازی سیاسی لەئێراندا ئەگەر ئاوای ناو بنێین میللی گەرایەکی لیبراڵی ئێرانی، ئەمە چانسێکی گەورەی هەیە. دووەمین چانسیش بەدوای ئەواندا پێم وایە چەپ هەیەتی لەئێران..

چاودێر: کام چەپ؟

عەبدوڵڵای موهتەدی: ئەو چەپەی کەناوی دەنێی چەپێکی رادیکاڵ، هەڵبەتە چەپێکی توندڕەوی بێ ئاگا لەهەموو رووداوەکانی جیهان و، چەپێکی دۆگماتیک، ئەوە هیچ شانسێکی نییە. بەتەواوی دەچێتە پەراوێزەوە، ئەوەندەی تریش کەچووە، من هیچ شانسێکی بۆ نابینم، حەز ناکەم کەسەکانیان بەو دەردە بچن، حەز ئەکەم چەپێکی مۆدێرنترو ئەورۆپی تر من مەبەستم ئەم چەپەیە، ئەگەر قسە لەسەر کورد دەکەین و کۆمەڵی کوردستان بناسێ خەسڵەتەکان بناسێ ئەرکەکانی خۆی جوان دیاری بکات بتوانێ پێشەنگی جوڵانەوەی دیموکراسی خوازی بکات.. هەروەها تێکەڵایی، چونکە ئێران لێوان لێوە هەم لەئیستبدادو دیکتاتۆری، هەم ستەمو بێ عەدالەتی کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوەی مرۆڤ چۆن پێویستی بەئازادیش هەیە هەم دادیش هەیە.

چەپ دەیتوانێ ئەو دوانە لێک هەڵپێچێ بەشێوەیەکی ئەورۆپی بەدرس وەرگرتنی لەئەزموونەکانی پێشووی ئەگەر وا بکات، من پێم وایە بەڵێ چەپیش لەئێران دەتوانێ زەمینەی هەبێ.

چاودێر: بەقەدەر ئەوەی بزوتنەوەی شیعەگەرا لەئێراندا زۆر زۆر بەهێز بوو، توانی شۆڕشی گەلانی ئێران بقۆزێتەوە و زاڵ بێ بەسەریدا، ناتوانم بڵێم بەقەد ئەوە، بەڵام تۆزێک کەمتر لەوە هەموو هێزە سیاسیەکانی ئێران هەڵەیان کرد، بەهەڵەکانیان یارمەتیەکی زۆری بزوتنەوەی شیعەیان دا بۆ سەرکەوتن لەئێراندا، گەورەترین دەرس چییە کەئەبێ ئێوە وەری بگرن و پێویستە دوبارەی نەکەنەوە لەم ئاڵوگۆڕەی کەئێستا بەرێوەیە؟

عەبدوڵڵای موهتەدی: جارێ من بڵێم کەخۆمان لەو هەڵەیەدا بەشدار نابین.. ئێمە پێش هاتنە سەر کاری (خومەینی) هەڵوێستمان بوو، سنورمان هەبووە، هەروەها دژی هاتنە سەر کاری ئەو حەرەکتە بووین، لەحاڵێکدا زۆرێک لەچەپی ئێران لەژێر ناوی ئەوەی کەئەمە دژی ئیمپریالیزمە دژی ئەمریکایە ئەمریکا دوژمنی سەرەکیە، ئەو قسانە لەبیروباوەڕی ئێمەدا نەبووە، ئێمە چەپێکی سەربەخۆتر بوین، ئەو جۆرە چەپەی سەر بەئۆردوگای سۆڤێیەت نەبووین، بە هەرحاڵ مەبەستم ئەوەیە لەهەڵەی هەڵسەنگاندنی ماهیەتی کۆماری ئیسلامی، هەڵەیەک کەیارمەتی ئەوە بدات کە ئەم حەرەکەتی ئیسلامی فۆندامینتالیتس لەئێران بێتە سەر کار ئێمە نەک تاوانێکمان نییە، بەڵکو زۆرمان هاوار کرد بەکردەوەش سیاسەتێکی ترمان بەرێوەبرد، بەڵام چی لەوە دەکەی ئێران بەولادا رۆیی، دەنا خەتای ئێمە نەبوو، بەڵام نەک ئەوسا رەخنەمان لەچەپی ئێران بێ، من ئێستاش ئەو هەڵەیە دەبینم لەچەپی ئێراندا، ئەویش ئەوەیە کاتێک کەئەم حەرەکەتی ئیسلامیە لەئێران هاتە ئاراوە چەپەکان ئەو هەڵەیەیان کرد کەدەیانگوت چونکە حەرەکەتێکی دژی ئیمپریالیسیەو بەحساب ئیمپریالیستیش دوژمنی سەرەکیە، لەبەرئەوە قەیناکە هەرچی لەناو خۆی دەیکات. ئەو وەختیش بەعەقڵ و ئەزموونی ئەو وەختیشمانەوە قسەمان ئەوە بوو کەگرنگ ئەوەیە تۆ هێزێکی سیاسی پەیوەند لەگەڵ واقیعیەتی کۆمەڵگاکەی خۆتدا هەڵیسەنگێنی، بزانە چی دەکات و چی ناکات. بۆ ئازدی چی دەکات بۆ خەڵک چی دەکات، ئەم جارەش لەو کێشەیەدا بەتایبەت دونیای رۆژئاواو بەتایبەت ئەمریکا هەیەتی لەگەڵ ئێران، چەپ خەریکە توشی ئەو هەڵەیە دەبێتەوە.. راستە چەپەکان دژی کۆماری ئیسلامی سیاسیین، بەڵام من لەو بڕوایەدام وەها بەلایەوە گرنگە کەدژی دەست تێوەردانی رۆژئاوا بێ لەئێران، کەلەبیری دەچێتەوە کەمەسەلەی ئەسڵی گۆرانی دەسەڵاتی سیاسیە لەئێران. هەموو کەس دەزانێ ئەمریکا بۆ بەرژەوەندی خۆی دێ.. هەر کەس کلاسێکی لەسیاسەت خوێندبێ و پۆلی یەکەمی تەواو کردبێ، دەزانێ کەئەمریکاش و خەڵکی تریش بۆ بەرژەوەندی خۆیان دێن هەرواش کار دەکەن.. بەڵام من لەو بڕوایەدام کەئەم مەسەلەیەی کەعەرزم کردی چەپ دەبێ هەڵگری پرۆژەی دیموکراسی بێ لەئێران.. چەپ لەمەسەلەی کێشەو ناکۆکی نێوان ئێران و رۆژئاوا دەبێ نوکی تیژی رەخنەی سیاسی خۆی بەسەر کۆماری ئیسلامی ئێراندا بدا.

چاودێر: ئەگەر تێبینیتان کردبێ نامانەوێ لەکوردستانی عێراقدا هەڵەکانی ئەودیو بکەینەوە.. نە چەپی ئەودیو تاڕادەیەکیش هێزەکانی کوردستانی ئێران.. لێرە ئاشکرا گوتراوە ئەگەر لەعێراقدا حکومەتێکی ئاینی بسەپێ، کوردستان جیا دەکرێتەوە.. هەرگیز نەچوینە ژێرباری ئەوەو لەدەستوری عێراقیشدا بەهەمان شێوە. ئەمە ئەزموونێکە بەڕاستی ئەتوانم بڵێم دەرسەکەی لەودیو وەرگیراوە.. کۆتایی قسەکانم دێمە سەرئەوەی پێشبینیت چییە لەو ئاڵوگۆڕانەی کەپرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، یان هەر ئەگەرێکی تر کەپیش بینی بۆ بکەی بۆ ئێران، کەئاڵوگۆڕەکە چەندی بە بەرەوە ماوە؟

عەبدوڵڵای موهتەدی: بەڕاستی نازانم بەڵام هیوام ئەوەیە کەزۆری بەبەرەوە نەما بێت، هەست بەوە دەکەم تا ئەو جێیەی کەدەگەڕێتەوە سەر کوردستانی ئێران، هەروەکو باسم کرد، ئامادەی کەم نییە، بەڵام لەئاستی ئێراندا وا بزانم ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی جا چ ئەوەی لەدەرەوەیە، یان ئەوەی کە لەناوخۆی ئێرانە کەرەنگە بەشی کاریگەری ئەمەیان بی، من وا دەزانم دەبێ لەیەک نزیک بنەوە.

چاودێر: ئەمساڵ ساڵێکیتر چەند ساڵێکیتر ئاڵوگۆڕ ئەبێ.. بەڵام هیچ ئامادەکارییەک لەنێوان ئێوەو حیزبی دیموکرات و حیزبەکانی تردا نییە، بەمانای رێکەوتنێک، بەرەیەک، دووروونزیک هیچ لەئارادا نییە، هەست ناکەم ئەمە مەترسی هەبێ لەسەر ئایندە؟

عەبدوڵڵای موهتەدی: بەڵێ هەیەتی، ئێمە بارەها ئەم راستیەیەمان لەگەڵ سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هێناوەتە گۆڕێ.. پێشنیارمان کردووەو سوربوین لەسەری کەپێکهێنانی بەرەیەک لەئێستاداو پێش ئاڵوگۆڕەکان، پێویستیەکی حەتمین، ئەگەر بمانەوی باشترین کەلک لەئاڵوگۆڕەکان وەربگرین.. پێمان وایە بەرەیەکی ئاوا دەتوانێ کاریگەری سایکۆلۆژیی گەورەی لەسەر خەڵکی کوردستانی ئێران دەبێ. دەتوانێ جێگەو پێگەی کورد لەناو ئۆپۆزسیۆنی ئێستای ئێرانیدا بەتەواوی بکاتەوە. دەتوانن کەفیدرالی بچەسپێنن ئەگەر کورد خۆی یەکگرتوو بێ، بیکات بەخاڵێک لەخاڵەکانی پلات فۆرمی دیموکراتی داهاتوی ئێران.. دەتوانێ کاریگەری چاکی لەسەر ئەوروپاو ئەمریکاو رۆژئاواو ناوچەکە هەبێ، ئەمە لایەنی ئیجابیەکەیەتی، بەو باریشیدا حساب بکەین ئەگەر نەبێ توشی کێشەی گەورە دەبین لەداهاتوی کوردستان. بەڵام بەداخەوە تائێستا نەمان توانیوە ئەوقەناعەتە بەحیزبی دیموکرات بکەین.

چاودێر: ئەگەر ئەمریکا داوای گفتوگۆو رێکەوتن لەگەڵتان بکات قسەتان لێ کردووە؟

عەبدوڵڵای موهتەدی: بەڵێ، ئامادەین گفتوگۆی لەگەڵ بکەین، ئەمریکا هێزێکی گەورەی گۆڕانە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوژمنی دوژمنەکەی ئێمەشە.. ئێمە ئامادەین گفتوگۆی لەگەڵ بکەین بەکوێ دەگەین جارێ پێشبینیەکەی پێش وەختە.

چاودێر: زۆر سوپاس کاک عەبدوڵڵا

عەبدوڵڵای موهتەدی: سوپاس■

> **هەموو کەس دەزانێ ئەمریکا بۆ بەرژەوەندی خۆی دێ، هەر کەس کلاسێکی لەسیاسەت خوێندبێ و پۆلی یەکەمی تەواو کردبێ، دەزانێ کەئەمریکاش و خەڵکی تریش بۆ بەرژەوەندی خۆیان دێن هەرواش کار دەکەن.. بەڵام من لەو بڕوایەدام کە چەپ دەبێ هەڵگری پرۆژەی دیموکراسی بێ لەئێران.. لە مەسەلەی کێشەو ناکۆکی نێوان ئێران و رۆژئاوا دەبێ نوکی تیژی رەخنەی سیاسی خۆی بەسەر کۆماری ئیسلامی ئێراندا بدا**

■ عەبدوڵڵای موهتەدی

laparakan.qxd 19/01/1426 08:19 ª Page 7

ئەپیرۆن

-٤-

هێراکلیتۆس

ئاوات ئەحمەد

□ فەیلەسوفێکی یۆنانییە و لە کۆتاییەکانی سەدەی شەشەم و سەرەتای سەدەی پێنجەمی پێش زایینـدا ژیـاوەو نـەوەی خێـزانێکـی ئەریستۆکراسی دەسترۆیشتوو بووە. هەندێک دەڵێن لە ساڵی ٥٤٠ دا لەدایک بووەو لە ساڵی ٤٨٠ دا لـە تـەمـەنـی هـەشـتا سـاڵیدا مـردووە. لـە سـەردەمـی خـۆیدا بـە پیاوە تـەژمـەکـە یان تـەمـومـژاوییـەکـە ناسراوە، چونکە بە باشی لە وتـەکـانـی تێنـەگـەیشتوون.. بگرە تـەنـانـەت ئـیمـرۆش ناتوانین بە باشی لە مەبەستەکانی تێبگـەین. وەلێ هێراکلیتۆس بەگاڵتەوە رووی کـردۆتـە خـەڵکی هاوچەرخی خۆی و وتوویەتی ئێوە هەقتانە چونکە "کەرجۆی لەزێرپێباشترە". لـە سـەردەمێکدا ژیاوە کە شارە یۆنانییەکان لە ململانێیەکی سەختدا بوون لەگەڵ فارسەکاندا، کـە سـەرەنـجام داریـوسـی پادشای فارس دەیانبـەزێنێت و زۆربـەی شارەکـان وێـران دەکات، بەڵام ئیفسۆسی زێدی هێراکلیتۆس زیانێکی ئەوتۆی بەرناکەوێت، بەڵام پەتای دووبەرەکی ولەتوپەتبوون ولەگرێژەدەرچوونی شیرازەی شارەکە دەگرێتەوەو کاریگەرییەکی نەرێ لەسەر هزری هێراکلیتۆس جێدەهێڵن. رەنگە هەر ئەمەش بێت کە دەسبەرداری ژیانی فەرمانڕەوایان دەبێت و گۆشەیەکی تەریک دەگرێت و خۆی تەرخاندەکات بۆ تێڕامانە فەلسەفییەکانی. بە دوژمنی شاعیران ناسراوەو بە تایبەتی رقی لە هۆمیر و هیسیۆد بووەو پێی وابووە ئەوانە گۆشەنیگای مرۆڤیان بەرامبەر خـوداوەندەکـان و ئایـیـن لـەکـەدارو گـەندەڵ کردووە.

پێـی وابـووە کـە پێویستە مرۆڤەکـان لـەناو هارمۆنیایەکی کۆمەڵایەتیدا پێکەوە بژین و حەزی لە فەرمانڕەوایی کەمینە نەبووە. هەمیشە گلەیی ئەوەی لە هاوچەرخانی خۆی هەبووە کە ناتوانن بە باشی لە لۆگۆس (ژیری) تێبگەن، کەبە بڕوای ئەو پرەنسیپێکی گەردوونییەو شتەکان لە توێی ئەوەوە پەیوەندی بە یەکەوە دەگرنو لەو پـەیـوەنـدیـیـانـەشـەوە هـەمـوو روداوە سـروشـتـیـیـەکان روودەدەن. ئـەمـەش مرۆڤ ناچار دەکات وەکو خەوبینەرێک یان بینەرێکی ئەندێشە باز لەناو جیهانێکدا بژی کە پڕێتی لە شـتـی نـابـەجـێ و هـەرگـیـزیـش نـاتـوانـێـت بـیـانـگۆرێت. هێراکلیتۆس گۆشەنیگایەکی ئەوەندە رەشبینانەی بەرامبەری ژیان و بوون هەبووە، کە هەندێک پێیان وتووە فەیلەسوفە گرینۆکەکە.

هێراکلیتۆس خاوەنی کۆزمۆلۆژیایەکی تایبەت بەخۆیەتی ورەخنەی لەهاوچەرخان وپێشینانی خۆی گرتووە، چونکەئەوان نەیانتوانیوە یەکێتی بوون ببینن. پێی وابووە هەموو شتەکان بە مانایەک لە ماناکان یەک شتن. پێی وابووە بۆ ئەوەی ژیان بەردەوام ببێت، پێویستە هەمیشە دژەکان لە ململانێدا بن. هەموو شتێک بەهۆی دژەکـەیـەوە بـوونـی هـەیـەو یاسای ململانـێ هـاوسـەنگی دەخـاتە نێوانیانەوە. بە بڕوای ئەو یاسای گۆڕان بە بەردەوامی و لە پرۆسێسێکی رانـەوەستاودا لـەگەڕدایـەو بەردەوام شتەکان دەگۆڕێن بۆ یـەکـتـریـی. یـەکـەمـین فەیلەسوفە دەستی بردووە بۆ پشتەوەی تیوریـیـەکانی فیزیاو بـۆ بـنـەمـا مـیـتـافیزیاییـەکـان و پیادەکارییە ئاکارییەکان گەڕاوە.

ئـەفـلاتـون پێـی وابـووە کـە هـیـراکلیتۆس دوای پارمـنـیدێس دەستی کردووە بە نوسین، وەلێ زۆرینـەی بـەڵگـەکان نـیـشـانـەی ئـەوەن کە ئەو پێشتر نوسیبێتی. دیارترینی ئەو هۆیانە ئەوەیە هیراکلیتۆس ناوی زۆرینەی ئەوانەی پێش خۆی و هاوچەرخەکانی هێناوەو رەخنەی لێگرتوون، بەڵام هەرگیز ناوی پارمنیدێسی نەهێناوە. بەڵام پارمـنـیدێس لـە هـۆنـراوەکانـیـدا گـەلـێـک لـە بۆچوونەکانی هیراکلیتۆس پەرچدەکاتەوە.

هیراکلیتۆس لەو باوەڕەدا بووە کـە زۆرینـەی مرۆڤەکان گرفتی تێگەیشتن و وەگەڕخستنی هزریان هەیە، بەشێکی زۆری خەڵک دێن ودەچن و دەخەون و خۆراک دەخۆن بێ ئەوەی بزانن بۆچی. بەڵام دەشێت تێڕامان و وردبوونەوە لە وشـەکـان و کـردەوەکـان بـبـنـە هـۆی رۆشنکردنەوەی هزرو ژیریی ئەوکەسانەی نرخ بۆ ماناکانیان دادەنێن. هەر بۆیەشە لە وتەیەکی تـریشدا دەڵێت "ئـەو کـەسـانـەی رۆحێکی بەربەرییانەیان هەیە، گوێ و چاویان شتێکی بەسود نیە بۆیان". رەنگە ئەگەر مانای ئەو سەردەمەی وشەی بەربەریت بشتگوێ بخەین، کە مانای ئەوانەی دەگەیاند کە بە زمانی یۆنانی نادوێن، هێشتا وتەکە هەر مانایەکی قووڵی تێدا هەیێت. هەروەها خاوەنی وتە نێودارەکەشە: "کەس ناتوانێت دووجار لە یەک رووباردا مەلە بکات".

بە دیوێکی تردا دەتوانین وەها لە بیرکردنەوەی هـیـراکـلـیـتـۆس بـڕوانـیـن کـە وەڵامـدانـەوەو رەخنەگرتنە لە فەلسەفەی پێشینە ئایۆنییەکانی خۆی (تاڵیس، ئاناکسیماندەر، ئاناکسیمانیس)، چونکە بە پێچەوانەی بۆچوونە تاکگەراییەکەی ئەوانەوە کـە هـەریـەکەی بوونیان بردۆتەوە بۆ سەر تاقە توخمێک، ئەم پێی وایە مادەکانی ناو سروشت دەگۆڕێن بۆ یەکتریی. بەڵام ئەمە هـەموو تێڕوانینەکە نیە، چونکە هەر خۆشی جەخت لەوە دەکات کە هەمووشیان لە ئاگرێکی ئەبەدییەوە کەوتوونەتەوە. هەر لێرەشەوەیە کە هـەنـدێک پێیان وایە بۆچوونـەکـەی سـەرەوە دروست نیـەو ئـەمـیش بوون دەباتەوە بۆ سەر تـوخـمـێـکـی بـنـەڕەتـی، کـە ئاگری ئەبەدییە. جیاوازییەکەلەوەدایەکە لای ئەو ئاگر گۆڕاوە بۆ ئاو و پاشان ئاویش بووە بە خاک.. دیسانەوە خاک دەگۆڕێت بۆ ئاو و ئاویش دەبێتەوە بە ئاگر. لـە نـێـوانـی ئـەم سێ توخمەشداو لـە ئاستە جیاجیاکانی تردا هەموو توخمەکانی دیکە پەیدا دەبن و دەشگۆڕێن بۆ ئەوانیتر، بۆیە دەڵێت ئەو رێگایەی بەرەو ژوور دەڕوات، هەر خۆی بەرەو خواریشەوە هەردوکیشیان یەک شتن. پاشان لە جێگایەکی تردا خۆی رووتنر دەکاتەوەو دەڵێت بـە نـیـسبەتی ئاگرەوە، ئەوە مردنە بێت بە ئاو، ئاویش کە مرد دەبێت بە خاک.. وەلێ لە خاکەوە ئاو لـەدایک دەبێت و لە ئاویشەوە ئاگر لەدایک دەبـێـت..هـەرچـۆنـێـک بـێـت بـایـەخـدانـی هێراکلیتۆس بە ئاگری ئەبەدی لەوەوە هاتووە کە لە یەک کاتدا مادەی رەق (دار) و شل (زەیت) و گاز (دووکەڵ) دەگرێتە خۆی، پێشی وابووە کـە تـەنـانـەت ئیسەریش دەگرێتەوە. بەشێک لەم ئاگرە (دووکەڵ) دەگاتە قووڵایی ئاسمان و لەوێ دەگـۆڕێـت بـۆ ئـاو (باران) و لـە بـارانـیـشـەوە زەریاکان پەیدا دەبێت و بەشێک لە زەریاکانیش دەبن بە وشکانی... پاشانیش پرۆسیسەکە پێچەوانە دەبێتەوە. ئـەمـەش هـاوسـەنگی گەردونی راگرتووە.

هێراکلیتۆس بایەخی داوە بە لۆگۆس. دەشێت ئەم لۆگۆسە چەندان مانا بگرێتە خۆی: وشە، وتار، ئەقڵ، یاسا، رێژە.. هتد. وەلێ لە راستیدا وتەکە بەمانای وتن بەکارهێنراوە، واتە لۆگۆس ئەو شتە بووە کە وتراوە.. بەڵام دواتر ماناکانی دیکەی وەرگرتووە. بە بڕوای هێراکلیتۆس، دیـارتـریـن دەرکـەوتـەی لۆگۆس بریتیە لـە رێکخستنی پەیوەندی نێوانی دژەکان، بۆ نمونە: تـەندروستی و نەخۆشی، شەو و رۆژ، مەرگ و ژین، چاک و خراپ، سارد یەک یەکتریی پێناسە دەکەن وسەرەنجامیش هەرجووتە ناکۆکێکیان وەربگریت، دەبینیت هـەمـان شتن. هـەروەها تێبینی ئەوەشی کردووە کە رەنگە یەک مادە لـەیـەک کـاتـدا سـودبـەخـشـیـش بـێـت و زیانبەخشیش بێت، بۆ نمونە ئاوی دەریا بۆ مـاسـی بـاشـەو بـۆ مـرۆڤ خـراپـە. رەنگـە هێراکلیتۆس یەکەمین فەیلەسوف بێت کە بیری لەوەکردبێتەوە کە دەشێت هەستەکانی لەشمان فریومان بدەن، بۆیە زیاتر پشتی بە لێکدانەوەو پشکنینی بەڵگەداری بوون بەستووەو زۆر هانای نەبردۆتە بەر هەستەکان.

هـێـراکـلـیـتـۆس کـتـێـبـێـکـی لـێ جێماوە بـە نـاوی دەربارەی سروشت. بـەڵام ئـەو کـتـێـبـە بەسەر یەکەوە نـەگـەیـشـتـۆتـە دەسـتـی ئـێـمـە، بـەڵکو بـرشـگـەو پـەرەگـرافـی پـەرت و بـڵاوی لـە ناو نوسینی خـەڵکانی دوای خۆیدا بینراوەتەوەو چـەند هـەوڵێـک هـەن بـۆ کـۆکـردنـەوەیـان لـە بەرگێکدا، بـەڵام هـەرگـیز ئـەو کـتـێـبـەمـان بـە تـەواویی دەسـت نـەکـەوتـووە. ئـەم کـتـێـبـە بەناوی خوداکانی هونەریشەوە ناسراوەو لە سێ بەشی تا رادەیـەک جـیـاواز لـە یـەکـتـریـی پێکهاتووە: سروشت و تیۆلۆژیاو سیاسەت.■

وەهمی سوپەرمانیو پیاوی دەسەڵات!

نوری بێخاڵی

□ ئـەگـەر بنـەمـاو ستراتیژی گوتاری رۆشنبیری رەخنە بێـت‌و، ئـەرکـی سـەرەکـی رۆشنبیر هـەسـت کـردن بـە لـێـپـرسـراوێـتـیـو پابـەند بـوونـی مۆراڵی بێت بەرامبەر کۆمەڵگەو کایەکانیو، لەگەڵ خۆیدا هەڵگری میکانیزمی کـارای چارەسـەری کـێـشـەکـانـی بـێـت. هـەرگـیز ئـەو چاودێرییە رەخنە ئامێزەو شێوە پابەند بوونە مانایەکی پیرۆز نـا بـەخشنـە کـارەکـتـەری دنیای رۆشنبیری، تاکو لـەرێگـەی بـەپـیـرۆزگـرتـنو تـەوتـەم کـردنـی شـونـاسـو گوتارەکەیدا مافی ئەوە بەخۆی بدات هێڵێکی راستو چەپ بەسەرتەواوی شتەکاندا بێنێ کەهاوکۆک وتەبانین لـەگـەڵ وێـنـا کـردنو دنیا بینییەکانی ئەودا. چونکە وەک (عەلی حەرب) ئاماژەپێدەکات، ئیدی چیتر رۆشنبیر بە کۆمـەڵـێـک وەهـمـو خورافەوە ناتوانێت ئەو پۆلیسە بێت کەحوکم بەسەر ئەوانیتردا بکات، یان پێی وابێت کە تەنیا ئەو خاوەنـی کـۆی حـەقـیـقـەتـەکـانو چـرای سـەر قافڵەو رۆشنکەرەوەی شەوە زەنگی کاروانی کۆمەڵگەیە.

لێرەوە گیروگازێک کە بەناو گوتاری رۆشنبیری کوردی (چوون بـەداخـەوە تا ئێـسـتـا رایـەڵو بـنـەماو سـتراتیژو سـەرچاوە فیکریو مەعریفیەکانی دیار نین، نەیتوانیوە هەڵگری شوناسێکی تایبەت بەخۆی بێت‌و، خاوەنی دنیا بینی خۆی بێت‌و چەمکێکی نوێی لەدنیای فیکرو مـەعـریـفـەدا بـەرهـەم هـێـنـا بـێـت کـە بـڵـێـیـن ئـەوەتا بەرهەمەکەی) تووشی بووەو بە لەخۆبایی بوونەوە پێی دەنازێت. ئـەویش پۆلێن کـردنـی کـارەکـتـەرەکـانی نێو پرۆسەی رۆشنبیرییە، وەک چۆن هێزێکی سەلەفی هەڵچوون وکەفوکوڵی هەرزەکارانەو نەفەس کورتی پێوە دیارەو، لێوان لێوە لەرق وکینە بەرامبەر چەمک گەلی وەک حیزب و ناسیۆنالیزم‌و... هتد. وای بۆ دەچێت کە ئیدی لەم خاڵەو لـەم وێـسـتـگـە سیاسییەی ئەمرۆ کە کوردی تیادا دەژی، پێویستە حیزب ستۆپێک بکات‌و کارەکتەرە سیاسییەکانی نێوی‌و ئەوانەی ئەمان بە خەسیوو دەستەمۆ کراو ناویان دەبەن، ئاڵای خۆ بەدەستەوەدان بەرز بکەنەوەو، سەری ئەشهەدو بیللاو دۆران بلەقێنن‌و گـۆرەپانەکە بۆ ئەم سوپەرمانانەچۆڵ بکەن. ئەمە لەکاتێکدایە کە تا ئەم چرکە ساتەیشی لەگەڵدا بێت ئەو گوتارە ئەلتەرناتیڤ و چارەسەرێکی ریالیستی-عەقڵانی بۆ نەک تەواوی، بگرە تەنها یەک کێشەو قەیرانێکی کۆمەڵگەی کوردی پێ نییە. لەهەمان کاتدا ئەو راستییە لـەبـیـری خـۆیـان دەبـەنـەوە کـەسیاسەت کایەیەکی رۆشنبیرییەو بەشێکی دانەبراوە لەو دنیایەو هەڵگری جۆرێک لە چەمکگەلی مەعریفیە.

رەنگە تا ئاستێکی زۆر لەگەڵ هەندێ دەستاوێژو ئەو چەمکانەدا بم کە ئەو گوتارەو لەنێوانیاندا قەڵەمە جدییەکانی فرێیان دەدەن (چەمکی فرێدراو بەو مانایەی کە بەرهەمی بیرتیژی‌و باکگراوندی مەعریفی قوڵو روونـاکـبـیـری ئـەو گـوتـارە نـیـن، بـەڵکـو بـەرهـەمـی بـیـرکـردنـەوەی دنیای دەرەوەی کوردو دەرەنجامو دەستکەوتی پێدراوەکانی نێو ئەو کۆمەڵانەو ململانێی سـروشـتـیـیـەکـانـەو، ئـەمیستا ئـەوان کـاوێژی لـەسـەر دەکەن). نمونەی ئەو دەستەواژەی کە حیزبی کوردی پیر بووەو ئیدی توانای نوێبوونەوەی نییە.

راستە حیزبی کوردی کەم تا زۆر لێرەو لەوێ‌و دەرەنجامی کۆمـەڵـێـک فاکتەری خودی‌و بابەتی، حیزبێکە لێوان لێو لەگـەنـدەڵـی‌و بێ ستراتیژیەتی‌و هەناسەی تۆتالیتاری... حـیـزبـێـکـە بـەم دنیـابـیـنـی‌و روانـیـنـە سـەقـەتـەی بۆ هاوکێشەکان هەیەتی‌و، بەم وێناکردنە ناشرینانەی بۆ بەرامبەرەکانی دەیکات‌و، بەکاوێژکردنی لەسەر چەمکی شەرعیەتی شۆرشگێری‌و مامەڵەی نۆستالیژیانە. هـەروەها بەگەمەکردن لـەسـەر ژێی هـەسـت‌و سۆزو جۆش‌و خرۆشی خەڵک لە شوێنکاتی دیاریکراو و خۆ نمایشکردنی وەک نوێنەری رەهای نەتەوەو خەونەکانی و بەخشندەی ئازادی‌و دیموکراسی، چیتر ناتوانی درێژە بە بوون‌و مانەوەی خۆی بدات.. ئەگەر دەروازەیەکی نوێی کـرانـەوەو بـەخـۆداچـوونـەوە بـەسـەر خـۆی‌و تـەواوی ئـۆرگـان‌و کـارەکـتـەرە هـەڵسـوراوەکـانی نـەکـاتـەوەو، پەرگیر بەگەرانەوە بۆ هەندێ دەقی رەها حوکمی ئیماندار یان بـێ ئـیـمـان بـەسـەر خـەڵکدا دەبـەشـێـتـەوە. ئـەم گیروگازەش لەوەدایە کـە سـوپـەرمـانـەکـانی ئـەو دنیایە دێن‌و بەمیزاجی تایبەتی خۆیان شوناسی رۆشنبیرو نا رۆشنبیرەکان دەبەشنەوە، بە چەشنێک ئەو گوتارە سادەگۆو پاشکۆ شوێنکەوتەیە (بەو مانایەی خاوەنی هیچ میـتـۆدێـکـی فـیـکـری‌و مـەعـریـفـی نـیـیـە کـەبـەرهـەمـی بیرکردنەوەی‌و دنیا بینی خۆی بێت)، بێئاگایانە، یان باشتر بڵێین بە خۆنەبانکردن لەئەزموونی دنیای پێشکەوتوو، دەیەوێ حوکمێکی رەهای کوێرانە بەسەر ئەوانی دەرەوەی دنیای بیرکردنەوەی خۆی بدات، رووتنر کارەکتەرو رۆشنبیرانی نێو حیزب.

لەدیدی ئەو گوتارە نا کاملە کە کۆڵەگەو خوێندنەوەی خۆی لەسەر ئەزموونی گەلانی پێشکەوتوو و میتۆدە بەرهەم هاتوەکانی ئەم دنیایە بونیاد ناوەو، تا ئەم چرکەیەش خوێندنەوەیەکی ریالیستی بۆ کەتوارو بوارەکانی ژیانی کوردەواری پێ نییە. لەوەش وێرانتر ئەوەیە کەبە چەواشەکردن وشێواندنی رێرەوی مێژوویی خەباتی رۆشنبیرانی دونیاو، ئەزموونی ئەوان لەدنیای خۆیاندا، خەریکی فرێدانی چەند چەمکو دروشمێکن، وەک ئـەوەی تـەواوی رۆشنبیرانی دونیای مۆدێرن لەدەرەوەی دنیا بینی ئایدۆلۆژی‌و ئینتمای سیاسی تێزو بـۆچـوونـەکـانـیـان بـەرهـەم هـێـنـابـێـت‌و لـەدەرەوەی رێکخستنێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی سەرگەرمی گۆرانکاری کۆمەڵگەکەیان بووبن.

ئەوەتا لەسەر ئەو بنەما چەواشەکارییە، کارەکتەرە رۆشنبیرییەکانی نێو حیزب بەکەسی (خەسیو، دردۆنگ، پاشکۆ، تووتی، پیاوو ئەڵقە لەگوێی دەسەڵات‌و ... هتد) ناوزەد دەکەن، لەهەموویشی وێرانتر هەندێ کۆڵکە نەخوێندەوار کە شارەزای ئەلف‌و بێی فیکرو مەعریفەو دنیای روونـاکـبـیـری نـیـن‌و، تەنها بەزورنای ئەوان‌و وەک لاساییکردنەوە هەڵدەپەرن‌و شوڵیان لێ هەڵکێشاوە، شەلم کوێرم نابوێرم رەواج بەم بازارە دەدەن. ئەوان وای نیشان دەدەن کـە بـۆ خـۆیـان سـۆپـەرمـانـی دنیای رۆشنبیری‌و یەکەم‌و دواییـن فریادڕەسن کە دەتوانن کۆمەڵگەی کوردی لەو قەیرانانەی تێکەوتووە رزگار بکەن، ئەم بانگەشەو هاشو هوشەشیان لەکاتێکدایە کە خـۆیـان لـەسـەرەتـایـی تـریـن‌و سـادەتـریـن ئـەرک‌و بەرپرسیارێتییە مۆراڵییەکان بەرامبەر کۆمەڵگەکەیان دزیوەتەوەو دەدزنەوە.

ئەم گوتارە (چەند قەڵەمێکی جدی لێدەرکە بەپەنجەی دەسـت دەژمـێـردرێـن)، زێدەتر هـەنـاسـە سـواری‌و لەپرۆسەیەکی بوێرو دەرزی ئاژنی رەخنەگرانەی خۆ خوێندنەوەدا جارێکی تر نەگەڕێتەوە نێو هاوکێشەی ململانێکان، ئەستەمە بتوانێت گوزارشت لەبوونی خۆی بکات، چ وەک دەزگایەکی مۆدێرن یان وەک ئامرازی گـەیـاندنـی نـەتـەوە بـەهـیـواو ئـامـانـجـە نیشتمانی-نەتەوەییەکانی.

دڵنیام، بگرە گومانیشم لەوە نییە کەحیزبی کوردی لـەرەخـنـە نـاتـرسـێ. دیارە گـرنـگـی لـە پـرۆسـەی رەخنەگرتنەکەش نییە، بەڵکو لەوەدایە کەحیزب چەند گوێ شل دەکات؟ ئاخر مەترسی ئەم هاوکێشەیەلەوەدایە کەحیزبی کوردی لەبەرامبەر هەموو ئەو رەخنەو سەرنج‌و هەژموون کـردن بـەگـوتـار بـۆ کـۆنـتـرۆڵکـردنـی بیرکردنەوەیان‌و فرێدانی وشەو چەمک‌و، بانگەشەکردن بۆ دەستەبژێری، هیچی لەدیکتاتۆریەتیسیاسییەک کەمتر نییە کەپێی وایە ئەو تاکە نوێنەری خەونە نیشتمانی-نەتەوەییەکان‌و رۆحی نەتەوەیە!

دەمـێـنـێـتـەوە بـڵـێـیـن کـەنـەهـەمـوو کـارەکـتـەرە رۆشنبیرییەکانی نێو دنیای حیزب (ترسنۆک‌و دەستەمۆ وقەڵەم فرۆش‌و خەسیو وکاڵفام‌و بیرکۆڵ)ن، نە هەموو قەڵەمێکی دەرەوەی دنیای حیزب قەڵەمی (بوێرو ئازادو راستگۆ بەرهەمهێنەری فیکرو مەعریفە)ن.■

دەکرێ ئەوە باش بزانین کە ئیدی ئەو رۆژە بەسەرچوو کەسانێک بێن ببنە واعیزی فیکرو تەلقینی خەڵک بدەن.. کوێکردنی هۆشیاری خەڵک بەناوی فیکرو هەژموون کردن بەگوتار بۆ کۆنترۆڵکردنی بیرکردنەوەیان‌و فرێدانی وشەو چەمک‌و، بانگەشە کردن بۆ دەستەبژێری، هیچی لەدیکتاتۆریەتیسیاسییەک کەمتر نییە کەپێی وایە ئەو تاکە نوێنەری خەونە نیشتمانی-نەتەوەییەکان‌و رۆحی نەتەوەیە!

حیزبی کوردی کائینێکی بەپیرۆز کراو نییە، وەک ئەوەی کایەی سیاسی کوردیش ئەوەندە (معصوم)و کامڵ نییەو کارەکتەرە رۆشنبیرییەکانی هەموویان فریشتە نین. هەموو ئەوانەش لەبورجی عاجدا نین‌و لە قوللەی قافدا ناژین تا دەستمان نەیانگاتێ، یاخود تابۆ و بڤە بن‌و نەوێرین‌و زاتی ئەوە نەکەین رەخنەیان لێ بگرین.. بەڵام میکانیزمی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم کایانە چین‌و چۆن‌و بۆ چ‌و بۆ کام شێواز بیاندوێنین‌و خوێندنەوەیان بۆ بکەین؟

laparakan.qxd 19/01/1426 08:20 Page 8

سەبارەت بەسەر کێشی (ئەلبێر کامۆ) on rebellion

من سەر کێشی دەکەم.. کەوابوو هەم (ئەلبێر کامۆ)

وەرگێرانی: هادی موحەمەدی

□ ئەلبێر کامۆ زۆر تر بەبۆنەی رۆمانی (تاعون)و وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵەوە ناسراوە، ئەو ئەگەرچی زۆر دەربەستی لێپرسراوی سیاسی نوسەر بوو، بەڵام بەشۆرش و بەمانای کۆمۆنیستی شۆرش بروای نەبوو، ئەو واتای (سەرهەڵدان) یان (سەرکێشی) لەجیاتی (شۆرش)ی کۆمۆنیستی دادەنا. ئەم هەڵبژاردە کە هەڵگری بیروراکانی ئەوە لەدوو سەرچاوە وەرگیراوە، یەکەم وتار خوێندنەوەی کامۆ لە زانستگای ئۆپسالاو لەساڵی (١٩٥٧)داو دووهەم وتارێکی درێژی فەلسەفی لەژێر ناوی (سەربزێوی، ١٩٥١) بڵاوکراوەتەوە.

-بیرمەندی رۆژهەڵاتی، هەردەم لەپارانەوەی خۆیدا لەخودای دەویست، هێندە لەگەڵیدا دلۆڤان بێت کە لە ژیاندا لەبارودۆخێکی دڵخواز دوور رای بگرێ. بۆئەوەی ئێمە بیرمەند نین یەزدان لەوەها بارودۆخێکدا جێگیری کردووین و لە دۆخێکی دڵخوازدا بەسەر دەبەین. بەڵام ئەمرۆ بارودۆخ مەجبورمان دەکا تێ فکرین، نوسەرانی ئەمرۆ کێشەیان بەباشی هەست کردووە، ئەگەر دەنگ هەڵبرن، دەکەونە بەر رەخنەو هێرشەوە ئەگەر خامۆش و پارێزگار نەبن، بێ دەنگیەکەیان بەهەراو هۆریاوە سەرزەنشت دەکرێ.

- نوسەر ناتوانێ لەنێوان وەها هەراو هۆریایەکدا هیوادار بێت و بەتەنیایی رەنگدانەوەی دیمەنە دڵخوازەکانی خۆی ببینێتەوە. بەدرێژایی مێژوو هەتا ئەمرۆ تەریک کەوتنەوە ئاسان بووە، ئەگەر کەسێک شتێکی قبوڵ نەبوو دەیتوانی بۆ هەمیشە بێ دەنگ بێ یان سەبارەت بەشتێکی تر بنوسێ، بەڵام ئەمرۆ هەموو شتێ گۆرانی بەسەردا هاتووە تەنانەت بێ دەنگیش ئاکامی سامناکی بەدواوەیە، کاتێک کە خۆ بواردن لە هەڵبژاردن خۆی جۆرێک هەڵبژاردنەو دەبێتە هۆی توانج و پلار، یان پێداهەڵوتن، ئیتر لێرەدایە کە هونەرمەند چاری ناچارەو دەبێ تێکۆشانی هەبێ.

- بەدرێژایی سەدو پەنجا ساڵ ئەو نوسەرانەی کە لەگەڵ کۆمەڵی سەوداگەردا پێوەندییان هەبوو (بێجگەلە چەند کەسێکی شان)، پێیان وابوو کە دەتوانن ژیانێکی کامەران و دوور لە لێپرسراوییان هەبێ.

لەراستیدا ئەوانە، لەتەنیاییدا دەژیان و بەتەنیاییش دەمردن. بەڵام ئێمە نوسەرانی چەرخی بیستەم قەت تەنیا نامێنینەوە. لەراستیدا، ئێمە دەبێ قبوڵی جوانی ناتوانی لەخزمەت تاقمێک یان حیزبێک دا بێ. یان ناتوانی لەمەودایەکی درێژ خایەندا باسی ژان و ئازارەکانی مرۆڤ نەکات. هونەرمەندی بەرپرسی راستەقینە، ئەو کەسەیە کەلە بەشداری لەم شۆرشەدا خۆ نابوێرێ و لەحیزب و تاقمەکاندا تێکەڵ نابێ و سەربەخۆ دەمێنێتەوە.

- شۆرشی سەدەی بیستەم (کۆمۆنیزم) پێی وایە دەتوانی لەپوچخوازی بەدوور بێ و بەجێگیر کردنی مێژوو لەجێی خودا بەسەر بزێوی راستەقینە وەفادار بمێنێتەوە، بەڵام لە پراکتیکدا دەبێتە هۆی بەهێزکردنی یەکەم و تێک شکانی دووهەم. مێژوولە شکڵی رەسەنی خۆیدا هیچ بایەخێکی سەربەخۆی بەدواوە نییە.

بەم پێیە مرۆڤ دەبێت لەسەر بنەمای ئەگەرو دەرفەتەکانی سەردەم ژیان بکات، بێ دەنگی یان درۆ، ئاژاوە گێری بەرنامەبۆ دارێژراو یان خامۆشی داسەپێنراو، یان درۆو دەلەسەی رێکو پێک کراو، ئەمانە دەبنە یاسای حاشا هەڵنەگری وەها ژیانێک، بەم بۆنەیەوە تیۆری مێژوویی رەسەن، پوچخوازە، ئەم بیرە بەشێوەیەکی ئاشکرا خەسارە مێژوویەکان قبوڵ دەکات و خۆی دەکەوێتە بەر تەوژمی سەر بزێویەکانەوە...

- لەلایەکی ترەوە ئەگەر سەرکێشی بتوانی فەلسەفەیەک بۆ خۆی بدۆزێتەوە، وەها فەلسەفەیەک دەبێ سنوری دیاری کراوی هەبێ، رەنگە تووشی نەزانی یان زیان و خەسار ببێ. کەسێک کە هەموو شتێ نازانێ، نابێ (مافی نییە) هەموو شتێک لەناو ببات، مرۆڤی سەرکێشی لەمێژوو فەلسەفەیەکی رەهاو (تەواو) ساز ناکات، بەڵکو بەیاری هزری سروشتی خۆی وەها بیرێک رەت دەکاتەوەو دەیروخێنێ، ئەمەش دۆخێکی مێژوویە، مەرگ و بێدادگەری هەموو لە قۆناغێکی مێژوودا سەر هەڵدەدەن، بەڵام ئەگەر ئەمانە بەتەواوی رەت بکەینەوە خودی مێژوویشمان بەتاڵ کردۆتەوە...

- تەماوی نواندنی بیرێک کە ئەمرۆ خۆی بە وەفادار بمێنێتەوە، بەڵام لە پراکتیکدا دەبێتە هۆی بەهێزکردنی یەکەمو تێک شکانی دووهەم. مێژوولە شکڵی رەسەنی خۆیدا هیچ بایەخێکی سەربەخۆی بەدواوە نییە.

بەم پێیە مرۆڤ دەبێت لەسەر بنەمای ئەگەرو دەرفەتەکانی سەردەم ژیان بکات، بێ دەنگی یان درۆ، ئاژاوە گێری بەرنامەبۆ دارێژراو یان خامۆشی داسەپێنراو، یان درۆو دەلەسەی رێکو پێک کراو، ئەمانە دەبنە یاسای حاشا هەڵنەگری وەها ژیانێک، بەم بۆنەیەوە تیۆری مێژوویی رەسەن، پوچخوازە، ئەم بیرە بەشێوەیەکی ئاشکرا خەسارە مێژوویەکان قبوڵ دەکات و خۆی دەکەوێتە بەر تەوژمی سەر بزێویەکانەوە...

- لەلایەکی ترەوە ئەگەر سەرکێشی بتوانی فەلسەفەیەک بۆ خۆی بدۆزێتەوە، وەها فەلسەفەیەک دەبێ سنوری دیاری کراوی هەبێ، رەنگە تووشی نەزانی یان زیان و خەسار ببێ. کەسێک کە هەموو شتێ نازانێ، نابێ (مافی نییە) هەموو شتێک لەناو ببات، مرۆڤی سەرکێشی لەمێژوو فەلسەفەیەکی رەهاو (تەواو) ساز ناکات، بەڵکو بەیاری هزری سروشتی خۆی وەها بیرێک رەت دەکاتەوەو دەیروخێنێ، ئەمەش دۆخێکی مێژوویە، مەرگ و بێدادگەری هەموو لە قۆناغێکی مێژوودا سەر هەڵدەدەن، بەڵام ئەگەر ئەمانە بەتەواوی رەت بکەینەوە خودی مێژوویشمان بەتاڵ کردۆتەوە...

- تەماوی نواندنی بیرێک کە ئەمرۆ خۆی بە بکەین کە ناتوانین لەم چارە رەشیە هاوبەشە خۆ ببوێرین، تاقە رێگەی سەلماندنی بوونمان قسەکردن و بانگەوازە لەپێناو چەوساوەکاندا، ئێمە دەبێ ئەم ئەرکە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لەم سەردەمەدا ئازار دەچێژن بەرێوە ببەین.

قسە کردن لەهەموو شتێک کە جێگەی شانازی بێت لەرابردوو لە داهاتوو لەدەسەڵاتەکان و کۆمەڵگەی ژێر چەپۆکەیان.

هیچ چەوسێنەرێک لەژێر نیگای هونەرمەندا بەساغی دەرناچێت بەم بۆنەیەوەیە کە تا ئەمرۆش مەدەنیەکان، گەیشتن بەو یەکسانیەی کە سەرکێشی موژدەی داوە لە ئەگەرە سەرتر دەچێ و بەئامانج نزیکتر دەبێتەوە.

- شۆرشی چەرخی بیستەم لەدرێژەی دەسەڵاتی چاوچنۆکانەی خۆیدا بەشێوەیەکی دڵخواز دوو واتای جیا نەکراوەی (ئازادی و یەکسانی) لێک جیا کردۆتەوە، ئازادی تەواو یەکسانی پێ شێل دەکات، یەکسانی تەواویش ئازادی کەم دەکاتەوە بۆ گەیشتن بەئاکامێکی دڵخواز دەبێ ئەم دوو واتایە سنورەکان بسرنەوەو تێکەڵ ببن، هیچ مرۆڤێک ئەگەر دۆخێکی داد خوازانەی نەبێت خۆی بە ئازاد نازانێ، ئەگەر ئازادیش نەبێت دۆخەکە بەیەکسان نازانێ...

- بۆ ئاژاوەگێریش دەتوانین لێکدانەوەیەکی لەو چەشنە بخەینە پێش چاو، (سەرکێشی) تەنیا لەگەڵ دەسەڵاتی ئەو رێکخراوانەی کە تۆوی ئاژاوە دەچێنن کوژانەوەی ئاگری شۆرش تەنیا کاتێک پڕ بایەخە کە بەخێرایی پاداشتی ئەم کوژانەوەیە بدرێت. رام کردنی شۆرش تەنیا کاتێک سزادارەکە بەرەو روانگەیەک بچێ کە بەدەرە لەچوارچێوە دیاری کراوەکان.

-.. (رەها گەری) مێژوویی هەرچەند بێ قازانجە، بەڵام کاریگەرە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی هەیەو تا ئەو کاتەش دەسەڵاتی هەبێ ئەو تاقە راستیەی وا دادەنێرە لەناو دەبات، لەکاتێکدا کە (سەرکێشی) نە سزادان و هەڵسورانی دیاری کراو بەرهەم دێنێ هەتالەم راستیە داکۆکی بکاو دەیەوێ بەشێوەیەکی بەرینتر پەرەی پێ بدات... بەم چەشنە شێوازێک لەئەندێشەو کردار لەروبەرێکی نێوەنجیدا بۆ مرۆڤ بە دی دێت کە خۆشی بەمەوە بەستراوەتەوە، هەر لێپرسراویەک کە لەم رادەیە چاوچنۆکتر بێت ناکۆکیەکانی خۆی دەسەلمێنێ.

دیاردەی رەها نەپێی دەگەین، نەبەرزتر لەو شتەیشە کە بە درێژایی مێژوو بەدی هاتووە، سیاسەت لەدین جیاوازە، یان ئەگەر دین بێت بێجگەلە پشکنینی بیرورا شتێکی تر نییە! کۆمەڵ چۆن (رەها گەری) دەناسێنی؟ رەنگە هەموو کەسێک وەکو نوێنەری خەڵکی تر بەدوای رەها گەرییەوە بێت، بەڵام کۆمەڵ و سیاسەت تەنیا بەرپرسی رێکخستنی کاروباری ئینسانەکانن، بەجۆرێک کە هەرکەسێک دەرفەت و ئازادی هەبێ تا بەتەنگ ئەم گەڕانە هاوبەشەوە بێت، بەم بۆنەوە ئیدی مێژوو ناتوانێ وەک دیاردەیەکی جێگەی ستایش خۆی بنوێنێ، بەڵکو تەنیا وەکو دەرفەتێکە کە دەبێ بەشێوەیەکی لەبارو لەرێی سەرکێشیەکی وشیارانەوە هەموار بکرێ.■

سەرچاوە: گۆڤاری فارسی (بایا)، ژمارە (٨-٩)

هیچ مرۆڤێک ئەگەر دۆخێکی داد خوازانەی نەبێت خۆی بە ئازاد نازانێ، ئەگەر ئازادیش نەبێت دۆخەکە بەیەکسان نازانێ

کەسێک کە هەموو شتێ نازانێ، نابێ (مافی نییە) هەموو شتێک لەناو ببات، مرۆڤی سەرکێش لەمێژوو فەلسەفەیەکی رەهاو (تەواو) ساز ناکات، بەڵکو بەیاری هزری سروشتی خۆی وەها بیرێک رەت دەکاتەوەو دەیروخێنێ

رۆشنتر لە خامۆشی

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

□ لەچەندەها کتێبی کۆن و سەرچاوەو نوسینی نوێشدا چەندین ئاماژە بەدی دەکەین پەیوەستن بە چۆنیەتی نوسین و ئەو کاتە تایبەتییانەی کە کەشوهەوای تایبەتی تیا دەرەخسێ بۆ نووسین. نزیکترین نمونە لێمانەوە سەرچاوەی جۆراوجۆری عەرەبیی کۆنەکەپڕە لەباسکردنی ئیلهام کە راستەوخۆ دەیبەستنەوە بە سروتی تایبەتی نوسینەوە. واتە ئەو ساتانەی کەکاری نوسینیان تیا مەیسەر دەبێت بۆ شاعیران و خاڵیکردنەوەی خۆیان.

شاعیرە عەرەبەکان دەمێکە باسی ئەوەیان کردووە لە شەودا یا لەبەرەبەیاندا یا پێش خۆرئاوا بوون شیعریان بۆ هاتووە. واتە زەمەنێکی تایبەتییان بۆ نوسین هەبووە، بەڵام ناوی ئیلهامیان لێناوە کە راوبۆچوونی جیاوازو کۆن و نوێ دەربارەی وتراوە. تەنانەت لای هەندێکیان ئیلهام لکاوە بە ئامادەبوونی جنۆکەوە. ئێمە بۆ سەرچاوە دانامێنین کە تیایدا باسی نوسین و رێکخستنی کراوە، بەتایبەتی شیعر. زەمەنی تایبەتی نوسین زامنی رێکخستنی نوسینیانە. وەک وتمان چەندەها دێری شیعری کۆن و هەواڵی ناو سەرچاوە دێرینەکانمان بەرچاو دەکەون و دەلیلن لەسەر بایەخدانی خاوەنەکانیان بە زەمەنی نوسین. ئەو هەواڵ و بەیتانە پێمان دەڵێن کە شاعیران چاوەروانی هاتنی زەمەنی تایبەتی نوسینی خۆیان کردووە نەک خۆیان زەمەنی نوسین دیاری بکەن و هەوڵ بدەن بیدۆزنەوە، ئەوان چاوەروانی نەک خۆ ئامادەکردنیان، پەسەند کردووە. واتە چاوەروانی ساتە تایبەتیەکانی نوسینیان کردووە کە لە بنەرەتدا لکاون بەئیلهامەوە، یا هەر بۆ خۆیان ئیلهام بوون. ئەم زەمەنە بۆهاتنە یا زەمەنبارینە، کاتێک بوون و هەستی داگیرکردوون دەق بە دوایا هاتووە. ئەم حاڵەتە ئاسمانییە (فوقی) دڵرفێنە بەرامبەر بە ئیلهامەو چۆنیەتی و زەمەنی نوسینی ئەوانمان بۆ دیاری دەکات.

ئەوەی کەپێی دەوترا و ئێستایش هەندێک پێی دەڵێن ئیلهامو شاعیر چاوەروانە لە ساتێکدا بۆی بێت، لەبنەرەتدا ئەوە نییە کە ئەوان بۆی چوون، بەڵکو جۆرێکە لە ئامادەگی شاعیر لەلایەنی دەروونی و شێوازی پێگەیشتن و کاملبوونی کەرەستەکانی نوسین و دەق لەلای. حاڵەتەکە لە مرۆڤی شاعیر خۆیەوە، لەدەروبەرو ئەزموون و بیرییەوە سەرچاوەی گرتووە، نەک وەک ئەوەی شتێکی باریو بێت لە ئاسمان و بەرزاییەوە. لەناو ئەو شاعیرە کۆنانەدا شاعیری وەکو موتەنەبیش هەبووە کە ئەوەندە بەتوانا بووە لە نوسیندا وەک وەستایەک ئامادەبووە. لەدێرێکدا باسی حاڵەتی نوسینی خۆیی و شاعیرانی تر دەکات و بەم مانایە دەڵێت: ئەوان هەمیشە بێدارن و چاوەروانن، بەڵام من ئەنووم و چاوانم لێک دەنێم و دڵنیام لەخۆم. ئەم نەچاوەنواری دەکات و نە بەدوای قافیەدا وێڵە. هەموو زەمەنێک بەهی خۆی دەزانێ بۆ نوسین.

تا ئێستاش، لەلای خۆمان و میللەتانی دەوروبەرمان زۆرینە نوسین بەجۆرێک لەئیلهام دادەنێن، واتە دەبێت چاوەروانی زەمەنی تایبەتی نوسین بین، ئەگینا نایەت بەتایبەتی لەبواری شیعرو چیرۆکدا. دیارە ئێمە لەسەرەوە ناوی رەخساندن و ئامادەگی دەروونی و تۆکمەیی کەرەستەکانمان لێنا. واتە ئەگەر ناوەرۆکی نوسینەکە پڕبوو لەسۆز، ئەوە هەردەخرێتە ژێر سیستمێکی عەقڵانییەوە.

ئەمەی کەپێی دەوترێ ئیلهام رامانەدکێشێ بۆ گرفتێکی تری نوسین لەلای نوسەرانی کورد بەگشتی. کەوتراوەو دەوترێ ئیلهام بەپێی پێناسە کۆنەکەی یەکسەر ئەوەمان بە مێشکدا دێت کە زەمەنێکی دیاریکراوو تایبەتی بۆ نووسین هەیە، چاوەروانی دەکرێ، کە نەیەت نوسینەکەش نایەت. واتە ئێمە لەلایەن خۆمانەوە (وەک نوسەر) خشتەیەکی زەمەنیمان نییە بۆ نوسین، کەی هات وکەی بۆمان کرا ئەوە دەستی دەدەینێ و کاتێکیش کە نەهات ئەوە پشتی تێدەکەین و پاڵی لێ دەدەینەوە. ئەگەر قەناعەتیشمان بەزاراوەی ئیلهام نەبێت ئەوە هەر لەژێر سایەو دەسەڵاتیا ژیاوین.. ئێمە جگەلە مەسەلەی ئیلهامەکەیش کەشوهەواو بارودۆخێکی باشمان لەرووی مادی و ژیان و وەزیفەوە بۆ نەرەخساوە تا خۆمان وەک دەست بەتاڵێک بۆ نوسین، بەبەرنامەوە تاقی بکەینەوە. من بۆ خۆم بێجگەلەو هۆیانە سیستمێکی کاتیی و خشتەیەکی رێکوپێکم نییە بۆ نوسین، ئەمرۆ دەنوسم، دوو هەفتە نانوسم، هەفتەیەک دەنوسم، چوار هەفتە نانوسم.

من لەلایەکەوە چڵێسیم بۆ خوێندنەوە ئەم حاڵەتەی لا دروست کردوم. ئەوەندەی دەخوێنمەوە ئەوەندە نانوسم. نوسەری رۆژئاوا بۆی رەخساوە خشتەیەکی رێکوپێکی هەبێت بۆ نوسین. بیرمە یەکێک لەنوسەرەکانیان لەیاداشتیا نوسیبووی دڵگرانم چونکە دوێنێ نەمتوانی بنوسم. ئاخۆ کەی بێت ئێمە ئەو دەسەڵاتی ئیلهامە بشکێنین و بەرەو سیستمێکی زەمەنی برۆین بۆ نووسین؟ بەڵام بۆ نوسین نەک بۆ رەشکردنەوە!■

ئەمە ناو دەنێن چی؟!

کاوە حاجی عەزیز

□ لەم رۆژانەدا وەک نەریتی هەموو رۆژێکم سەردانی کتێبخانەی سلێمانیم کرد، کەمێک سەیری رۆژنامەکانم کرد، ئەو رۆژە وەک رۆژانی تر نەبوون پەیتا پەیتا گەنج دەهاتن و لەدیوانەکەی رەنج سەنگاویان دەپرسی منیش پێم سەیر بوو کەئاوا پرسیاری لێ دەکەن، چەندێک بەلامەوە خۆش بوو کەخەڵکی کتێب دەخوێننەوە ئەوەندەش پێی نیگەران بووم.. لەپڕ یەک دوو رۆژنامە فرۆشی دەستگێڕ خۆیان کرد بەژووردا و بەدەنگی بەرز وتیان: کاک جوتیار ئەوا هات بەڕاستی شپرزەییەکم بەکتێبخانەکەوە بینی منیش بەواجبی خۆم زانی، لەهێنانە ژوورەوەی دیوانەکەی سەنگاویدا یارمەتی کاک جوتیار بدەم. مەپرسن چۆن چۆنی گەنجان دەهاتن و دیوانەکەیان دەکڕی بەڕاستی گەلێک سەرسام بووم، تۆ بڵێی رەنج ئەو شاعیرە بێت ئاوا بخوێنرێتەوەو ئەفراندنێکی نوێی کردبێ و خەڵکی بەتایبەتی گەنجان ئاوا عەودالی بن! هەموو پێوەرێکی شیعریم بۆ ئەو دیوانە خستە لاوەو کەوتمە ئەو خەیاڵەی کە لەسایەی راگەیاندنی کوردیدا کەسانێک هەن پێ دەگەن و دەکەونە روو بگرە هەمیشە لەبەرچاون، بەڵام گۆڕەپانی ئەدەبی بەتایبەتی شیعر هێند بەلاو قورس و گرانەکەم کەس هەیە لەو مەیدانەدا مابێتەوە، نمونە زۆرە، هەر لەنالی مەزن و گۆرانی زیندوو شێرکۆی لوتکە دا سەیر بکەین چەندین بەناو شاعیر لەگەڵ رەوتەکەدا هاتوون، بەڵام کێیان بەداهێنانەوە ماونەتەوەو دەریالوشی نەدابن! دیارە رەنج سەنگاوی بۆ خۆی لەتەلەفزیۆندا زۆر دەرکەوتووەو لەو چاوپێکەوتنانەیدا کەلەگەڵ لێپرسراو و دەسەڵاتدارانی کوردستان سازی داوە زۆر بەگەرمی بەرگری لەگەنجان دەکات و خۆشی یەکێکە لەو لاوانەی بەباشی لەخەمی گەنجاندایەو رێک لەتەوەری حەساسی ناسکی گەنجان شارەزایەو هەرئەو شارەزایانەشی لەنوسینەکانیدا بەکارهێناوە، نەک حسی شیعری، جگە لەوەش زۆر بەباشی ئاگامان لەبێ خەمی گەنجان هەیە کەزۆر بەکەمی دەخوێننەوەو زۆریشیان جیاوازی رۆژنامەو گۆڤار ناکەن! ئیدی قوڕ بەسەر شیعرو میعر!! کەئاوا بەو دەردە دەچێت!.

بیرم لەکاتی ئەو قۆناغەی خۆم دەکردەوە کەیەک دوو لەم نوسەرە پیرانەی ئێستا بۆ ئەوسای ئێمە دەهاتن چیرۆکی ناو فیلمی هیندیان بارگاوی دەکرد بەسێکس و ئێمەش بەعەشقەوە دەمانخوێندەوە! کەچی رۆژگار هات و رۆیشت کەلەئەرکی ئەدەب گەیشتین زانیمان ئەوە نین! و خوا هەڵناگرێ خۆشیان نەبوون بەناوێکی ئەدەبی باش و لەجێی خۆیاندا سرۆکپ بوون.

بەڵام ناوی چەند کەسێک کەئێمەی ئەو وەختە حەزمان پێی نەبوو بگرە لێی تێنەدەگەیشتین وەک خۆیان بەگەشی ماونەتەوەو بەرهەمەکانیشیان وەک شاکار ئەژمار دەکرێت، هەربۆیە کەوتمە خەمی ئەوکتێبە باشانەی ناو کتێبخانەی سلێمانی، کەتۆز لەسەریان نیشتووەو کەس ئەحواڵیان ناپرسێ کەچی بەدوای ئەو کتێبەوەن کەنوسەرەکەی لەپێشەکیەکەیدا لەڕووی ئەدەبییەوە بێ بەهای کردووە!!.■

laparakan.qxd 19/01/1426 08:20 ª Page 9

ئیسلامی سیاسی لەقۆناغی "دیالۆگ" دا

(لەپەراوێزی گەیشتننی نامەیەکی کراوەدا بۆ کاک مەلابەختیار)

بابەکر دڕەیی

□ هەرچەند کاک مەلابەختیار بەشێوازێکی زۆر تۆکمەو جوان وەڵامی ئەو "نامەکراوە" یەی نوسیەوە کە لەژمارە(١٥)ی چاودێردا بڵاوکرا بۆوە، بەڵام لەوەدا کە ئەو نامە "سەرکراوە" ی کاک ئارام روخۆش یەخەی بە سەرجەم دیموکراتخوازو سیکولاریستەکان دەگرت و چەند خاڵێکی گرنگی دەربارەی ئیسلام و بەعس وروژاندبون، لام باش بوو منیش بچمە ناو ئەو باسەوەو پێموایە دریژەدان بەم گفتوگۆیانە لەسەر ڕوپەری ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان سەدان جار باشترو بەسودترە لەوەی کەس و لایەنە دژە عەلمانیەکان سەری خۆیان و ئیمەش بەشتی ترەوە قاڵ بکەن و لەخەیاڵی ئەوەدابن دەگەنە ئەنجامێک. وەڵامدانەوەی بۆچون و دیدگای ئیسلامی ئوسوڵی(بنچینەوان) لەمەڕ مەسەلەکانی سیاسەت و مێژوو، ئەو هەلەش دەڕەخسێنێ کە هەم خودی ئیسلامیە رادیکالەکان لەئەندازەی "لۆجیک" بون و قوڵی ئایدیۆلۆژیەکەیان حاڵی ببن و بەچاوێکی کراوەتر لەمێژووی ئیسلام و مرۆڤ بڕوانن، هەم باڵی سیکولارو "رەخنە لێگیراو" کە دەکەونە بەر خەنجەری رەخنەی ئەوان، تێبگەن بەڕاستی دنیا چ باسەو پێویستە چی بکریت تاکۆمەڵگە هەرچی ئارام ترو همێنتر بەرەو پێشکەوتن و عەدالەت هەنگاوبنێت.

هەڵبەت ئەم جۆرە قسانە تەنها لە کاتێکدا ڕاستن کە "دیالۆگ" لەئارادابێت، واتە بەوجۆرە بێت کە "ئارام روخۆش؟" نامەی نوسیوە (هەرچەندە رەق و نازانستی و نالۆجیکی)و کاک مەلابەختیاریش وەڵامی بۆ نوسیوەتەوە و لە بڵاوکراوەکەی خویدا بڵاوی کردۆتەوە. خۆ ئەگەر "دیالوگ" لەکایەدا نەمێنێ و "مۆنۆلوگ" زاڵ و دەسەڵاتدارێت، واتە لایەک بیەوێت بەپشتیوانی ئاین و سوننەت و مێژووی ئیسلام یاخود لەپەنای خۆقایمکردن بە بناغەکانی سیکولاریزم و دیموکراسیەت خوازیاری ئەوەبیت هەرچی ئەو رایگەیاند خەڵکی تر بڵێن "اشهدبالله" و یەک لایەنە خۆی موددەعی و قازی بێت، ئەوا ئاشکرایە کە تەرازوی عەدل وەردەگەڕێ و کێشەکان و گرفتەکان پێوسیتیان بە قسەوباسی تر دەبێت.

هەرچی چۆنێک بێت ئێستا بواریک هاتۆتە ئاراوە بۆ "دیالۆگ"، ئەم بوارەش بەهۆی کەسێکی سەر بە ئیسلامی سیاسییەوە پەیدا بوەو چاکترە ئیمەش بە بەڵگەو سەلماندن بۆچونەکانمان بڵێین. بەڵام لە سەرەتاوە داوا لە خوینەری هێژا دەکەم هەردوو بابەتی "نامەی سەرکراوە بۆ مەلابەختیار" و "کورتە وەڵامێکی نامەی سەرکراوە" لەژمارە (١٥)ی "چاودێر"دا تەماشا بکات تا پیشینەی گفتوگۆکانی لەبەرچاو بێت و وا نەزانێت ئیمە لەخۆڕا قسەی نەوتراو بۆ ئارام ڕوخۆش هەڵدەبەستین.

(١)

بەعس وئیسلام: دۆستایەتی یان خزمایەتی؟

ئارام لەوە ناڕازییە کە مەلابەختیار ڕای وایە حکومەتی بەعس ڕژێمێکی درێژەدەربوە بۆ ڕژێمی ئیسلامی و لە دیمانەکەی د.ئەلبیرت عیسادا وتویە "ئەگەر ئیمە سەرنجێکی مێژووی ئیسلام بدەین هەرلە خەلافەتی ئەمەوی و عەباسی یەوە تا دوای ئەوانیش، جگە لە پیاوکوشتن و وێرانکاری چی یان پێ بووە؟"

سەرەتا دەبێ بڵێم: من پارێزەری مەلا بەختیار نیم ونامەوێت داکۆکی ناهەقی لێ بکەم. پێشینەی سیاسی کاک مەلا بەختیار لەسەر کوێرە ڕێیان نەکەوتوە تا کەسێکی وەک من بێت و بەرگری لێبکات. لەو ڕوەوە ئەو زۆر چاکتر لەهەرکەسێک دەتوانێ "شەڕ"ەکانی خۆی بکات. ئەوەی لێرەدا مەبەستەوکرۆکی مەسەلەیە ئەوەیە ساغ ببێتەوە داخۆ حکومەتی بەعس حکومەتێکی عەلمانی بوە یاخود ئیسلامی. باقی مەسەلەکان لە شوینی خۆیدا دێینە سەریان و بەکورتی شرۆڤەیان دەکەین.

بەرای من حکومەتی بەعس و سیستمی دەسەڵات لەسەردەمی سەدام حسین دا، بەتەواوی واتای وشە، حکومەتێکی فاشستی بووە میکانیزمی هەڵسوڕانی دەسەڵاتی سیاسی لە بنچینەوە لەسەر کۆڵەکەی ناسیۆنالیزمی توندڕەو بنیات نرابو کە بەناچار ئیلهامی لە ئاینی ئیسلامەوە وەردەگرت، چونکە خودی ئاینی ئیسلام، وەک دواتر روونی دەکەینەوە، ملک و بناغەی نەتەوەپەرستی بەعسی پێکدەهێناو کانیاوێکی دەوڵەمەندو بەلرفەی بۆ دیماگۆگەکانی بەعس تەقاندبۆوە کە لە هیچ حاڵێکدا، بە حوکمی جوگرافیا و مێژوو، قابیلی پشتگوێ خستن نەبوو.

وتنی ئەم ڕاستیە "حکومەتی بەعس درێژەدەری ڕژێمی ئیسلامی بوە" لەلایەن مەلابەختیارەوە مسقاڵێک لەو حەقیقەتە ناگورێت، چونکە لە پراتیک دا بەعس، جگە لە ڕاگەیاندنی ئیسلام وەک "روحی عروبە"، تێکەڵپیکەڵێکی تەواوی لەسەرجەم ئایدیۆلۆژیەکان خەملاندو بووە سترەکتوری بەعسیش جگە لەو ئاوێتەکردنەی دیدگا جیاوازەکان لەپیناوی دەسەڵاتدا ناتوانێ شتێکی تربێت. کاتێک ئیمە سەیری خەسڵەتەکانی حکومەتی فاشستی و توتالیتاری دەکەین، دەبینین سەرجەم ئەو خەسڵەتانە لەبەعسدا هەبوون و بێکەموزیاد پێرەڕی لێکردوون، جگە لەوەش، بەهەردو باری تیوری و پراتیک دا، ناگونجێت ئیمە حکومەتەکان بەو پێوانەوە بپێوین کەخۆیان ئیدیعای دەکەن. ئەگەر بەو حسابە بوایە، واتە بەو پێیە بێت کە ئارام روخۆش دەیەوێ بیسەپێنی و دەڵێ چونکە حکومەتی بەعس ناوی "حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکیە" کەواتە: حزبی بەعس ناسیونالیست و سوشیالیستە...ئنجا دەپرسی: "ئەمە چ فرێکی بەسەر ئیسلامەوە هەیە؟"، ئەوا دەبوایە حکومەتی نازی ئەڵمانی بە "نەتەوەیی" و سۆڤیەتی کۆن بە "سۆشیالست" و ئەفغانستانی تاڵیبان بە "ئیسلامی" لەقەڵەمبدەین. لەکاتێکدا هەروەک چۆن هیچ کەس بەناوهێنانی "خوا" نابێت بەحاجی، بەهەمان شێوەش ناکرێ ئیدیعاکانی دەوڵەتێک یان حزبێک یان تەنانەت تاقەکەسێکیش سەبارەت بەخۆی مۆری پەسەندکردن و قبوڵی لێ بدرێت.

ئاڵای حکومەتی بەعس کەتائێستاش لەعیراقدا کاری پێدەکرێت لەناوەراستیدا "اللەأکبر"ی تێدانوسراوە. ئایەهەبونی ئەم "اللەأکبر"ە لەخۆرایی هاتووە؟ ئەگەر حکومەتی بەعس سۆشیالست بوو(وەک ئارام وتویە) بۆچی دروشمی "اللەأکبر"ی لەسەر ئاڵاکەی دانابوو؟ جگەلەوەش، ئارام دەزانێت کەزیاتر لە١٨٠هەزارکەس لەخەڵکی کوردستان لەڕێگای بەرزکردنەوەی دروشمی "انفال" کەسورەتێکی قورئانیە کۆمەڵکوژکران و ئاسەواریان نەما. ئایە دەشی ئیمە وابزانین بەعس روانگەو ئەخلاقی ئیسلامی جیبەجێکردووە!

وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، حکومەتی فاشیستی بەعس هەوڵی ئەدا سەرجەم ئایدیۆلۆژیەکان لە بۆتەی ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا بتوێنێتەوەو ئەم ڕاستیانەش بەشێوەیەکی زۆر روون لەفەسڵی پێنجەمی کتێبی "خویندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی" دکتۆر ئەلبێرت عیسادا شیکراونەتەوە. دکتۆر ئەلبێرت لەزمانی (حەننا بەتاتۆ) وە نوسیویەتی:

"بیرۆکەی عەفلەق لەتێکەڵی ئەم چوارچێوە ئایدۆلۆژیانەی خوارەوە پێکهاتوە: ناسیۆنالیزمی مرۆیی، هەندێ لایەنی تاکگەرایی ڕۆشنگەرەکان، دیموکراتی یەعقوبی یەکان، ئیدیالیزەکردنی گەنج لەروانگەی مەتزینیەوە، .. لەگەڵ بەشێکی زۆر لەروحیانەتی دینی و تەماشایەکی ناسیۆنالیستانە بۆئیسلام " (بەشی پێنجەم)ی کتێبی: خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی)ل ٢٥٣

بەڵام هەڵوێستی عەفلەقی بەعسی سەبارەت بە ئیسلام لە دەرەوەی ئەو "تێکەڵە"یەشدا واتاو ناوەڕۆکیکی تایبەتتری هەیە، هەڵوێستێک کە دەشێ وەک بنج و بناغەی گەشەسەندنی درەختی بەعس لە سەر خاکی ئیسلام تەماشای بکرێت. لە کتێبی "فی سبیل البعث"دا عەفلەق لە بنی مەنجەلەکەی داوە:

"ئەندێشەی روتی ناسیۆنالیستی خۆرئاوا، لۆجیکیە لەو ڕووەوە کە ناسیۆنالیزم لە ئاین جیادەکاتەوە ، ئاین لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە گەیشتۆتە ئەورووپاو لەو سۆنگەیەوە دەرهەق بە مێژووی ئەورووپا بە توخمیکی دەرەکی حساب دەکری... بەڵام ئیسلام بۆ عەرەب تەنیا باوەریک نییە بە ڕۆژی قیامەت. بریتیش نییە لە ئەخلاقێکی رووت. بەڵکو بەرزترین بەرجەستەبوونی هەستەکانی جیهانبینی و تیروانینە بۆ ژیان، بەهیزترین بەرجەستەبوونی یەکبوونی کاملە لە کەسایەتی عەرەب کە لەویدا دەربڕین لەگەڵ هەست و ئەندیشەدا تێکدەئاڵێ و بیر لەگەڵ کارو "خود" لەگەڵ چارەنوسدا ئاوێتە دەبێ. ئیسلام درەخشانترین وینەی زمان و ئەدەبی عەرەبیە، مەزنترین بەشی مێژووی نەتەوەییانە.... پەیوەندی ئیسلام لەگەڵ عەرەب وەک پەیوەندی ئاینەکانی تر نییە لەگەڵ میللەتانا" (مەکییە:کۆماری تۆقاندن)(١)

کەواتە سەرکردەکانی بەعس لەوە بەئاگابوون کە لە پێناوی مانەوەو دەسەڵاتدا، کەڵک لەئیسلام وەربگرن و وەک بەهیزترین چەکی پروپاگەندە هەڵی بسوڕێنن.

وتنی ئەوەی: بەعس ڕژێمێکی "ناسیۆنالیست" بووە هەربەو ئەندازەیە ڕاستە بڵێین بەعس ڕژێمێکی "ئیسلامی" خالیس بووە. چونکە لەواقیعدا بەعس ئاوێتەیەک بوو لە دوو ئایدۆلۆژیای سەرەکی کەهەردوکیان لەخزمەت "دەسەڵاتی سیاسی"دا واتایان ئەدا بەدەستەوە. بەعس ئیدیعای ناسیۆنالیزمی ئەکرد بەڵام ئەگەر کەسێک بەڕاستی داکۆکی لەبەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی عەرەب بکردایە حەتمەن سەری بەبڕین ئەدا، بەعس ئاڵای ئیسلامی بەرزئەکردەوەو ئیلهامی روحی لێ وەردەگرت، بەڵام ئەگەر گومانی ببردایە مەلایەکی شیعە یان سوننە لەناو خەڵکدا ڕێزی هەیەو ملکەچ و ئەندامی بەعس نییە ئەوا بە "کن فیکون"ێک لەناوئەبرا.

هات وهاواری بەعس سەبارەت بەدیموکراسیەت و عەلمانیەت و ئازادی گوێی ئاسمانی کەڕکردبو، بەڵام دەیان کەس لە کۆمیتەی هەرێمایەتی و سەرکردایەتی بەعس و هاوڕێ کۆنەکانی سەدام، لەسەر بچوکترین نارەزایەتی لەناومەنجەڵی ئەسیددا توانەوەو هەزاران تێکۆشەری کوردو عەرەب و تورکمان و ئاشوری، لەسەر کەمترین خواست و جوڵەی دیموکراتیک فەوتێنران.

بەم شێوەیە روندەبێتەوەکە ئاوێتەکردنی ناسیۆنالیزمو ئیسلامیزم یەکێک لەخەسڵەتە هەرە سەرەکیەکانی حکومەتی بەعس لەعیراقدا پێکدەهێنی و بناغەی ئەو دەزگا توتالیتارە لێک دەداتەوە کە بۆماوەی زیاتر لە٣٥ساڵ درێژەی کێشا.

هەڵبەت دەکرێ چەمکەکانی "حکومەتی فاشستی" و "سیستمی سیکۆلار" (عەلمانی) بۆ بەرچاوروونی زیاتریان قسە لەسەر بکرێ و لێکبدرێنەوە، لانیکەم تا بتوانرێ "دیالۆگ"ی نێوان سیکۆلاریستە واقیعیەکان و ئیسلامیە راستینەکان دەوڵەمەندتربێ.

باسەرەتاڵە "حکومەتی فاشستی" یەوە دەست پێ بکەین کەبەندە پێی وایە بەعس سەرجەم خەسڵەت و سیماکانی هەڵگرتون.

موسولینی دەڵێ: "ئێمەی فاشیست خاوەنی دیدگایەکی ڕێکوپێک نین، چونکە دیدگای ئێمە بریتیە لەکردەوە" (٢) بەعسیش بەهەمان شێوەی حزبەکەی موسولینی، جگە لە ئاینی ئیسلام، خۆی لەدیدگاو ئایدیۆلۆژیەکانی تر بە بەرزتر دەبینی و پێی وابو تێروانین و پرەنسیپ بەهەر مەعنایەک (چ لیبرالی و دیموکراسی یاخود سۆسیالیستی) دەستو قاچی دەبەستێ و ناچاری دەکات لەجوغزێکی دیاریکراودا چالاکی بنوێنێ و ناهێڵێ "کردەوە"ی بەدەر لەئوسوڵو بەرنامە پراکتیزە بکات، ئەوەش لەگەڵ عەنتەریاتی توتالیتاری و فاشیستی دا نەدەگونجاو لەحاڵێکی وادا باشترین ڕێچکە بۆهەڵاتن لە "یەک "پڕەنسیپی دیاریکراو، ئاوێتەکردن و تێکهەڵشێلانی ژمارەیەک لە باوەرە کۆن و تازەکانی مرۆڤ بووبۆ سەرلێ شێواندن لە ئینسانەکان، وە تاقیکردنەوەی ئەم باوەرە خومالێی و دەرەکیانە بو وەک دەرمانێکی سڕکەری بەهێزو کاریگەر لەسەر خەڵک.

هیتلەر ڕای خۆی لەم بارەیەوە چاکتر دەربڕیوە: "ماکی بەرنامەی ناسیۆنال سوشیالیزم بریتیە لەکۆتاییهێنان بەچەمکەکانی تاکگەرایی لیبرالی و مرۆڤگەرایی مارکسیستی و پرکردنەوەی شوێنی ئەوانە بە "کۆمەڵگایەکی خەڵکی" کە ڕەگی لەخاکدا بێت و یەکبونیشی لەسەر بناغەی هاوخوێنی بێت"(٣)

ئارام ڕووخۆش دەیەوێت دەوڵەتی سیکۆلار کە ئیمە داکۆکی لێدەکەین وەک حکومەتەکانی سەدامو هیتلەرو موسولینی بەخوێنەر بفرۆشێ و بەلیستەکردنی لایەنە "باش" و "خراپ"ەکانی چەند نمونەیەکی مێژوویی و باسکردنیان بەنائەمینی، ئەم بیرۆکەیە لای خوینەری نەشارەزا بخەملێنێ: هەروەک چۆن ئەونمونانە خاوەنی لایەنی باش و خراپیان هەبوە (بەشیکردنەوەی خۆی)ئەوا حکومەتە ئیسلامیەکانی سەردەمی ئەمەوی و عەباسیش هەڵگری خێروچاکەبوون، . . ئەم هەوڵەش تەنها بۆئەوەیە بڵێ "سیکۆلاریزم لەحکومەتی سەدامدا بەرجەستە بووەو ئیسلام لە بەعس بێبەریە"...

لەکاتێکدا ئەگەر ئارام لەم وتەیەی خوارەوەی موسولینی وردبێتەوە، بەبەڵگەی حاشاهەڵنەگر بۆی ساغ دەبێتەوە تاچ ڕادەیەک نەریتی فاشیزم لەگەڵ نەریتی دیموکراسی و پلورالیزمدا ناکوکە، ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوحەقیقەتە هەرە بناغەییەی کە "سیکۆلاریزم" لەسەرکۆڵەکەی دیموکراسی وئازادی تاک بنیاتنراوە.

دەقی قسەکەی موسولینی بەم جۆرەیە: "ئەگەر دیموکراتەکانی جیهان دەیانەوێ بزانن بەرنامەی ئێمە چیە، پێیان بڵێین کەبەرنامەی ئێمە وردوخاشکردنی ئێسقانی دیموکراتەکانی جیهانە" (٤)

ئێستا، پێش ئەوەی دوایین قسەمان سەبارەت بە "سیکۆلاریزم" بەکاک ئارام روخۆش بڵێین، ئەو خەسڵەتانەی بەلای "ڕینهاردکۆنل"ی ئەڵمانیەوە سیستمی فاشیستی دەناسێنن و دەبنە جیاکەرەوەی لە چەشنەکانی تری ڕژێمە سیاسیەکان باس دەکەین، لەهەمان کاتدا هەقمانە لەم برایە بپرسین بەچ لۆجیکێک دەیەوێت حکومەتی سەدام بە "سیکۆلار" لەقەلەم بدات کاتێک سەرجەم ئەوخەسڵەتانەی کۆنێل لە ١٩٧١دا دیاری کردون(وەک لەخوارەوە دەبینین) دەقاودەق لەحیزب و حکومەتەکەی بەعس و سەدام دا ڕەنگیان دابووەوە؟

کۆنێل نوسیویە:

"لەئایدۆلۆژی فاشیزمدا شەش جومگەی سەرەکیی هەن کە هەریەکەیان خاوەنی میکانیزمیکی بەوردی دیاریکراوە. بۆحاڵیبون لەتایبەتمەندی و ئەندازەی کاریگەری ئایدۆلۆژی فاشیزم، دەبێ ئەم شەش توخمە لەپەیوەند لەگەڵ یەکدا سەرنج بدرێن و شرۆڤە بکرێن:

١-ئایدیۆلۆژی "تاقە میللەت"، وە لەپەیوەند لەگەڵ ئەودا ناسیۆنالیزم،

٢-ئایدیۆلۆژی "دەسەڵات" کە سەرەنجام دەگاتە پرەنسیپی "سەرۆک"،

٣-ئایدیۆلۆژی پاراستنی مولکایەتی تایبەتی کە لەسەربناغەیەکی ئەنتی کۆمونیستی دارێژراوە،

٤-هەندێک لەتوخمەکانی دژە سەرمایەداری کە ئاراستەی سەرمایەی گەورەن، بەڵام لەواقیعدا بەهۆی هەندێ توخمی تری ئایدیۆلۆژی فاشیزمەوە (بەتایبەت ئایدیۆلۆژی ملکایەتی تایبەتی) لەباری سیاسیەوە بەتەواوی هەموار دەکرێنەوە،

٥-فەلسەفەی "قۆچی قوربانی"کە هەمیشە پاساوێکی قابیلی قبوڵ بۆ سەرجەم گرفتەکانی دنیا پەیدا ئەکات و، بابەتی وا دەداتە دەست خەڵک کە خەفەت و زوخاوەکانیان بێ کەمترین مەترسی لەسەری قوربانیەکاندا بەتاڵ بکەنەوە(بۆ نمونە کوشتنی جوەکان و قەرەجەکان لەئەڵمانیای هیتلەری دا ب.د)،

٦-عەسکەرتاریەت کە جەماوەری خەڵک لەباری ئایدۆلۆژیەوە ئامادەی شەڕ ئەکات." (٥)

ڕەنگە پێویست نەکات دوای گواستنەوەی ئەوفاکتەرە تیۆری و مێژوویی یەی سەرەوە زیاتر درێژەی بدەینێ.



هێندە بەسە بۆ قەناعەت پێهێنانی ئارام روخۆش بڵێین: گەر ئەو پێی وایە بەعس حکومەتێکی سیکۆلار بووە (بێگومان ئارام لەهەمان کاتدا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان یش بە سیکۆلار دەزانی و ئەمەی لەنامەکەیدا ڕاگەیاندوە)، هەروەک لەپەرەگرافی دووەمی نامەکەیدا ئاماژەی پێکردووە، ئەوا بەهەڵەداچوە، چونکە هەروەک چۆن حکومەتی فاشستی پێناسەی تایبەت بەخۆی هەیە، حکومەت و سیستمی سیکۆلاریش هەڵگری ناسنامەی تایبەتەو داوای لێ دەکەین لەگەڵ ئێمەدا سەرنجێک لەم پێناسەیەی "قاموسی ئۆکسفۆردی سیاسی" بدات تا لەمەودوا بەوێژدانێکی خاوێنترەوە بڕیارەکانی دەربکات.

"سیکۆلاراندن: جیاکردنەوەی دەوڵەت یاخود هەر دەسەڵاتێکی تر لەدامەزراوە ئاینیەکان"(٦)

خۆش ئەوەیە قاموسی ناوبراو نەک حکومەتی بەعس بە سیکۆلار نازانێ و دوای ڕێچکەی بریاردانی ئارام روخۆش ناکەوێ لەوەدا کە هەرحکومەتێک ئیدیعای هەڵگرتنی دروشمێکی کرد پاساوی بۆبدات، بەڵکو تەنانەت حکومەتی بەریتانیای مەزنیش لەریزی حکومەتە سیکۆلارەکاندا حیساب ناکات! قاموسی ناوبراوەدەنوسێ:

"لەمەلەکەتی یەکگرتودا سیکۆلاریزم کامڵ نییە. لەئینگلستان کڵێسای ئینگلستان دامەزراوەو هەندێک لەئەسقەفەکانی لەئەنجومەنی لۆردەکاندا جێیان گرتووە، بڕیارە ناوخۆیەکانی لەلایەن پەرلەمانەوە پیاچونەوەیان لەسەردەکرێ و، داهاتی ماڵی کڵێسایش لەلایەن دەستەی سەرپەرشتیاری کڵێساوە بەڕێوە دەبرێت کە سەرەک وەزیرانیش تێیدا ئەندامە، مەلیکە سەرۆکی کڵێسای ئینگلیستانەو. ."(٧)

"دیالۆگ"ی ئارام روخۆش بۆ دانانی حکومەتی بەعس بە سیکۆلارو داکۆکیکردن لەفەسادی ڕێبەرە سیاسی و ئاینیەکانی رابوردوی خەلافەتی ئیسلام و لکاندنی ناسنامەی بەعس بەحیزبە سیکۆلارەکانی کوردستانەوە بەپێی ئەم هاوکێشەیە:

حیزبی بەعس = سیکۆلار

یەکێتی نیشتیمانی = سیکۆلار

کەواتە یەکیتی نیشتیمانی = حیزبی بەعس!

دەریدەخات کە پشتگویخستنی ئەم جۆرە "دیالۆگ"ە لەبنچینەوە زیاتر لەبەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵکدایە چونکە نەک هیچ چەمک و شیکردنەوەیەکی نوێ ناهێنێتە ئاراوەو گفتوگۆیەکی دەوڵەمەند ناخوڵقێنێ، بەڵکو ئاستی متمانەو ڕێزلێنانی ئەدەبیش بەرەوکەمتر ئەبات، هۆکاری سەرەکی ئەوەش لەوەدایە کە لایەنێک بڕیاری داوە لەبناغەوە هەرچی سەنگەری بەرامبەری بڕوای پێی هەبێ "تیرۆر"ی بکات و ڕەتی بکاتەوەو بەئیلحادی بزانێ.

(٢)

"دیالۆگ" لەسەر ڕیتمی فەلوجە!

ئارام نوسیویەتی "ئەگەر بەعس حیزبێکی عەلمانی سۆشیالست نەبوایە شیوعیەکان لەگەڵیا نەئەچونە ناو بەرەوە"

هەروەها دەڵێ "هەموان عەلمانی بوونی یەکێتی دەزانن". لێکدانەوەی چەوتی ئارام سەبارەت بەعەلمانی بوونی بەعس و یەکێتی بەرەو هەڵدێرێکی تری ئەبات کەبریتیە لەپێکگرتنی سیفاتی خەلیفەکانی ئەمەوی و عەباسی لەگەڵ ڕەفتاری سەرکردەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دا. نوسیویە "هەندێ لەوسیفەتانەی خەلیفەکانی ئەمەوی و عەباسی لەیەکێتی نیشتمانیدا هەیە . . . چونکە لەوکاتەوەی یەکێتی یەکیتیە تەنیا جەنابی مام جەلال سکرتێری گشتی یەتی کە ئەویش یەکێکە لەسیفەتی خەلیفەکانی ئەمەوی و عەباسی" کەلەپورو کلتوری کەسانێک خۆیان لەناخی دڵدا بروایان بەسیستمی خەلافەت هەبێ، بتەوێ و نەتەوێ، جگەلە تیرۆری فیکری و سەرکوتی ئایدۆلۆژی شتێکی تری لێ شین نابێت.

سادەترین ڕاستی لەم کێشەیەدا ئەوەیە کە دەبوا ئارام بیزانیبایە مام جەلال لەلایەن کۆنگرەی حیزبی یەوە بەدەنگدانی زۆربەی ئەندامان بۆتە سکرتێری گشتی، لەو روانگەیەشەوە ئەگەر مام جەلال چەندین جاری تریش لەلایەن کۆنگرەی حیزب و ئەندامانەوە هەڵبژێرێت ئەوا نەک نەریتی خەلیفەکانی ئیسلام پەیڕەوی نەکراوە بەڵکو نەریتی دیموکراسیەت و ئازادی پەیڕەوی کراوە کە هەڵگرانی بیروباوەری چەوتی خەلافەتخوازی چاویان پێدا هەڵنایەت و لەگەڵ دامودەزگای بەعس و سەدام پێکی دەشوبهێنن.

دەڵێ: "هەموان عەلمانیبونی یەکێتی دەزانن".

ئارام عەلمانی بونی یەکێتی بەعەیبە دەزانێ و پێی وایە دەبوا یەکێتی عەلمانی نەبێت.

گلەیی گەورەی ئەو لە مەلابەختیار ئەوەیە کە لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا ڕەخنەی لەکلتوری خەلیفەکانی ئیسلام گرتوەو بە نادادپەروەری لەقەڵەمداون. لەمبارەیەوە زۆربە سەخڵەتی دەنووسێ:

"بەراستی بۆچونێکی زۆر ناحەزانەبووبەرامبەر بەئاینی ئیسلام کەئاینی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە... هەرگیز چاوەروانیم نەدەکرد. . . ئاوەها هەستی بەشی زۆری گەلەکەی بریندار بکات و بەوڕق و قینەوە لەبارەی ئیسلامەوە بدوێ"

بەداخەوە مێشکو دڵی ئارام ڕق و قین هێلانەی تیاکردووە دەنا ڕەخنەگرتن لەخەلیفەکانی ئیسلام و مێژوی ئیسلام ئەرکێکی ئینسانی و پێشکەوتنخوازانەیە ئەگەر تەنانەت ئەرکێکی ئیسلامیش نەبێت!!

ڕاستە ڕەفتاری ناڕەواو ناکۆک لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا لەناو یەکێتی و حکومەتدا هەیە وگەندەلی ئیداری و سیاسی گرفتی گەورەی ناوەتەوە، بەڵام لەبەرامبەریشدا ئیرادەیەکی بەهێز هەیە بۆ ڕیشەکێش کردنی فەسادوو فرێدانی بۆ دەرەوەی دەزگاکانی حیزب و حکومەت. ڕاستە کەموکوڕی و گرفت هەن بەڵام کۆمەلانی خەڵک وەک سەردەمی خەلیفەکانی ئیسلام نەتۆقیون، وە ئەوەی بیانەوێت دەیڵێن و دەری دەبڕن.

جگە لەوانەش، بەچ هەقێک کەسیکی خاوەن ئایدیۆلۆژی وەک ئارام ڕووخۆش ڕێگا بە خۆی دەدات لە پەنای ئیسلامی سیاسیدا یەکێتی و سیکولاریزم بەدناو بکات و بەناوی "زۆربەی خەڵکی کوردستان"ەوە قسە بکات؟

ئیسلام "ئاینی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە" ئەمەڕاستە. بەڵام ئەوەش ڕاستە کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان ئیسلامیان بۆسیاسەت و دەسەڵاتی سیاسی ناوێ و نایانەوێ ئاینەکەیان تێکەڵ بەگیروگرفتێک بکەن کە لەبنچینەدا بۆی ناشێت. زۆرینەی خەڵک نایانەوێ (وەک لەهەڵبژادنەکانیشدا ساغ بۆوە) پیرۆزی ئاینەکەیان تێکەڵ بەکێشمەکێشی دەسەڵات و سیاسەت و دیاردەئاڵۆزو پڕگرفتەکانی دنیای نوێ بکەن و بیروباوەڕەکەیان بۆ سەردەمێک بەکاربهێنن کە زۆرجیاوازە لەو سەردەمەی ئەم ئاینە تیایدا سەری هەڵداوەو خەملێوەو پەلی هاویشتوە.

"زۆرینەی خەڵکی کوردستان" باوەڕیان بەئاینی ئیسلام وەک ئاینێکی پیرۆزو "ئاسمانی" پتەوو قایمە، بەڵام کەمایەتێکی ئێجگار نەبینراو لەم خەڵکە، خوازیاری ئەوەن ئاینی ئیسلام بکەنە "سیاسەت"و بۆئامانجە "زەمینی" یەکانی خۆیان وەگەڕی بخەن.

وتاردان بەناوی "زۆربەی خەڵکی کوردستان"ەوە، بەتایبەت کاتێک باس لەسەر "دەسەڵاتی ئاین"و "ئاینی دەسەڵات" و مەسەلە پەیوەندیدارەکان بێت بە مێژووەوە، کاریکی ئاسان و ساکارنییەو ناشێ بەبەهانەی داکۆکیکردن لە "ئاینی زۆربەی خەڵکی کوردستان"، سیکۆلاریزم و دیموکراسیەت کە بونەتە ڕێڕەوی ژیانی زۆربەی خەڵکی جیهان و بەسودبونیان ئیسپات بووە، ڕەتبکرینەوەو لەپەناوە بەرچاوی خەڵک بخرێن.

ئەگەر کەموکوڕی لەسیستمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا هەیە (کە بیگومان هەیە) ئەوە خەوشی پرەنسیپی سیکۆلاریزم نییە کە چوارچێوەکەی بۆهەموان ڕوونە، بەڵکو خەوشی ئەو مرۆڤانەیە کە ویست و خواستیان هێندە نییە بتوانن پرەنسیپە جیهانیەکان لەکات وساتی خۆیدا سەقامگیر بکەن و لەبەرژەوەندی "زۆربەی خەڵکی کوردستان"دا کاری پێ بکەن.

"دیالۆگ" کارێکی ئێجگار بەسودە لەنێوان خەڵکانی ڕۆشنبیرو هەڵگرانی باوەڕی جیاواز و دیدگای جیاوازدا، بەڵام ئەم "دیالۆگ"ە سودبەخشی خۆی لەدەست ئەدات کاتێک لایەنێک بیەوێت "هێز" بەکاربهێنی و بەناوی "زۆربە"وە قسە بکات و ئەوئاماژەیە بدات گوایە ڕای ئەو ڕای زۆربەیە.

بنج وبناغەی دیالۆگی سیاسی و فیکری لەوەدا پوختە دەبێتەوە کە جەمسەرەکانی "دیالۆگ" قەناعەتی تەواویان بەوە هەبێت کەوەک "تاقەکەس"گفتوگۆبکەن و ئاماژەیان بە "ڕای زۆربە" تەنیا لەپەراوێزدا بێتە بەرباس و وەک بەڵگەیەکی ناسەرەکی حسابی بۆ بکرێت، گەر وانەبوایە نە لەئاستی میژووی مرۆڤایەتیدا کەسێک لە ترسی "ڕای زۆربە" هەڵدەکەوت و جورئەتی داهێنانی دەبوو وەنە لەمێژوی هاوچەرخیشدا دەکرا مەسەلە سیاسی و فیکریەکان پێش بکەون و یەکلایی ببنەوە.

تیروری ئینسانەکان و باوەڕەکانیان تەنی لەتەقاندنی گوللەو فەوتاندنی جەستەی بەرامبەردا دەرناکەوێ، بەڵکولە شەرعیەت سەندنەوەو بەناهەقدانانی ئەوباوەرانەشدا بەرجەستەدەبێ کە مرۆڤەکان (چ وەک تاک و چ وەک حیزب وتاقم) هەڵیان گرتون و، بە لای خۆیانەوە، لەپێناوی سەندنی "هەق"دا خەباتیان پیکردوون.

دیموکراتیزم و ئازادیخوازی و داکۆکیکردن لەپرەنسیپی پلورالیزم، وە "جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت" دەیان ساڵ ڕێبازو ئاواتی مرۆڤگەلێکی بێشوماری خەڵکی کوردستان بووەو پرۆسیسی چەسپاندنی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستانیش تەنها لە دەسەلاتیکەوە دەتوانێ ڕێچکە بگرێ کە باوەڕی بەجیاوازی باوەرو فرەیی و ئازادی تاک هەبێت، نەک لەقەناعەتێکەوە هەرلەسەرەتاوە بڕیاری دابێت ئەوەی ئاین نەیسەلمێنیت ڕەوا نییە.

هەرچی چۆنێک بێت، هاتنی هەڵگرانی باوەری ئیسلامی سیاسی بۆناو کایەی دیالۆگ، دیاردەیەکی بەسودە بۆمیللەت. بەڵام پێشرەوی لەم دیالۆگەدا ئەومەرجەی دەوێ لانیکەم تائەو ئەندازەیە ڕاستگۆیی هەبێت کە جیاوازی دابنرێت لەنێوان حزبێکی فاشیستیدا کە بەئاشکرا ئیلهامی لەئیسلام وەرگرتوەو پارتێک کە زۆربەی نیشانەکانی سیکۆلاریزمی لەخۆیدا بەرجەستە کردووەو بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە خۆی لە دنیای شارستانیەتی پیشکەوتو نزیک بکاتەوەو ئازادی و سەربەستی و بەختەوەری بۆ هەموان دەستەبەر بکات.■

پەراویزەکان

١)بروانە:

REPUBLIC OF FEAR
(THF POLITICS OF MODERN IRAQ)
KANAN MAKY

laparakan.qxd 19/01/1426 08:20 Page 10

چین هەواری ڕابردووی ئایدۆلۆژیا و کارخانەی یاری منالانی ئەمڕۆ و گەورە هێزی داهاتوو(وەلامێک بۆ نووسینێکی بەڕێز مەلا بەختیار)

علی محمود محمد
بەشی یەکەم

□ لە وڵاتانی گەشەکردوو سیاسییەکان خۆیان لە باسی ئەو بابەتانە دەپارێزن کە تیایدا پسپۆرنین ، نەک زانیاری تەواوییان پێ نەبێت لەسەرییان بکەوێت و بە زیانییان تەواو بێت لە ڕاگەیاندنەکاندا ، کەچی لە کوردستان بەپێچەوانەوە سیاسییەکان دەم لە هەموو شتێک دەکوتن ، لە فەلسەفەوە بۆ ئابوری ، لە زانستەوە بۆ وەرزش ..... .

ساڵی ١٩٩٢ کلنتۆن لە وەلامی قسەکردنی بۆشی باوک بیروباوەڕەکانمانی لەسەر بنیات بنێین . من لەگەڵ ئەو بەشە لە نوسینەکانی بەڕێز مەلا بەختیاردام کە چاکسازی و خۆ نوێکردنەوە بە پێویستی ژیان دەزانێت ، بەڵام لەو شوێنەوەی نوێکردنەوە لە بەرژەوەندی یەکسانی مرۆڤەکان نەبێت و دەبێتە ڕێگر لەبەردەم پرۆژەی چەپەکان بۆ گەیشتن بە جیهانێکی دادپەروەرانە لێی جیا دەبمەوەو دژی دەوەستمەوە و ڕەتی دەکەمەوە .

(ی.ن.ک) لە پەیوەندییە دەرەکییەکانیدا بەوە ناسراوە مێرولە دەکاتە فیل ، سڵاو دەکات بە پەیماننامە ، کاک بەختیاریش کە لەم قوتابخانەیەوە پێ گەیوەو پەروەردە بووە ، لە هەمان میتۆدەوە دەست بۆ قەڵەم دەبات و لێو دەجوڵێنێتەوە

لە سەر ئابووری وتی - گەلحۆ ئەمە ئابورییە ئابوری ، پاشان بینیمان چۆن ئابوری سەری کورسیەکەی بۆشی باوکی خوارد و بەریدایەوە و لە هەڵبژاردن دۆڕاندی ، ئابوری بوو کیلنتۆنی ٨ ساڵ لەسەر عەرشی دەسەڵاتداری گەورەترین هێزو و دەوڵەمەندترین وڵات لە مێژووی مرۆڤدا هێشتەوە ، ئەگەر یاسا نەبوایە ٨ ساڵی دیکەشی بە سەرۆکایەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاوە بەڕێ دەکرد ، هەموو ئەمەش لە سایەی سەرکەوتنی لە بواری ئابوریدا بوو.

بەڕێز مەلا بەختیار ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) پاش سەردانەکەی بۆ چین، زنجیرە نوسینێکی بە چواربەش لە سەرەتای یۆلی ٢٠٠٤ لە ژمارە ٣٤٠٧ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بە دواوە بڵاوکردەوە بە ناوی (کۆنەهەواری ئایدیۆلۆژیاو دونیای نوێی تەکنەلۆژیا).

تا ئێستا چەند کەس لە بەرپرسانی (ی.ن.ک) ئەوانەی دەستیان قەڵەم دەگرێت لە بەشداربووانی شاندەکەی بۆ چین لەسەر ئەو گەشتە سیاسییەیان نوسیووە ، بەڵام هیچ کامییان لە نوسینەکانییاندا بە ئاستی بەڕێز مەلا بەختیار خۆیان لە قەرەی بابەتەکە نەداوەو کەم و زۆر بە تەنیشتیا نەڕۆیشتوون، بایی ئەوەیان نەوتووە شایستەی ئەوە بێت دوو قسە لەسەر نوسینەکانییان بکرێت و ناویان بهێنرێت.

لە ڕێگەی ئەم نوسینەوە کە وەڵام و قسەکردنی زیاترە لەسەر هەمان بابەت کە بەڕێز مەلا بەختیار نووسیوییەتی، هەوڵ دەدەم بۆ دانانی بەردێک لەسەر جوڵاندنی ئەم باس و خواسانەکە گرنگی تایبەتی هەیە ، قسەکردن لەسەر پرۆژەی گەشەکردنی ئابوری بە تایبەت ئەزمونی چین کە وێنەیەکی زۆر سەرکەوتووە بۆ وڵاتانی دواکەوتوی وەک کوردستان ، بە تایبەتیش بۆ ئێمەی چەپەکان گرنگی سیاسی و فکری زۆرتری خۆی هەیە بۆ ئەوەی بە ڕەخنەو لێکۆڵینەوە لە سەری، مێرولە دەکاتە فیل ، سڵاو دەکات بە پەیماننامە ، کاک بەختیاریش کە لەم قوتابخانەیەوە پێ گەیوەو پەروەردە بووە ، لە هەمان میتۆدەوە دەست بۆ قەڵەم دەبات و لێو دەجوڵێنێتەوە. سەیر کەن بزانن چی دەنوسێت :-



گەورەکردنەوەی پەیوەندییەکان

هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە گشتی وە (ی.ن.ک) بە تایبەتی، لە گەورەکردنەوەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی خۆیان ڕۆڵێکی باڵایان هەیە ، دەرزی دەکەن بە مێغەنجیر . لەبەر ئەوەی کورد هەمیشە لەو دیو سنورەکانەوە غەدر و موئامەرەی لێکراوە و بێکەس بووە ، سەرچاوەی سەرنەکەوتنی خۆشی بۆ موئامەرەی ئەو دیوو سنورەکان و نەبوونی دۆستی بە وەفاو بەهێز و پشتگیری جیهانی زانیووە ، بەم هۆیەوە هێزە سیاسییەکانی کوردستان بۆ بانگەشەی سیاسی بەرامبەر پارتەکانی تر، پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ دەرەوەی کوردستان گەورە نیشان دەدەن ، تا لە گەمە سیاسییە ناوخۆییەکانیاندا بە پۆینت بۆ خۆیان لە بەرامبەر ڕەقیبانی سیاسییان بژمێرێن . لە واقعی ئێستای کوردستانیشدا کە ئابووری خەریکە تەنگ بە سیاسەت هەڵدەچنێت ، پەیوەندی ئابوری بەهێز لەگەڵ چین دەشێت ببێتە دەرگایەک بۆ بوون بە بازاڕی ناوچەکە ، ئەمەش بە قازانجی ئەو لایەنە تەواو دەبێت کە بانگەشەی بۆ دەکات و هەوڵی بۆ دەدات ، سەردانی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بەدوای یەکا بۆ چین پشتگیری ئەم بۆچونە دەکەن.

(ی.ن.ک) لە پەیوەندییە دەرەکییەکانیدا بەوە ناسراوە (لە هەموو بەشەکانی کوردستان و دەوڵەتانی ئیقلیمی ، یەکەمین لایەنی سیاسی (ی.ن.ک)ئەم پەیوەندییەی لە گەڵدا دەبەسترێت).

ئەوەی یەک ڕۆژ سەیری تەلەفزیۆنی چین بکات و ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەم وڵاتە بخوێنێتەوە ، کە من زیاتر لە ٣ ساڵە ڕۆژانە چاودێری دەکەم ، دەزانێت ڕۆژانە چەندین سەرۆک کۆمار و مەلیک و ئەمیر و سەرۆک وەزیران و سەرۆک پەرلەمان و سکرتێری پارت و وەزیر و وەفدی ئابوری و سیاسی لە سەرتاسەری جیهانەوە سەردانی ئەم وڵاتە ئەکەن ، بە تایبەتیش سەردانی شارە پێشکەوتووەکانی وەک شەنگەهای و ٥٣ ناوچە پیشەسازییە تایبەتییەکان ، تا ئەزمونەکەی بەرنەوە بۆ وڵاتەکان خۆیان و کۆپی کەنەوە ، ژمارەی سەردانەکان بە ئەندازەی گەورەیی قەوارەی ئابوری و بازاڕەکەی زۆرن . چین یەک پێوەری هەیە بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ دەرەوەی خۆی، ئەویش قازانج و بەرژەوەندی ئابورییە ، هیچ کات پێوەری سیاسی ڕۆڵی نەبوە لە مێژووی ئەم دوو دەیەو نیوەیەدا لە دیاریکردنی پەیوەندییەکانی دەرەوەیدا جگە لەوەی لە بواری ئاسانکاری بازرگانی، بە قازانجی وڵاتانی ئەفریقاو هەندێک وڵاتی دراوسێی خۆی هەندێک هەنگاوی زۆر پۆزەتیڤی بە قازانجی ئەو وڵاتانە ناوە، (چین سیاسەتی باجی سفری هەیە لەگەڵ وڵاتانی هەژار بۆ هێنانی کەل و پەلەکانییان بۆ بازاڕەکانی چین، (کەمبۆدیا-میانمار-بەنگەلادیش-لاوس و ٢٧ وڵاتی ئەفریقی)، هەروەها بەهەمان شێوە ١١٠٨ بەرهەمی هۆنگ کۆنگ و ٥٠٩ بەرهەمی ماکاو دێنە بازاڕەکانی چینەوە بە بێ گومرگ، (٢٩-١٢-٢٠٠٤ شبکە صین).

بەرژەوەندی ئابوریش بریتییە لە بڕی بازرگانی لە ناردەو هاوردە لەگەڵ ئەو وڵاتە ، چەندە مشتەری باشی ئەوەندە نزیکتری لێمەوە ، ئەمە یاسای بازاڕی ئازادە ، بەتایبەت ئەو ئازادەی کە کاک بەختیار بە نموونەی موفەزەلی دەزانێت بۆ گەشەکردن . نازانم کاک مەلا بەختیار ئاماری پەیوەندی بازرگانی کوردستان و چینی لایە تا لە ڕێگەیەوە ئەو پەیوەندییە دوو قۆڵییە بەهێزەی نێوانیانمان بۆ بسەلمێنێت ، کە ناکاتە قەترەیەک لە چاو بازرگانی چین لەگەڵ هەر یەکە لە وڵاتانی ناوچەکە .

لە بواری سیاسییشدا لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا سەرۆکانی وڵاتانی سوریا ، ئێران، تورکیا ، سعودییە سەردانی چینییان کردووە ، سەرۆکی چنیش بە هەمان شێوە سەردانی سعودییە ، ئێران ، تورکیای کردووە .

مەلیک عەبدوالله کە لە ٧-٢-١٩٩٩ دوە هاتۆتە سەر عەرشی مەلەکی ئوردونی، ٦ جار سەردانی چینی کردووە (٢٦-٧- ٢٠٠٤ شینخوا).

پەیوەندییە ئابورییەکانیش جگە لەوەی پەیماننامەی دروستکردنی بازاڕی ئازاد مۆرکراوە لەگەڵ وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، بڕی ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکانیش لە نێوان چین و ئەم وڵاتانە بەم ئەندازەیە بووە کە ئێستا گەلێک لەمەی من بە نموونە هێناومەتەوە زیاترە .

چین-سوریا ساڵی ٢٠٠٣ ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوانیان گەیشتە ٥٠٠ ملیۆن دۆلار (٢١-٦-٢٠٠٤ شبکە صین).

چین-ئێران ساڵی ٢٠٠١ ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەردوو وڵات گەیشتە ٣یە٣ ملیار دۆلار (١٨-٣-٢٠٠٢ شینخوا) . هەروەها چین ٧٠ ملیار دۆلاری سەرمایەگوزاری کرد لە ئێران لە ساڵی ٢٠٠٤ و ٨ ملیاریش لە سودان (شرق الاوسط ٧-١-٢٠٠٥) ، چین ئەم ٧٠ ملیار دۆلارەی لەپرۆژەی غازی باشوری ئێرانی سەرمایەگوزاری کرد(٢-١-٢٠٠٥ شرق الاوسط) ، ئەمەش وەک پێویستییەکی زۆری چین لە داهاتوودا بە وزە بەهۆی گەشەی بەرزی ئابورییەکەیەوە، ئەمەش گەورەترین سەرمایەگوزارییە چین لەو دیو سنورەکانی خۆیەوە دەیکات لە مێژوی خۆیدا.

چین-تورکیا ساڵی ٢٠٠٠ ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوانیان گەیشتە ١یە٢ ملیار دۆلار ١٩-٤-٢٠٠٢ شینخوا) و(١٥-٦-٢٠٠٣ شینخوا).

چین-کوەیت ساڵی ٢٠٠٣ ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوانیان گەیشتە ١یە١٨٨ ملیار دۆلار (شبکە صین ٥-٤-٢٠٠٤).

چین -سعودیە لە ١٠ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٣ بڕی بازرگانی نێوان هەردوو وڵات گەیشتە ٥یە٣ ملیار دۆلار (١١-١٢-٢٠٠٣ حیات).

هیوادارم کاک بەختیاریش بتوانێت لیستێکی کە لە پەیوەندی بازرگانی چین لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و خۆیان بڵاوبکاتەوە، تیایدا جێگەی ئەوە بکاتەوە کە پەیوەندی چین لەگەڵ (ی.ن.ک) لە پێش هەموو ئەم وڵاتانەوەیە .

هەرچەندە کوردستان بە هەردوو بەشەکەیەوە تەنانەت هەموو عێراق ئێستا بە تەواوی بۆتە پاشکۆی بازاڕی چین، ئەم پاشکۆیەتییەش یاساکانی بازاڕی ئازاد و هەرزانی کەلوپەلەکانی چین دروستی کردووە، نەک لایەنێک ڕۆڵی تێدا هەبێت ، گەشەکردنەکە نەخشە دارێژراو نییە وکۆنترۆڵ نەکراوە لە لایەن هیچ لایەنێکەوە ، بەڵکو بەشێوەی ئانارشیستانە دەچێتە پێشەوە .

هەوڵم دا بە دوای هەواڵی ئەو سەردانە مێژوویەدا بگەڕێم کە وەفدی (ی.ن.ک) بۆ چین ئەنجامی داکەکاک بەختیار بەبێ وێنە نیشان دەدا لە ناوچەکە تا لە ڕاگەیاندنی چینی بیخوێنمەوە ، بزانم گەرمی پێشوازییکردنەکە لەو ئاستەیە کاک بەختیار باسی دەکات ؟؟؟ ، بەڵام ئەقڵی کۆمپیوتەرەکەم و توانای گۆگۆڵ لە ئاستی دۆزینەوەی هەواڵەکەدا نەبوون .

حکومەتی چیینی لە شاری پەکین بە سەرپەرشتی پارتی کۆمۆنیستی فەرمان ڕەوا لە بەرواری ٣-٩-٢٠٠٤ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ کۆنگرەیەکی ڕێک خست بۆ سەرجەم ئەو پارتە سیاسییانەی کە لە ئاسیادا پەیوەندییان لەگەڵیدا هەیە.

٨٣پارتی سیاسی لە ٣٥ وڵاتەوە بەشدارییان کرد لە کۆنگرەی پارتە سیاسییەکانی ئاسیا (شینخوا ٥-٩-٢٠٠٤)، بەڵام نە (ی.ن.ک) و نەهیچ پارتێکی سیاسی کوردستانی و عێراقیش، بانگهێشت نەکرابوون بۆ ئەو کۆنگرە بەرفراوانە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە هێشتا چین هیچ کام لە پارتە سیاسییەکانی کوردستان و عێراقی لە بازنەی دۆستە نزیکەکانی خۆی ناوزەد نەکردووە ، گرەو لەسەر داهاتووش ناکەم.■

هێشتا چین هیچ کام لە پارتە سیاسییەکانی کوردستان و عێراقی لە بازنەی دۆستە نزیکەکانی خۆی ناوزەد نەکردووە

هاوڵاتی .. لەچ ئاشێک لێدەکات

جەمیل مەلا قەرە

□ هەفتەنامەی (هاوڵاتی) لەسەرەتای دەرچوونیەوە بۆ من مایەی دڵخۆشکردن بوو، بەتایبەتی کە نوێنەرایەتی ڕای هاوڵاتیانی ئەم وڵاتە پڕ کەموکوڕییەم بکات، پێموابوو بەراستی پەیامێکی پیرۆزی پێیەو دەبێتە مینبەری ڕاستەقینە بۆ بەرپەرچدانەوەی نوسەرو سیاسییە شۆڤێنیستو کین لەدڵەکانی دژ بەکوردو، قەڵەمێکی تیژو کارا بۆ دەست نیشان کردنی کەموکوری و ناهەمواریەکانی حکومەتەکەمان و تەنانەت چقڵی چاوی ئەوانەی خۆشمان کە بارودۆخەکە بۆمەرامو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەسوڕێنن و، ئەم هەفتەنامەیە دەبێتە کەشکۆڵی ڕەخنەو گازەندەو تورەیی نیشتمانپەروەرو دڵشکاوان و دایکانی شەهیدو زیندانی سیاسییە پشتگوێ خراوەکان، بۆیە لەسەرەتاوە ویستم قەڵەمی کول و بێ برشتی خۆمی پێ بجەرێنم تا بتوانم دەردە دڵییەکی تیا بنوسم، شوکرانە بژێرم پەلەم نەکردو بەرچاوم ڕوون بووەوەو بەبۆنی کەبابەوە نەچووم و قەڵەمەکەمی تیا داخ نەکرا، تێگەیشتم (دەوافعەکانی) ئەوان زۆر جیاوازن لەگەڵ (سلوک و دوافع)ەکانی من.

هەفتەنامەی هاوڵاتی بەلایەوە گرنگ نییە چی دەنوسێ و لەگەڵ کێ چاوپێکەوتن دەکات، گرنگ ئەوەیە لاپەرەکانی پڕ بکاتەوە، ئەگینا جگەلە هەڵەو پەلەو هەواڵ شێواندن و تایتڵ زەق کردنەوەو چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی نادیارو کەم سەوادو داخ لەدڵ، هیچ جورئەتێکیان نیشانی هاوڵاتیانی وڵاتەکەمان نەداوە. پیاو زۆر بڵێ چاکیش دەڵێ و خراپیش دەفەرموێ. چاوپێکەوتنەکەتان لەگەڵ ئیسماعیل بێشکچی! ببورن لەیلا زانا! هایهو مەبەستم سعاد تلی!! سونگول هانمو مانشێتەکەیە لەژمارە ٢١٢ کە دەڵێ (بەبۆچوونی من سەرۆکی عێراق عەرەب دەبێت).

برایانی هاوڵاتی ئەرێ ڕای هاوڵاتیانتان وەرگرت کەچاوپێکەوتن لەگەڵ سونگول بکەن و بە چ هەقێک تەرویج بۆ خەیاڵ پڵاوەکانی ئەم ژنە دەکەن کە هەر دەرفەتۆکەیەکی بۆ برەخسێ هێڵی سوور دەبەزێنێ دەرهەق بە موقەدەسات و سەروەری گەلەکەمان، تەنانەت لەداخی ڕووتو ڕەجاڵەکانی ڕەحیماواو شۆرجەو برا تورکمانەکانیش چاوی بەرایی نادات بگەڕێتەوە شارەکەی خۆی کە خانوەکەی بە حەوت دەفتەر دۆلار چاکردۆتەوە لەسەر حسابی ئەنجومەنی حوکم، بۆ لێتان نەپرسی ئەرێ کەی لە ئاماری ١٩٥٧دا ئەوە دەردەخات کە ڕێژەتان زۆر بووە، یاخود کەی کەرکوک شارێکی تورکمانی بووە، یا بە چ ئەمر ئیدارییەک لەسەر سیاسەت دەرکراوی؟ دیارە یاخود دەبێ عەلی کیمیاوی ئەوەندە گێل بووبێ تا ساڵی (٢٠٠٠) بەخەباتو تێکۆشانی تۆی نەزانیبێ بەتایبەتی کە پەیوەندییەکی چاپوکانەی شەوانە ڕۆژانەت لەگەڵ هەبووە. بۆ لێتان نەپرسی ئەرێ تۆ لەکەیەوە بووی بەتورکمان کە هەموو دەزانین سونگەل خەڵکی (پردێ)یە، خزمو ئامۆزاکانی کەکوردی ڕەسەنن و حاشایان لێی کردووە، بۆ لە ژنە سورتکەکەی ئەنجومەنی حوکم (وا ناو دەبرا لەئەنجومەن)تان نەپرسی، ئەو (١٥٠٠٠٠) هەزار دۆلارەت لەخەزێنەی دەوڵەت بۆ عەمەلیاتی تەجمیلی چی؟!! بردە ئیمارات، بێگومان لەرووتان نەهات ئەو پرسیارەی لێ بکەن کە بۆچی متمانەت بەلایەنەکەی خۆت نەبوو کەئەوەندە فرمێسکی تیمساحی بۆ هەڵدەڕێژی و بە میزمالکێک خۆت گەیاندە ماڵە میللیەکەی خاڵە (حمد)و خۆت تیا هەڵبژارد ئەوە چەندی بەچەندە؟! ئەم ئەوبەرو ئەوبەرەی سونگول و هەڵگەرانەوی لەپێستی خۆی هەر ئەنجامەکەی وەکو ئەنجامی (..... لەیلان) دەبێ کە بەدوای دەنگی دەهۆڵەوە تیا پساو تەیمور لەنگ خۆش.

برایانی هاوڵاتی ئێوەش وێرای ڕێزم بزەو سمێڵە خچکەتان باش و خوا سەبوری دەردو خەمی چاپوک خانیش بدات، بارانی ڕەحمەتی کوردیش بەڕێوەیەو سەرەک کۆماری ئێمەش شاد.

× (دوافع و سلوک) دوو وشەی زانستین، پەیوەندی بەناخی مرۆڤەوە هەیە، کە پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێ بۆ گرتنەبەری حاڵەتێکو دەربرینێک.■

laparakan.qxd 19/01/1426 08:20 ª Page 11

دوای جومعە، پشوویەک بۆ حسێن میسری..

عوسمان عەبدولڕەحمان رەسول

□ هێڵی درامایی سەنگو قورسایی هەر بابەتێکی ئەدەبین، کەتیایە لەسۆنگەیەوە ئەتوانرێ باس لەسەرکەوتوویی یاخود سەرنەکەوتوویی بابەتەکە بکرێ.

هێڵی درامایی لەخۆڕا نابێتە بابەتێکی سەرنج راکێش و کاریگەر لەسەر بینەر یاخود خوێنەر، گەر بێتوو لەسەر بنەمایەکی فکری فەلسەفی دانەڕێژرێ وە نەبێتە دروست کردنی گشت رەهەندەکانی دەقە ئەدەبیەکە..

هەر لەسەر ئەو بنەما "فکریە فەلسەفیە" رووداوەکان دەست بەجووڵە دەکەن و هەر لەوێشەوە دەرخستنی "ابراز" یان پیشان دانی. گرێکان دەخرێنە بەرنامەی کارەکەوە، چونکە ناکرێ دەقێکی ئەدەبی لەفەزایەکی نامەعلومی "شوێن و کاتدا" کاری لەسەر بکەیت و، خۆشت بەنووسەرێکی رادیکاڵ یاخود ناقد یاخود.. هتد دابنێیت و لەبەرامبەر پرسیارەکانی جەماوەرەکەدا.. پاساو و وەڵامی نالۆجێکی بکەیتە پارسەنگی کارەکەت.. چونکە نووسین کەچوە سەر رۆژنامە یان تەلەفزیۆن بینەرو خوێنەر دەبێتە خاوەنی هەموو کارێکی نووسین، نووسەر بیەوێ یاخود نەیەوێ بابەتەکە ئەبێتە بەشێک لەرەنگ دانەوەی فکرو بیروبۆچوون و کەسایەتی نووسەرەکە. گەر بەرژەوەندیەکی کەمیش بێ..

بۆ دروست کردنی هێڵە درامایییەکە تێزی فکری نووسەرەکە پیشان دەدات و وادەکات نوسەر پشت بەئایدیایەک ببەستێ، هەڵقوڵاوی ناخی خودی نووسەرەکەو رەنگ دانەوەی ئەو چینە یاخود ئەو توێژەی بەفعلی ئەو نوێنەرایەتی دەکات، یاخود هیچ نەبێ "تعبیر" لەو ماوە مێژووییەی کەنووسینەکەی تیا نوسراوە دەکات، بەڕاستگۆییانە (چۆنیەتی مامەڵەکردن. شێوەی چارەسەرکردن، چۆنیەتی پیشان دانی بابەتەکە لێوەشاوەیی و کارامەیی نووسەرەکە پیشان دەدات).

هەڵبژاردنی بابەت یەکێکە لەکارە گرنگەکانی هونەرمەند کەنووسەرێکی باوی بێ توانا، لەنووسەرێکی داهێنەر جیادەکاتەوە، گەر نووسەر شارەزایی نەبێ لەچەمکە گرنگەکانی زانستەکان.. شۆڕنەبووبێتەوە بەقووڵایی هەژانەکان بەپراکتیکی.. ئازاد نەبێ لەفکرو بیرکردنەوەو کەسایەتیەکی سەربەخۆی نەبێ.. ناتوانێ ئەودیو رووداوەکان ببینێ.. فاکتەری دروست کردنی رووداوەکان بناسێت و بیهێنێتە ئەم دیو پەردە.. یاخود ناتوانێ ئەو رووداوانە بنووسێتەوە کەهەموو چاوێکی ئاسایی نایبینێ..

نووسەری ئازاد فکرو.. ئازاو .. ملتزم.. لەهەوڵدانایە بۆ خوڵقاندنی دنیایەک کەمن و تۆیەکی ئاسایی نایبینین..! کە هونەرمەندی بەسەلیقە دەیهێنێتە رووی شانۆی ژیان و دەیکاتە واقیع.. لەوێشەوە ئەمان خاتە بەردەم پرسیارە جدییەکان ؟ .. گومان و هەڵوێستەمان لا دروست دەکات وئەمان بات بەرەو یاخی بوونی هەست و رۆح.. یاخود ئاسودەگی و دڵمان پێ دەبەخشێ و گەشبینی دەکاتە کۆتایی بەرهەمەکە..

بەڵام نووسەرێکی بێ بنەمای فکرو فەلسەفەو بێ "متابع" ناتوانێ تووشی هیچ هەڵچوون و داچوونێکی "روحی و فیکریمان" بکات، بێگومان ناشتوانێ لەنووسینی بابەتەکەدا مەشهەدەکان تووشی هەمان هەڵچوون و داچوون بکات.. بۆیە لەم کاتانەدا ئەو پەیوەندییە پیرۆزەی نێوان بینەرو نوسینەکە "دەقە ئەدەبیەکە" لێک دەترازێت و، وەک دوو حاڵەتی نامۆ بەیەکتر ئەم ئەو ون دەکات و ئەو ئەم ون دەکات.. سەرەنجام بابەتێک نادات بەدەستەوە کەبچێتە خانەی نەمرییەوە، یاخود تەنانەت لەو "فەترە زەمەنیەی خۆشیدا" دەبێتە بابەتێکی خۆسەپێنەر.

چونکە تووشی هیچ جۆرە حاڵەتێکی داچڵەکینمان ناکات.. سەرەنجام بۆماوەیەکی کەمیش لەزاکیرەماندا نامێنێتەوە.. جگە لەون بوونی نووسەرەکەو بابەتەکەی لەدوو بەرگی ئەرشیفی نەمری نووسیندا.

حاڵەتی سلبی تریشی لێ دەکەوێتەوە، کەئەویش تۆراندن و تورەبوونی جەماوەرەکەیە.. بادانەوەیە بەلای هونەری بێگانەداو بەهەند وەرنەگرتنی هونەرو ئەدەبیاتی خۆمانە، بۆیە نەبوونیان گەلێک باشترە وەک لەبوونیان..

لێرەدا بەپێویستی دەزانم نموونەیەکی زیندوو باس بکەم هاوکات لەگەڵ زنجیرەی "جومعە" پێشکەش کرا، بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی.. ئەویش زنجیرەی "طریق الی کابول" بوو..

بێگومان ئەمە بەراورد نییە لەگەڵ "جومعە" .. چونکە ئەم بەراوردکردنە نەبەهەقی دەزانم؟! نە بەمەنتقی دەزانم؟ بەڵام نمونەیەکی زیندووی نوسینێکی پڕە،.. نوسینێک کە بەهەڵچوون و داچوون.. لەساتەوەختی یەکەمەوە تا دوایی دەبێتە هاوجووتی "دیدو ذهني" بینەرو لەوێشەوە جگە لەزانیارییەکان، هێڵە درامییەکە، رووداوەکان و کەسایەتیەکان و ململانێکان دابەش ئەکات بەسەر ئەم لاولای هاوکێشەکەداو سەرەنجامیش چەندەها بیروبۆچوون بەرهەم دێنێ و لەبەردەم بوونی ململانێکە کەدوو هێزە گەورەکەی جیهان بەناڕاستەوخۆ بزوێنەری ئەم ململانێیە..

(٨) زنجیرە بەس بوو بۆ هەژاندن و راکێشانی بینەرێکی بێ شومار.. سەرەنجام.. هەڕەشەکردن لەنووسەرو بەرهەم هێنەری کارەکەو وەستاندنی بەرهەمەکە.

بێگومان ئەم کارە مەزنە لەخۆڕا نییە، چونکە نووسەرەکە بەمەزاج کاری نەکردووە.. "کارکردن" ی نووسەر وەک خۆی دەڵێ پاش خوێندنەوەی هەزاران لاپەڕە لەسەر مێژووی کۆن و نوێی ئەفغانستان، چاوپێکەوتن لەگەڵ دەیان خەڵک و هەڵانەوەی مەلەفە موخابەراتیە "بەشداربووەکان" .. هتد جگە لەمانە کەخۆشی خاوەن دیدێکی فکری فەلسەفەیە کەتایبەت بەخۆیەتی، کەبۆ چارەسەرکردن و پیشاندانی دەقەکە سوودی لێ وەرگرتووە.. ئەم بەرهەمەی لێکەوتۆتەوە.. ئەمە کارێکە کەسنورەکان دەبڕێت و تێهەڵکێش دەبێتەوە بەگۆڕانکارییە جیهانیەکان، سەرەنجام ئەبێتە کێشەی گشت و هەمووان بەدوای ئەنجام و لەتێکەڵاوبوونی کەلتوورە جیاوازەکان.. لە .. لە .. هتد بێ سەلیقەیی و نەبوونی هیچ دیدێکی فکری نووسەر چی دی تر نییە؟!

هەربۆیە دابەش کردنی کارئەکتەرەکان، لەسەر هیچ بنەمایەک دابەش نەکراون.. لەخۆڕا دوو گروپ دروست کراون -کێشەیەکی نامەنتقی دروست کراوە - هەندێک کارئەکتەرەکان.. دەبنە کارئەکتەری خۆسەپێنەرن، تەنانەت هەندێکیان بوون و نەبوونیان وەک یەک وایە هیچ رۆڵێکیان نییە.. هیچیش لەئاراستەی رووداوەکان ناگۆڕن..

هەربۆیە نووسەریش لەبەردەم چۆن و؟ کێداو؟ دابەش کردن و هەڵبژاردنیان واقی وڕ دەمێنێ و فەوزایەکی لەخۆڕا بەرهەم هێناوە هەربۆ رایی کارەکەی.. ئەمێکی کۆترباز و.. ئەمێکی عارەق خۆری بێ ئیلتیزام و ئەمێکی گێل "جومعە" ئەمێکی عاشق و ئەمێکی سەرگەردان.. دەخاتە بەرێکی ململانێکەو "بەبێ بوونی هیچ رایەڵێکی فکری یاخود کۆمەڵایەتی یاخود چینایەتی یان هەر پەیوەندیەکی تر کەبیان بەستێ بەیەکەوە.. لەم بەری مل ملانێکەش ئەمێکی حاجی و ئەمێکی مەلا و ئەمێکی خڵەفاو" بەبێ موناسەبە ریز دەکات.. سەرەنجام چارەسەرکردنەکەیدا وێڵین "کەبەداخەوە وەستێنرا" .. هەربۆیە منێکی کورد زمان و ئەوێکیتر.. هتد دەبینە بینەرێکی بەهەست بۆیی و چێژی هونەری و زانیاری و هەڵوێستی لێوەردەگرین چاوەڕێش ناکەین نووسەرەکەی بێتە سەر شاشەو بەمەبەستی خۆی هێڵی دراماکەمان بۆ روون کاتەوە.

زنجیرە تەلەفزیۆنی "جومعە" جگە لە ("تناقضاتی" ناڵێم فکری چونکە بەهیچ جۆرێک فکری تیا نەبوو)..

بەرهەمی هونەرمەند هەر ئەوەندە خاوەنیەتی تاکو بڵاوی نەکردبێتەوە.. دوای بڵاوکردنەوە.. ئەبێتە موڵکی هەموو.. دەبێتە بەشێک لەتەواوکردنی قۆناغەکانی مێژوو.. گەر هونەریکی "متکامل" بێت

هونەری و سەریەک خستنی وێنەکان "مونتاج" بە "مونتاجی شوێن و کاتەوە" بەبێ موناسەبەو چەندەها هەڵەی تر..

زنجیرەیەک نزیکەی "٣٠" شەو هەر ئەڵقەیەک "٤٠-٤٥" دەقیقە ماوەکەی.. ستافی کارەکە بەئەکتەرو جێبەجێکاری کارە هونەرییەکان و ئەوانی تر "نزیکەی ١٠٠ کەس" .. هێنان و بردنی رووداوەکە لەچوار دیواری "چایخانەو حەمام و ماڵێکدا" .. خولانەوەی ئەم ژمارەیە بەدەوری "دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی" لەزەمەنێکی ئەمڕۆی کوردستانی پڕ لەچەندەها کێشەی سیاسی و ئەخلاقی و ئیقتصادی.. هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان.. لەدنیایەکی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو کەکوردستانیش بێ بەش نییە لەبەدەست هێنانی بەرهەمە جیهانیەکان و هونەرەکانی و کەسایەتیەکان و ململانێکان دابەش ئەکات بەسەر ئەم لاولای هاوکێشەکەداو سەرەنجامیش چەندەها بیروبۆچوون بەرهەم دێنێ و لەبەردەم بوونی ململانێکە کەدوو هێزە گەورەکەی جیهان بەناڕاستەوخۆ بزوێنەری ئەم ململانێیە..

(٨) زنجیرە بەس بوو بۆ هەژاندن و راکێشانی بینەرێکی بێ شومار.. سەرەنجام.. هەڕەشەکردن لەنووسەرو بەرهەم هێنەری کارەکەو وەستاندنی بەرهەمەکە.

بێگومان ئەم کارە مەزنە لەخۆڕا نییە، چونکە نووسەرەکە بەمەزاج کاری نەکردووە.. "کارکردن" ی نووسەر وەک خۆی دەڵێ پاش خوێندنەوەی هەزاران لاپەڕە لەسەر مێژووی کۆن و نوێی ئەفغانستان، چاوپێکەوتن لەگەڵ دەیان خەڵک و هەڵانەوەی مەلەفە موخابەراتیە "بەشداربووەکان" .. هتد جگە لەمانە کەخۆشی خاوەن دیدێکی فکری فەلسەفەیە کەتایبەت بەخۆیەتی، کەبۆ چارەسەرکردن و پیشاندانی دەقەکە سوودی لێ وەرگرتووە.. ئەم بەرهەمەی لێکەوتۆتەوە.. ئەمە کارێکە کەسنورەکان دەبڕێت و تێهەڵکێش دەبێتەوە بەگۆڕانکارییە جیهانیەکان، سەرەنجام ئەبێتە کێشەی گشت و هەمووان بەدوای ئەنجام و بیرکردنەوەکانی بینەر بەهەڵە لەقەڵەم بدات و.. هیچیش بۆ تاوو توێ کردن نەهێڵێتەوە لەبیرکردنەوەی تەماشا کەرانیدا.. چونکە بەرهەمی هونەرمەند هەر ئەوەندە خاوەنیەتی تاکو بڵاوی نەکردبێتەوە.. دوای بڵاوکردنەوە.. ئەبێتە موڵکی هەموو.. دەبێتە بەشێک لەتەواوکردنی قۆناغەکانی مێژوو.. گەر هونەریکی "متکامل" بێت..

ماوە بڵێم/

١-رۆڵی ئەکتەر تەنها ("بینینی دەورەکەیەتی" بەتەنها یاخود ئیلتزامی فرە جەمسەری تری هەیە) وەکو فکری هونەری گەر هونەرمەندێکی داهێنەر بێت. هەڵوێستە لەسەر دەق دەکات و لەخۆڕا خۆی ناخاتە تەمومژێکی بێ موناسەبە.. کەکارە جوانەکانی پێشووشی لاسەنگ بکات.. خوێندنەوەی دەق لای هونەرمەندی کارئەکتەر تاوتوێکردنی - بڕیاردان لەسەر بەشداریکردن یان بەشداری نەکردن دەبێتە بەرز راگرتنی هەست و سۆزی بینەرو نوچ نەدان بەهونەری میللەتەکەی.. هەڵکشانی بەرەو لووتکە.. سەربەخۆیی خۆیشیی لەهەمان کاتدا دەپارێزێ.. بۆیە لەچەندەها چاوپێکەوتن لەکەناڵە میدیاییەکانی جیهاندا لەگەڵ هونەرمەندە مەزنەکان "دەڵێن پاش خوێندنەوەی دەقەکە" بەشداری دەکەین یاخود بەشدار نابین.. ئەوەش بۆئەوەی لەبەهای هونەرەکەیان نەیەتە خوارەوە.. راستگۆیانە ببنە زمان حاڵی سەردەمو جەماوەرەکەیان - وەکو مێژوو داهاتووی لەسەر دروست بکەن.

یان خوێندویانەتەوە - بێگوێدانە هیچ پرنسیپێکی هونەری - فکری - بەشداریان کردووە تەنها بۆ هاتنەوەی بەردەم جەماوەرو پرکردنەوەو بەئەنجام گەیاندنی خواستی ئەمو ئەو.. چونکە بەڕاستی گەورەیی هونەرمەندەکان لەئاست "حیکایەتێکی" وادا یەکان گیر نابێتەوە..

٢-ئایا.. ئێمەی کورد.. ئەزمەی نووسەری درامامان هەیە؟! یاخود نووسەر هەیەو شوێن نمایشیان نییە؟! یاخود لەپشت کارەکانەوە، مەرامی پشتەوەی پێ رازی دەکرێت.■

مێژووی ئەم شارە لەسەرەتای دروست بوونیەوە بەخششی زانیاری، یاخی بوون لەهەموو بەها دواکەوتووەکان .. یاخی بوون لەتەسلیم بوون بەهیچ واقعێکی فەرزکراو بەسەر ئەم شارەدا گەواهی بەرەو پێش چوونی خێرایی "سلێمانی دەدەن" حەق وابوو ئەو زنجیرە تەلەفزیۆنییە بۆ "تەوعیەکردن لەکوێرە دێکاندا بەسینەمای گەڕۆک لێبدرایە"

نەئەمیان گۆڕانکاری کردو نە ئەویان.. چونکە لەبناغە کێشەکە بەزۆر لکێنراوە بەوانی ترەوە.. (بێگومان گۆران و وەرچەرخاندن بەم کەسایەتییە ئاڵۆزکاووون بووانە ناکرێ).

لێرەدا نووسەر دەخوازێ چی بڵێ؟! چی بکات؟ دەخوازێ چۆن دژایەتی ئەو فاکتەرانە بکات کەئەم کەلتوورەی سازاندووە.. بێگومان نایەوێ هیچ بڵێ و هیچ بکات.. چونکە بوونی فکرو ئایدۆلۆژیایەکی زانراو.. ئازایەتیەکی ئازاد.. دەتوانێ وەڵامی کێشەکانی کۆمەڵگە بداتەوە..

ئەنجام.. ئەنجامی هەر دەقێکی ئەدەبی پارسەنگی کارەکەئەداتەوە بەباری "ئەرێداو نەرێدا" .. ئەنجامێکی چاوەڕوان نەکراو، یاخود بەجێهێشتنی ئەنجام لەلای بینەر بۆ لێکدانەوەو تێڕامان، نەک، ئەنجامێک کەبینەرێکی سادە بزانێت ئەنجام وا دەبێت، یاخود ئەنجامێکی باوی چەندین بارە.. کەواتە نووسەر چی کرد لەم حاڵەتەدا؟ ئەبێ چی تازە لەهەگبەکەیدا بێ..؟!

ئەنجامێکی تەقلیدی "خۆ سوتاندنی دووان" .. کەهیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە؟ تەسلیم بوون بەواقیعێکی تاڵ.. ئەمەش شتێکی سەیرو سەرسوڕهێنەر نییەو شتێکی هێندە شاراوە نییە تاکو (٣٠) شەو بەدوریدا بێیت و بچیت.. خەسڵەتێکی باوی تاکی رووخاووبێ ئومێدە.. خەسڵەتی تاکێکە کەهەموو دەرگاکانی لێ کڵۆم کرابێ.. یاخی بوون و مل نەدان.. سروشتی مرۆڤەو نهێنی بەردەوامیەتی، نهێنی مانەوەیەتی لەسەر زەمین.. چونکە مرۆڤ خاوەن عەقڵ و ژیرییە.. دەنا وەک زۆربەی گیانداری زەبەلاحی لەناووچوو، ئەمیش بەرەو نەمان دەچوو.. هەربۆیە سەرەتا لەگەڵ سورشتدا ململانێی کردووەو.. دوایش مل نەدان و نووچ نەدان بۆ سستمە خۆسەپێنەرەکان و.. خۆ دەربازکردن لەپێوەندەکانی سەر فکرو جەستەو روح.. تا گەیشتۆتە ئەم ژیانەی ئەمڕۆ "جا لەگەڵ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر کێشەیەکدا هەمووی هەر خۆی بسوتانایە ئەوا ژیان بەردەوامی خۆی لەدەست دەدا".

بۆیە لەم سەردەمە پڕ هەڵچوون و داچوونانەو گۆڕانکارییە غافڵ گیرانەدا کەرۆژانە مامەڵە لەگەڵ پێش کەوتووترین ئامێری تەکنەلۆجیادا دەکرێ "ئەنجامو حیکایەتی شێوە بەرئاگردانی" وا مایەی قبووڵ نییە.

راستەلای کەسێکی قاڵب دراو لەم "حیکایەتەدا" یاخی بوون نابینین، بەڵام تەسلیم بوونێکی هێندە رەزیلانە دەبینین تاکی ئەو کۆمەڵگەیەو سەرەنجام کۆمەڵگە کەشتی لەبەرچاو دەکەوێ، هێندە دەڵێی لەم ساتە مێژوویییەداو لەشارێکی وەک سلێمانیدا؟! ژیان بەو هێندە دواکەوتوویی حەق وایە هێڵێکی راستو چەپی بەسەردا بهێنی.. سەرەوریەکانی ئەم شارەش پیاداچوونەوەی بۆ بکەیتەوە، گومان لەوە بکرێ کە لەچڵو پەنجاکانی سەدەی رابردوودا ئافرەتی وەک کۆیلە تیا هەراج کرابێ.. کە لەحەقیقەتدا وا نییە؟! چونکە مێژووی ئەم شارە لەسەرەتای دروست بوونیەوە بەخششی زانیاری، یاخی بوون لەهەموو بەها دواکەوتووەکان .. یاخی بوون لەتەسلیم بوون بەهیچ واقعێکی فەرزکراو بەسەر ئەم شارەدا گەواهی بەرەو پێش چوونی خێرایی "سلێمانی دەدەن" حەق وابوو ئەو زنجیرە تەلەفزیۆنییە بۆ "تەوعیەکردن لەکوێرە دێکاندا بەسینەمای گەڕۆک لێبدرایە" نەک لەکەناڵێکی ئاسمانی..

.. .. هەق وایە نووسەر کاری نووسین بکات، دەرهێنەر کاری دەرهێنان و.. ئەوانی تریش بەهەمان شێوە هەڵسن بەکاری خۆیان.. نەک "یەکێک شان بداتە بەر هەموو کارەکان.. سەرەنجام لەدوای تەواوبوونی "نمایشەکە" لەکەناڵە جیاجیاکانی راگەیاندن خۆی و بەبێ لێکدانەوەی خۆی.. دەست بکات بەدرکاندنی ئەو گرێیانەی باسی لێوە کردووە.. ئیتر هەموو

مۆزیک ژەنە ناودارەکانی جیهان

جیاکۆمۆمییر بر

(١٧٩١-١٨٦٤)

ئا/ باران

□ دانەرێکی ئەڵمانیە، باوکی یەکێ بوو لەدەوڵەمەندەکانی نێو بانقی بەرلین، سەرەتای هاتنە نێو دونیای پڕ لەجەنجاڵ و سیحری موزیک، لەسەر دەستی کلیمنتی و قەشە فوجلەر دەست پێدەکات: بۆ درێژەپێدانی خوێندنی موزیک، لەسەر پێشنیازی سالیری، دەچێتە ئیتالیا: لەم وێزگەیەشەوە، دەکەوێتە ژێر کاریگەری و دۆزینەوەی کارە ئوپرالیەکانی رۆسینی. لەساڵی ١٨٢٦، لەشاری پاریس دەگیرسێتەوە. لەیەکەمین هەنگاوی کاری موزیکیدا، سەرکەوتنی گەورە بەدەست ناهێنێ، بەڵام لەساڵی ١٨٣١، بەپێشکەشکردنی ئوپیرای (روبیرتی شەیتان) سەرکەوتنی گەورە بەدەست دێنێ: ناوەڕۆکی ئەم ئوپیرایەش، واتا بینای درامیەکەی سود وەرگرتن بووە لەچیرۆکی فولکلۆری و رومانتیکیەکان، هەروەها ئەو چیرۆکانەی راستەوخۆ پەیوەندییان بەئەسپ سواریەوە هەبووە. هەر دوای ئەم نۆبەرە سەرکەوتووە ئەمجارە بەشانۆی گۆرانی دووەم کاری سەرکەوتووی خۆی بەناوی "هیجونوت" پێشکەش دەکات: بینای هونەری ئەم کارەیش، بەهێڵی شانۆی گۆرانی ئەوروپی "واتا ئیتالی - ئەڵمانی - فەرەنسی" گرێدراوە. ئەم بەرهەمە ناوو ناوبانگێکی گەروە پەیدا دەکات، هەربۆیە، سەدان جار پێشکەش کراوە.

ساڵی ١٨٤٢، کەلەلوتکەی ناونابانگی دایە، دەبێت بە بەڕێوەبەری موزیکی (فریدریک. غیلومی چوارەم لەبەرلین، هەر لەو سەرو بەندەدا، بەئەندامی کارای ئەکادیمیای پاریس هەڵدەبژێردرێت.، ساڵی ١٨٤٩ لەپایتەختی فەرەنسادا، ئوپیرای (پێغەمبەر) پێشکەش دەکات، لەم کارەشیدا چەندین کورالاتی پرۆتستانتی کۆن، بەشێوە رەسەنەکەی جارێکیتر، لەچوارچێوەیەکی هونەری نیشانی دەدات، هەر لەشاری پاریس کۆچی دوایی دەکات، کەبەداخەوە نەیتوانی دوا بەرهەمی خۆی ببینێ کەبریتی بوو لەئوپیرای "ئەفریقا" کەزۆربەی رەخنە گرو مامۆستایانی موزیک پێیان وابوو یەکێکە لەگەورەترین بەرهەمەکانی جیاکومۆ.

بەرهەمەکانی

شانزە ئوپیرا - هەرە گرنگەکانی "روبیرتی شەیتان ١٨٣١" "هیجونوت ١٨٣٦" "پێغەمبەر ١٨٤٩" "ئەفریقا ١٨٦٥" کانتاتان. بالیە. چەندین ئاوازی جۆراوجۆر.■

laparakan.qxd 19/01/1426 08:20 ª Page 12

سەرگوزشتەی ئەشکەنجەدانی (کارزان)ی قارەمانی تێنس

ئینتەرڤیو/ئاریا جەمال

-لەدایکبووی ساڵی: ١٩٧٩
-ساڵی ١٩٩٤ لەیانەی وەرزشی سلێمانی دەستی بەیاری کردووە.
-دایکی شەهیدی کیمیابارانی هەڵەبجەیە.
-چەندین ئەنجامی کوردستانی عێراقی بەدەست هێناوە.
-خاوەنی ٥٠ تا ٦٠ یاری نێودەوڵەتیە.
-لەساڵی ١٩٩٨ تا ئێستا یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق بووە لەخەتی یەکەمی مونتەخەبی وەتەنیدایە، بەردەوامە لەوەرزش، لەیانەی وەرزشی پێشمەرگە یاری دەکات.

-دوا چالاکیش بەشداری کردووە لەئوردوگای مشق لەوڵاتی میسر لەبەرواری ٢٠٠٤/٩/١٠ دا.

چاودێر: یەکەم جار کەچویتە هەڵبژاردەی عێراق ولەسەر ئاستی عێراق یاریت کردکەی بوو.

کارزان: ساڵی ١٩٩٨ بوو هەڵبژێرام بۆ پێشکەوتوانی هەڵبژاردەی عێراق.

چاودێر: یەکەم جار کەی وەک یاریزان چویتە بەغدا بۆ لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقی.

کارزان: یەکەم جار ئەوەبوو پاڵاوتنێک کرا بۆ یاریزانە باشەکانی عێراق، کەلەوێ هەشت یاریزانیان هەڵبژێرا بۆ هەڵبژاردەی عێراق، من توانیم یەکێک لەو هەشت یاریزانە، وە دواتریش لەهەموو چالاکیەکانی هەڵبژاردەی عێراق بەشداریم کردووە، تا ساڵانی ٢٠٠١، ٢٠٠٢.

چاودێر: لەلیژنەی ئۆلۆمپی ئەوکات کێ مودەریبت بوو، کێی ترت لەلیژنەی ئۆلۆمپی.

کارزان: ساڵی ١٩٩٨ (محسن هاشم) راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق بوو کەهەر خەڵکی شاری بەغداد بوو سەرۆکی یەکێتی تۆپی سەرمێزی عێراقیش (محەمەد عەباس) بوو. لەلایەن هەردوکیانەوە هەڵبژێردرام.

چاودێر: چەند کوردیتر هەڵبژێردران.

کارزان: ئەوکاتە وەکو خەتی یەکەم کەهەڵبژێردران تەنها من بووم، لەهەڵبژاردەی لاوانی عێراق هەمان بوو (چیا نجات) خەڵکی هەولێر، (سەیفەدین)شمان هەبوو خەڵکی کەرکوک بو، ئەویش هەر لەخەتی یەکەمدا بوو کە هەڵبژێردراین.

چاودێر: هەستت نەئەکرد کەشتێکی قورسە کوردێک لەوێ لەناو ئەو هەموو عەرەبەدا ئاستێکی باشی و نەبێ دژایەتی نەکرێ، بەچاوێکی ترەوە سەیریان نەئەکردی رقیان لێت نەبوو؟.

کارزان: کێ بەرکێیان زۆر دەکردم هەستت ئەکرد کەجیاوازی تۆ ئەکرێ لەگەڵ ئەوانی تردا واتە هەمیشە ئەوە هەبووە، جیاوازی هەبو لەنێوان من و عەرەبەکاندا یان خەڵکێکی بەغداد بەتایبەتی ئەوانەی کەخەڵکی بەغدادن جیاوازی عەرەبەکانی شارەکانی تریشیان ئەکرد لەگەڵ خەڵکی بەغداد خۆیان، یەکێتی تۆپی سەر مێز هەمووی خەڵکی شاری بەغدا بوو، تەنانەت نەک جیاوازی کوردو عەرەب، بگرە جیاوازی عەرەبەکانی خۆشیان ئەکرد.

چاودێر:ئەتوانی پێم بڵێی لەلیژنەی ئۆلۆمپی کار چۆن دەڕۆیشت، کێ بڕیار بەدەست بوو.

کارزان: ئیشوکار هەمووی لەژێر دەستی (عودەی)دا بوو، ئەوەی کەباڵا دەست بوو لەلیژنەی ئۆلۆمپی ئەوکاتە نوسینگەی ئەمنی (عودەی) بوو (عودەی) خۆشی باڵا دەست بوو. بەسەر لیژنەی ئۆلۆمپیەوە.

چاودێر: تۆ (عودەی)ت ئەناسی.

کارزان: خۆم نەمبینیەوە و نەمناسیوە بەس هەرچی بڕیارەکانی لیژنەی ئۆلۆمپی بوو هەمووی لەلایەن ئەوەوە دەردەکرا.

چاودێر: ئەی چی وایکرد (عودەی) بەو رقەوە تۆ بگرێت و بتخاتە زیندانەوە، کاتێ تۆ عودەیت نەبنییوە.

کارزان: لە ١٩٩٨ هاتوچۆی بەغدادم دەکرد و لەزۆربەی پاڵەوانیەتەکاندا ئەنجامی خۆمم هەبوو، واتە چی پاڵەوانێتی عێراقی کراوەتەوە ئەنجامی خۆمم هەبووە چەند کەسێک هەبون لەیەکێتی تۆپی سەر مێزی عێراقیدا وەکو کوردێک رقیان لەمن بوو هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بوون شتێک بۆمن بدۆزنەوە و هەرچۆنێک بێت بیگەیەنە (عودەی) و ئەویش سزام بدات و دەرم بکات یان سزایەکی ترم بدات.

چاودێر: ئەتزانی سزای (عودەی) چۆنە.

کارزان: من هیچم بەچاوی خۆم نەبینی بو بەڵام ئەمان بیست، کەتیپی تۆپی پێ ئەچون بۆ دەرەوەی وڵات یاریەکان ئەدۆڕان ئەهاتنەوە زیندان ئەکران و سەریان سفر ئەکرا ئەوانەمان بیستبوو. وەکو خۆم بەچاوی خۆم بینیبێتم نەم بینیبوو، تا ئەوکاتەی کەگیرام ساڵی ٢٠٠٢ بوو.

چاودێر: ساڵی ٢٠٠٢ گیرایت ئەتوانی بەوردی هەموو بەسەرهاتی ئەوگرتنەت بگێڕیتەوە.

کارزان: مانگی شەشی ٢٠٠٢ بوو رۆشتین بۆ شاری بەغداد هەڵبژاردەی نیشتمانی مەشقمان هەبوو خۆمان ئامادە دەکرد بۆ پاڵەوانێتی عەرەب بەنیازبوین مانگی هەشت بچین بۆ ئەردەن، پاڵەوانێتیەکە لەوێ بوو خۆشبەختانە توانیم لەنێو (١٤٠) یاریکەردا هەموو یاریەکانی خۆم بەرمەوەو بچمە یاری کۆتایی بچومایەتە یاری یەکەمو دووەمی هیچ مەجالێکی تیا نەبو، ئەبوایە بیان بردمایە بۆ پاڵەوانیەتی عەرەب، بەڵام حەزیان نەئەکرد کوردێک بەشداری پاڵەوانێتی عەرەب بکات.

چاودێر: چویت.

کارزان: نەخێر ٦/٢٢ یاریەکە تەواو بوو هەرکە پاڵەوانێتیەکە تەواوبو دووەم بوم وەکو شتێک رقیان لێم بوو لەبەرئەوەی کورد بوم و نەئەچومە ژێر دەسەڵاتی ئەوانەوەو سەرم بۆ دانەئەنەواندن، ئەوەبوو کاغەزی سپیان بەتاڵیان بۆ هێنام وتیان ئیمزای بکە، وتم هی چییە وتیان هی خەڵاتە وتم وەرەقەی بەتاڵ ئمیزا ناکەم بەڵکو ئەوە چەندەها شتی تری تیا بێت، نەم ئەزانی چ مەبەستێکیان هەیە ئیتر ئەوەبوو تا من گەڕامەوە بۆ سلێمانی و وتیان بڕۆرەوە بۆ سلێمانی و وەرەوە و مەشقمان بەردەوام ئەبێ و ئیترتۆ مانگی هەشت سەفەرئەکەی بۆ ئەردەن، من گەڕامەوە بۆ سلێمانی و دواتر چومەوە بەغداد بۆ مەشق، لەم ماوەیەدا راپۆرتێکیان نوسی بو بۆ (عودەی) بەحساب من قسەم وتوە بەلیژنەی ئۆلۆمپی عێراقی و بەسەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کە (عودەی) بوو، لە ٢٠٠٢/٧/٦دا، لەشوێنی حەوانەوەی خۆمان کەبۆمان دابین کرابو لەلایەن لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقەوە، لەوێ بووم، سەعات ٤یەعەسر بوو نوستبووم لەوشوێنەی ئێمە (زابت ئەمنی) تیا بو کەپاسەوانی بیناکە بوو ئەو بینایە (دار الریاضي) بوو تایبەت بو بۆ لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقی، فەراشی لێبوو هاتە سەرەوە لەخەوەهەڵی ساندم، وتی ئەو دووکەسە لەلیژنەی ئۆلۆمپییەوە هاتون بەدواتا، کەهاتمە خوارەوە نەمئەناسین وتیان تۆ کارزانیت وتم بەڵێ وتیان، تۆ سەفەری ئەردەنت هەیە هاتوین بۆ ئەوەمەبەستە لەلیژنەی ئۆلۆمپی یەک ئیمزامان بۆ بکە، وتم با خۆم بگۆڕم وتیان نەء.

ئەوکاتە دووسێ برادەری خۆم لەگەڵ بوو لەژوورەکە وتم شتێکی وا هەیە من ئەچم بۆ لیژنەی ئۆلۆمپی هاتون بەشوێنما.

چاودێر: لەویا هەستت بەهیچ شتێکیتر نەکرد لەئەم هاتنەیان مەبەستی تری تیا بێت.

کارزان: هەستم پێکرد چونکە یەکێتی تۆپی سەرمێزی عێراق سکرتێرەکەی و سەرۆکەکەی زۆر رقەبەرایەتیان ئەکردم من دڵنیا بووم لەوەی کەشکاتیشیان لێم کردووە، بەس من قەد بڕوام نەئەکرد کەبم گرن و زیندانم بکەن.

چاودێر: چۆن بردیانی بۆ لیژنەی ئۆلۆمپی.

کارزان: کرۆلایەکی سوریان پێبوو، هەر لەناو کرۆلاکە دەست و چاویان بەستەمەوە وتیان بەهیچ شێوەیەک نابێ قسە بکەیت.

چاودێر: بیستبوت هیچ یاریزانێکی تریان بردبێت بۆ لیژنەی ئۆلۆمپی بەدەست و چاو بەستراوەیی

کارزان: وەکو یاریزانەکانی تۆپی سەرمێز یەکەم یاریزان بوم کەئەوەم لەگەڵ کرابێت، یەکەم زیندانی بوم کەیاریزانی تۆپی سەرمێز بم بەڵام لەیاریەکانی ترا هەبوە لەتۆپی پێدا زۆر بوە.

چاودێر: هەر بەو شێوەیە بردویانن بۆ لیژنەی ئۆلۆمپی.

کارزان: زیاتر ئەوان یەکسەر نایانبەنە لیژنەی ئۆلۆمپی بەڵام کیتاب و هەموو شتێکیان حازر ئەکەن و هەر لەو شوێنە ئەیان گرن و ئەیان بەن بۆ زیندان، بەڵام منیان برد بۆ لیژنەی ئۆلۆمپی، بردیانمە قاتی یەکی لیژنەی ئۆلۆمپی ئەوکاتە (مەکتەب ئەمنی) لەقاتی یەک دا بوو.

چاودێر: کێ لەمەکتەبەکە بوو.

کارزان: بەرپرسی (مەکتەبی ئەمنی) لەژوورەوە بوو لای سکرتێرەکەی دایان نامو پێنج دەقەی پێچوو هاتە دەرەوەو (زابتێکی ئەمنیان) هاتە دەرەوەو کتابێکی بەدەستەوە بوو.

چاودێر: ئەزانی ئەو زابتەکێ بوو.

کارزان: بەناو نایناسم بەڵام دڵنیابوم ئەمانە مەکتەب ئەمن و زابتێکە لەمەکتەب ئەمن.

چاودێر: باشە ئەو (مەکتەب ئەمنە) ئیشی چی بوو لەناو لیژنەی ئۆلۆپیدا.

کارزان: ئەو مەکتەب ئەمنە، هەموو ئیش و کارە ئەمنیەکان لای ئەو مەکتەبەیە ئاسایشی گۆڕەپانەکان و ئاسایشی وەرزشیەکان لەسەربوو بەڵام ئەو (مەکتەب ئەمنە) زیاتر وای لێهاتبوو بەکارئەهێنرا بۆ ترساندنی یاریزانان و سزادانی یاریزانان و واتە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق وای لێهات بوو کەزابت ئەمنێکی ئەبینی سڵی لێئەکردەوەو لێی ئەترسا.

چاودێر: تۆ برایتەوە (مەکتەب ئەمنی) لەوێ کتابیان بۆکردی؟

کارزان: لەوێ (زابت ئەمنەکە) هاتە دەرەوەو وتی پێشم کەوەو بردیانمە ناو سەیارەکە بەهەمان شێوە دەست و چاویان بەستمەوەو خستمیانەوە ناو کرۆلایەکی سور هەر ١٠ دەقە تا ١٥ دەقە رۆیشت و دیار بوو کەلەشوێنێک دەرگایان بۆ کرایەوەو رۆیشتنە ناو بنیایەک دەست و چاویان کردمەوەو تەنها دیوارم لێدیارەو بینایەکی گەورەیە.

چاودێر: لەو ماوەیەی کە لەلیژنەی ئۆلۆمپییەوە برایت تا ئەو شوێنە هیچ لێیان دایت.

کارزان: هیچ لێیان نەدام بەس وتیان هیچ پرسیار مەکە تا بردیانمە ژوورەوە چاو دەستیان کردمەوە لەناو ژورەکەدا.

چاودێر: ئەتزانی ئەو شوێنە کوێ بوو.

کارزان: (ریاسەی فیدایی سەدام) بوو سەرپەرشتیارەکەی (عودەی بوو)، بردیانمە ژورێکەوە عەقیدێک دانیشتبو کتابەکەیان دایە دەستی و سەیری کردو وتی تۆ کارزانیت وتم بەڵێ ئیتر پاسەوانەکەی بانگ کردو وتی ببە بۆ زیندان.

چاودێر: تۆ هیچ قسەت نەکرد.

کارزان: هیچ قسەم نەکرد هاتمە دەرەوەو زابتەکانی (مەکتەب ئەمنی) لیژنەی ئۆلۆمپی وتم لەسەرچی بوە وتیان هیچ پرسیارێک مەکەو بەپاسەوانەکەی وت ببە، پاسەوانەکە بردمی بۆ ناو زیندان هەر لەناو بیناکەدا دەرگایەکی گەورەی تری تیابو چوینە ژوورەوەو دیار بوو هۆڵی گەورە هەبوو لەوبەر سجنی تیابوو، هەموی سجن بوو.

چاودێر: ئەو بینایە زیندانی زۆری تیا بوو.

کارزان: بەڵێ.

چاودێر: ئەی پاشتر؟

کارزان: یەکسەر جلەکانیان لێوەرگرتم و بەدلەیەکی زیندانیان دامی کە بەدلەیەکی زەرد بوو یەکسەر سەریان سفر کردم و، بردیانمە ژوورەوە.

چاودێر: ژوورەکەکێی تیا بوو؟.

کارزان: ئەو زیندانە تایبەت بوو بە (عودەی)، ئەوانەی کە (عودەی) سزای ئەدان و ئەوانەی کە (عودەی) ئەیگرتن لەوێ بوون ئەوانەی لێرە بوون بەبڕیاری هیچ کەسێکی تر نەئەگیران تەنها بەبڕیاری ئەو نەبێ، تەنها یەک یاریزانی شەقی لێبوو کەمن چوم، بەڵام پێشتر لە (مەکتەب ئامانات) رەقەمێکیشیان دامێ وتیان رەقەمەکەت (٥٦٥) و ناوت هیچ نییە نە لەسجندا قسە لەگەڵ کەس ناکەیت و نەئەڵێی ناوم ئەوەیەو نەئەڵێی یاریزانمو نەهیچ ئەڵێی، نابێ بەهیچ شێوەیەک قسە لەگەڵ کەس دا بکەیت کەوتمان (٥٦٥) ئەوا تۆیت یەکسەر دێیتە دەرەوە، منیان کردە ژوورەوە نزیکەی یانزە زیندانی تیا بوو، هۆڵەکە گەورە نەبوو هۆڵێکی بچوک بوو (١١) کەس تیا بوو منی دانا لەژوورەوەو پاسەوانەکە کەرۆیشتە دەرەوە زیندانەکان هاتن بۆ لامو وتیان چییە، من نەمتوانی قسە بکەم ئەوکاتە چونکە وتوبویان نابێ قسە بکەیت وتم لەوە ئەچێ خۆیان بن هەرچەن پرسیاریان لێ کردم و وەڵامم نەدایەوە، تا چەند سەعاتێ دوای ئەوەش هەر قسەم نەئەکرد کەزیندانەکانی ترم بینی قسەیان ئەکرد لەگەڵ یەکتریا منیش وتم لەوەئەچێ ئاسایی بێ، ئەمانەش زیندانین بۆ قسە ئەکەن لەگەڵ یەکتردا دیارە شتەکە وانییە ئەیانەوێ بترسێنن، دوای ئەو چەند سەعاتە کەوتمە قسەکردن ترسم شکا تەعارفم کرد لەگەڵ زۆربەی زیندانەکان وتم ئەمە کوێیەو وتیان ئەمە (ریاسەی فیدایی سەدام)ە ئێوە لەسەرچی گیراون، هەریەکە لەسەر شتێکی خۆی گیرا بوو، سێ زیندانیمان لەگەڵدا بوو کەیەکیان خۆشەویسترین پاسەوانی (عودەی) بوو کاتێ (عودەی) تەقەی لێئەکرێ ئەم رزگاری



ئەکات ناوی (عەلی) بوو، (سەدام) لەخۆشەویستی ئەوەی کە (عودەی) زووگەیاندوەتە خەستەخانە ناوی نابو (سید المنقض) واتا گەورەی رزگارکەران ئەم لە(قەصرا) خانوی بۆ کردبو لە(قەصرا) ئەژیا لەگەڵ خۆیان ئەمەی کەلەگەڵ منداگیرابو ناوی(عەلی)بووبرایەکی تری هەبوو ناوی (محەمەد) بو خوشکەزایەکیشیان گیرا بوو لەگەڵیان هەر ناوی (محەمەد) بوو ئەمان حوکمی اعدامیان هەبوو هەرسێکیان بەتۆمەتی ئەوە گیرابون کەیەکێ خەبەری بردوە بۆ (عودەی) هەر لەحیمایەکانی خۆیان چەند حیمایەی هەبووە (عودەی) هەمویان جاسوس بون بەسەر یەکەوە.■

REPUBLIC OF IRAQ
IRAQ NATIONAL OLYMPIC COMMITTEE
Iraq - Baghdad - Palastine. P.O.Box:441
Tlx.: 213409-L.J.c lk
Tel.: 7748261 - Fax.:00964-1 7728424 - 8854321
E.Mail. : INOC @ uruklink . Net

جمهورية العراق
اللجنة الاولمبية الوطنية العراقية
العراق - بغداد - شارع فلسطين - ص.ب ٤٤١
تلكس: ٢١٣٤٠٩ - برقيا: اروك
هاتف: ٧٧٤٨٢٦١ - فاكس: ٠٠٩٦٤١ - ٧٧٢٨٤٢٤ - ٨٨٥٤٣٢١
البريد الالكتروني: ٨٨٥٥٩٠٠ - ٨٨٥٤٥٩

بسم الله الرحمن الرحيم

العدد: ت ٦٢٧٤
التاريخ: ٢٠٠٤/٨/٧

الأمانة العامة

إلى / الاتحاد العراقي المركزي لكرة الطاولة
م/ أمـــــر

تحية طيبة :-

أمـــر الأستـــاذ الفاضـــل الدكتور عدي صدام حسين المحتـــرم
رئيس اللجنة الأولمبية الوطنية العراقية على مايلي:-
١.طرد اللاعب كرزان محمد أ.يف لاعب كرة الطاولة من الرياضة نهائيا".
٢.طرد الموظف أيهاب سهام عضو اتحاد الطاولة من الرياضة نهائيا".
للاطلاع واتخاذ ما يلزم لتنفيذ أمر سيادته مع التقدير ..

د.ساهر برهان الدين
الأمين العام المساعد

نسخة منه إلى:
الأمانة العامة / مع الأوليات .
مكتب امن اللجنة / للتفضل بالاطلاع . مع التقدير .
الحسابات /لأجراء اللازم مع التقدير .
التدقيق / لأجراء اللازم مع التقدير .
الإدارة / لأجراء اللازم واستلام هوية اللعبة الأولمبية . مع التقدير .

لیۆن بەردەوام پێشەنگە

هامان نیگارانا لە گەڕانەوەی بۆ لیفەرپول

ئیتۆ باشترین یاریزانی ئەفریقا بۆ ساڵی ٢٠٠٤

ÇAWDER

Political, educational, social weekly press ..kurdistan iraq

No.: (18) 28-2-2005

THE OBSERVER

www.madaniat.org
info_chawder@yahoo.com

سلێمانی – شەقامی سالم
مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان
تەلەفۆن: ٣١٤٠٤١٦ – ٣١٢٧١٢٠

نرخی: (٢٥٠) دینارە

خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری
بەرپرس: مەلا بەختیار
ستافی کارا:
سامی هادی، جەمال حوسێن
نەخشەسازی: جەلیل حسێن
ئینتەرنێت: سۆران عەبدوڵڵا
پیتچنین: سۆران بورهان؛
تەها حەمە نوری؛ ئیبراهیم حسێن

تابووری شەشەم
شەریک شعور

دەرناچێ

□ طەبعەن دەرناچێ.. تەلەبەی ئەم زەمانە مامۆستای تایبەتی بۆ نەگیرێ چۆن دەرئەچێ؟!. دەرناچێیەکی تریشمان لە نادی هینەوە بۆ هاتووەو ئەڵێ ئەگەر ئاشنایەتیت لەگەڵ کابرای موتەعەهیدا نەبێت دومبەڵەکەت بۆ دەرناچێ. ئیحتیمالیشە مەبەست لەم دەرناچێیە ئەوە بێت کە جەنابت بەدەم دالغەی نەوتو کارەباوە تەشریفت بردبێتە کۆڵانێکی تەسکەوانیو لەپڕ گوێت لە ژنێک بێ بڵێ بۆ کوێ ئەڕۆی کوڕی خۆم، ئەم کۆڵانە دەرناچێ. یان لەوانەیە دڵخۆشیی دانەوەیەک بێت لە تەرەف برادەرێکی خاوەن ئەزموونەوەو عەرزت بکات بڵێ خەفەت بەو فەحسو تەحلیلانە مەخۆ، بەخوا نەتیجەی هیچ موختەبەرێکی ئێرە راست دەرناچێ. یاخود ئیحتیمالە دڵەڕاوکێی تازە پیاکەوتوویەکی ئەم دەورو زەمانە بێتو بڵێ بەقورعان ئەمجارەیان کەمینەکە زۆر توندو تۆڵە، بارە قاچاخەکەم بۆ دەرناچێ. بەعزە لێکدانەوەیەکی ناو چەلەحانیو مێزگردەکانی تەلەفزیۆنیش نسیبی کەوتۆتە ئەم باسەوانیو لە ئەغلەبی جارا تەماشا ئەکەی قسەکەی ئەوان دەرناچێ. هیچ بە دووریشی مەزانن ئەم دەرناچێیە عیلاقەی بە تەصەورەکانی ئەمریکاوە بێت کە ئەڵێت سەد ساڵی تریش بێت ئەو زەرقاوییە بە سەلامەتی لە عێراقا دەرناچێ. بە بۆچوونی دەڵاڵەکانی زەویو خانووش مەبەست لەم دەرناچێیە ئەو کرێچییە قیرسچمەیەیە کە ئەگەر سی چل هەزار دینار سەرانەشی بەیتێ هەر دەرناچێ لە خانووەکەتا. دەرناچێ لە جیهانی پزیشکیشدا بەکارهێنانی زۆری هەیەو هەرە ترسناکەکەیان ئەوەیە بە چرپە پێت بڵێ مەهێڵە نەخۆشەکەت بەنج بکەن، بە قورعان لەژێر عەمەلیاتا دەرناچێ. و ئەخیر نەوعی دەرناچێش کە من سەرم لێی دەرناچێ ئەڵێت کورد لەبەردەم ئیمتیحانێکی قورسایەو دوژمنەکانی پێیان وایە تیایا دەرناچێو دانیشن بەخێر.■

(میلکوفیتش) ڕۆڵی کەسایەتی (کلیما)ی نیگارکێش رایی دەکات

□ ئەکتەری بەناوبانگی ئەمریکی (جون میلکوفیتش) لەفیلمێکی نوێدا، ڕۆڵی کەسایەتی نیگارکێشی نەمساوی (گۆستاف کلیما) بەرجەستە دەکات. ئەم فیلمە نوێیە رووداوەکانی ٢٠ ساڵی پێش کۆتایی تەمەنی ئەو هونەرمەندە نوێخوازەی وڵات نەمسا باس لێوە دەکاتو گەورە دەرهێنەری وڵاتی شیللی (راول روبز)، کاری دەرهێنانی لەئەستۆ گرتووەو بریارە لە ڤیینا وێنە بگیرێت، سەبارەت بەو کارە نوێیەی (میلکوفیتش) دەڵێت: من شارەزایی باشم لەبواری وێنەکێشاندا نییەو ئاشنایەتی تەواویشم سەبارەت بەو هونەرمەندە گەورەیە نییە، بەڵام تاکە شتێک کەدەتوانم پەی پێ بەرم، ئەوەیە کە ئەندێشەم دەمبات بەرەو ئاشنا بوون بەسنورەکانی چۆنیەتی دنیا بینی (کلیما) سەبارەت بەو بوارە هونەرییە ناسکە. میلکوفیتش، تەمەنی (٥١) ساڵەو هەڵبژێردراوە بۆ خەڵاتی ئۆسکارو لەسەرووی لیستی ئەو ئەکتەرانەوەیە کەبەشداری ئەو فیلمە دەکەن. دەرهێنەری ئەو فیلمە نوێیە، بەهۆی ئەوەی کە لێکچوونێکی تەواوی بینیوە لەنێوان (کلیما)و (میلکوفیتش)دا، بۆیە هەڵیبژاردووە بۆ ڕۆڵ بینین لەو کارە سینەماییەدا..■

هەڵوێست

کچان لەتەمەنی (٣٠) ساڵییەوە چاکتر بەرەو رووی ژیان دەچن

کامۆ

وەک بەرپەرچدانەوەی ئەو بۆچوونەی کەپێی وایە کچان لەتەمەنی (٢٠) ساڵییەوە باشتر بەرەو رووی ژیان دەچنو بەماوەی چێژی راستەقینەی ژیان دادەنێت. چەند زانایەکی ئەمریکی بواری دەروناسی لەباسێکدا جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کەکچان لەتەمەنی (٣٠) ساڵییەوە چاکتر بەرەو رووی ژیان دەچنو چێژ بەخشترین ماوەی ژیانیان دەست پێدەکات، ئەو زانا دەروناسانە لەچوارچێوەی باسەکەیان کەلەسەر (تەندروستی ژنان) ئامادەیان کرد، دەڵێن: ئارەزووی چێژوەرگرتن لەژیان هیواو ئامانجی هەموو مرۆڤێکەو هەوڵی بەدەست هێنانی بۆ دەدرێت.. بەڵام ئەم حاڵەتە لای کچان بەتەواوی لەتەمەنێکی دیاریکراودا لەتەمەنی (٣٠) ساڵییەوە هەستی پێ دەکرێتو لەدوای ئەو تەمەنەوە ساڵ بەساڵ زیاتر بەرەو رووی ژیان دەچن، تاتەمەنی (٤٠) ساڵیو ئەو هەوڵە تیایاندا هێدی هێدی کەم دەبێتەوەو سەرەتای هەست کردن بەبێزاری تیایاندا سەرهەڵدەدات، بەڵام لای پیاوان ئەو ماوەیەی تەمەن هەست کردنیان بەچێژی ژیان زیاتر دەکات.■

ئینجانە بەتاڵەکان

خوێندنەوەی حەمە هاشم



□ لەکەشێکی پڕلە نیگەرانیو ماتدا، کۆمەڵێ ئینجانەی بەتاڵ.. بەڕیزو لەڕوانگەیەکی زانستیدا دانراون، لەخوارەوەش پاشماوەی چەندین قەوانی فیشەک، کەگوزارشتە لە دوا جەنگەکانی کەدووچاری مرۆڤایەتی دەبێتەوە.. دەبینرێت.
ئەم بەرهەمە هونەرییە گوزارشت ئامێزە، یەکێکە لە کارەکانی هونەرمەند (قەرەنی جەمیل).. لەم کارەدا هونەرمەند دەیەوێت لەڕێگای پاشماوەی قەوان وکۆنە پەڕۆی قوماش وچیلکەدارو کۆمەڵێ ماتڕیالی دیکە، بەتەنیشت رەنگی رۆنی تەکنیکی کارەکەیمان پێببناسێنێتو پەیوەندییەکی پتەومان پێببەخشێ لەنێوان ماتڕیالەکانو دەربڕینەکان،.. هەروەها لکاندنو هاوسێ کردنی ئەم کەرەستانە لەهاوسەنگیەکی ئیستاتیکیدا کە لە تەکنیکەکەیدا هێزێک بەخۆی رەوا دەبینێ..
ئەم بەرهەمە کە لە قەوارەیەکی گەورەدایەو نزیکەی ١.٣٠ سم × ١.٣٠ سم دەبێت، تەباییەکی تۆکمە دروست بووە لەنێو رایەڵە سەرەکیەکانی رەنگی (قاوەیی)، کە بەشێوەیەکی سەرەکی خۆی سەپاندووە، بەسەر فۆرمەکەداو لەهەندێ لادا بەقورساییەکی تۆخو لەهەندێ لا تێکەڵ بەزەردو سپی بەکاڵی خۆیان دەنوێنن، کە لەهەر پانتاییەکیشدا گوزارشتێک دەردەبڕن، کۆمەڵێ ئینجانەی بەتاڵی بێ گوڵمان نیشان دەدات، کە دەربڕی ئاستە تەمەو مژاویەکانی دوای سەربڕینی گوڵەکانو داڕوخانی خۆزگە سەوزەکانی ژیانە.. ئەو خۆزگانەی کە بۆ مرۆڤ ئایندەو خولیاو بەختەوەریەکانی تێدا چرۆ دەکات.■

خۆشەویستیو منداڵ خستنەوە، لەسیفەتەکانی رۆبۆتێکی تازەن

□ یەکێک لەپسپۆرەکانی دروست کردنی رۆبۆت (مرۆڤی ئالی) لەوڵاتی کۆریای باشور توانی تازەترینو سەیرترین رۆبۆت دروست بکات کە سەرباری ئەوەی توانای جوڵەو رۆیشتنو گفتوگۆکردنی هەیە، دەشکەوێتە پەیوەندی خۆشەویستییەوەو منداڵیش دەخاتەوە. ئەو زانا پسپۆرە کەناوی (کیم جونغ هوان)ە، لەو داهێنانە تازەیەدا توانی زنجیرەیەک لە (کرۆمۆسۆم)ەکان بەرەو پێش بەرێت کەوا لەرۆبۆتەکان دەکات هەست کردن تیایدا دروست ببێت سەبارەت بەخۆشەویستیو ئارەزووی سۆزداریو دروست بوونی مادەی زیندوو (تۆوی مرۆیی) هەتا توانای منداڵ خستنەوەش.
د. جونغهوان، دەڵێت ئەم داهێنانە سەر لەنوێ پێناسەی (رەگەزی گریمانەکراو) یان (بونەورێکی خەیاڵی) دەهێنێتەوە کایە. ئەویش بەدابەزاندنی پرۆگرامێکی کۆمپیوتەری کەلەسەر عەقڵی سەرەکی مرۆڤە ئالییەکە جێگیر دەکرێتو توانای هەست کردنو پەی بردنو هۆکارەکانو لۆژیکو ئارەزووی سۆزداری تیا بەرجەستە دەکات. ئەم داهێنراوە تازەیە پێشکەوتوو ترین بونەوەرە دروست کراوەکان گوزارشتی لێدەکرێ.
پسپۆرەکان دەڵێن: جەوهەری ئەو رۆبۆتە تازەیە بریتیەلە شفرەیەکی کۆمپیوتەری کەلەسەر کۆپیەکی هاوتا لەزنجیرەیەکی ترشەڵۆکی ناوکی پێکهاتەی مرۆیی (دی. ئێن. ئەی) دروستکراوە، کەهەڵگری مادەی جین (بۆماوەییە لە بری دوو زنجیرەی حەلەزۆنی ئەو ترشەڵۆکە لەکرۆمۆسۆمی مرۆڤی راستەقینەدا).■

میترا

فیلمێکی دۆکیومێنتاری لەسەر تاوانەکانی سەدام



□ وابڕیارە لەمانگی سێپتەمبەری ئەمساڵدا فیلمی (گۆڕە بەکۆمەڵەکان) کە فیلمێکی دۆکیومێنتاریەو باس لەتاوانەکانی سەردەمی ڕژێمی سەدام دەکات لەعێراق... بەشداری بکات لەفێستیڤاڵی نێو نەتەوەیی فیلمی دۆکیومێنتاری لەشاری سیئۆل لەکۆریا. ئەم فیلمە پرۆژەکشنێکی نوێی دەرهێنەری کورد (جانۆ ڕۆژبەیانی)یە... جانۆ فیلمسازێکی لێهاتووی کوردەو زۆربەی کارەکانی لەچوارچێوەی خزمەتکردنی کولتووری کوردیدایە بۆ ناساندنی بەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەرێگەی ماس میدیاوە.■

دانیار

ماڵپەڕی مەدەنیەت سەرچاوەیەکی دیالۆگی ئازادو دەنگوباسی ڕێکخراوە دیموکراتیو مەدەنیەکانە